






# یادی ٤٥ ساڵەی شۆڕەسواری ڕێگای ئازادی و رزگاری کورد

# شەهید مەلا ئاوارە

خەرمانانی ٢٧١٣ | ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی | سیپتامبری ٢٠١٣






# ناوڕۆک


١- زایەڵەی هاوارێک، مانای ڕاپەڕینێک، ئاکامی غەدرێک! ................. هەیاس کاردۆ ................٣

٢- کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید مەلا ئاوارە (ئەحمەد شلماشی)......... ئامادە کردنی رحمان نەقشی ................... ٥

٣-ڕێگای مەلا ئاوارە ، ڕێگای کوردی هەژارە ................ ڕۆژنامەی کوردستان ................ ٦

٤- یادێک لە شەهید ئاوارەی هەستیار و شۆڕشگێڕ ................. نووسینی : مستەفا شلماشی ........................ ٨

٥- بەشێک لە دێمانە سەلاح سالار لە گەڵ مەلا محەممەدی شلماشی ............................... ١٠

٦- بەیادی مامۆستای تێکۆشەر مەلا ئاوارەی نەمر .............. ئەحمەد مەکلاوەیی .............................. ١١

٧- دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە .............. دیمانە: شلێر حەسەنپوور ..........١٣

٨- دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شلماشی یەکێک لە تێکۆشەران و برای شەهید مەلا ئاوارە ......گیارەنگ ...........١٧

٩- یادی یاران (١) ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەدی شلماشی (مەلا ئاوارە) دا ............. نووسینی : حەمە رەسووڵ حەسەن پوور..................٢١

١٠- وتوویژی لە گەڵ بەرێز کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی،یەکێک لە پێشمەرگەکان و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە ...ئامادەکردنی شلێرحەسەنپوور ........٤٣

١١- وتوویژ لەگەڵ بەرێز حاجی حوسێن حەدداد، یەکێک لەتێکۆشەرانی دێرینی حدک و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە .......... گیارەنگ ......... ٤٨

١٢- بەڕێوە بردنی ڕاسپەردەیێکی گرینگ لە گەرمین و گەرانەوە بۆ لای ئاوارە .............. نووسینی: نەبەز عەلی دوست ................٥٢

١٣- وتوویژ لە گەڵ بەرێز کاک سەعید کوێستانی (کاوە) سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی ............ ماڵپەری گیارەنگ ............٥٣

١٤- وتوویژ لەگەڵ بەرێز مامۆستا خالەق حەفیدی هاورێی نێزیکی شەهید مەلا ئاوارە ........................ گیارەنگ ..................... ٥٥

١٥- وتووێژێک لە گەڵ مامۆستا مەلا عەزیز سەبارەت بە مامۆستای نەمر شەهید ئاوارە .............. زاهید شاعیری شلماشی ................ ٥٩

١٦- کورتەیەک لە سەر شەهید مەلا ئاوارە ......................... ئامادە کردنی رەحمان خالید نژاد .............................٦٢

١٧- بۆ مامۆستای شەهید مەلا ئاوارەی نەمر ................. زاهید شاعیری .......................................٦٣

١٨- وەسفی سەردەشت ......................... مامۆستا غەفوور دەباغی ............................. ٦٦

١٩- هەڵبەستێک بۆ شەهید مەلا ئاوارە ................. نووسینی: خالید حیسامی (هێدی) ..........................٦٧






# زایەڵەی هاوارێک، مانای ڕاپەڕینێک، ئاکامی غەدرێک!



هەیاس کاردۆ

*" ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لە دڵم دا وەک ئەستێرە*
*خوشی و ئەوینی لە من دا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟"*
*(شیعری: سنیە صالح، وەرگێڕانی هەیاس کاردۆ)*

ئارامیی دەریا جوانە، بەڵام دەریای بێ شەپۆل هەیبەتی نییە. ئاسمانی ساو دڵگوشایە، بەڵام شریخەی هەورە برووسکە و هاتنە خواری فرمێسکە بە گوڕەکانیەتی کە بێدەنگی دەشکێنێ و جموجۆڵ ساز دەکا. دەشتی ساف و بێ سنوور پیاسەی لێ خۆشە، بەڵام ئەوە کێو و تەلان، کەند و لەند و هەوراز و نشێوە کە تین و تاقەت زیاد دەکا و لەش چالاکتر ڕادەگرێ. ڕووباری ئارام و مەند هەرچەند ڕەنگێکی جوانی هەیە و سوکنایی هێنەرە، بەڵام چۆم بە کەف هەڵخڕاندن و هاش و هووشەکەیەوە مانا دەدا و ئوبووهەتی خۆی دەنوێنێ.

وەک چۆن تامی ژیان بۆ خەڵک جیاوازە، ماناکانیشی لای ئەوان فەرقیان هەیە. بەشێک، هەموو ڕۆژێ دەمرن بۆ وەی ژیانی ڕواڵەتیی خۆیان ڕاگرن. بەڵام ژمارەیەک مردن دەکەنە بەڵگەی چۆنیەتیی ژیان و منەت هەڵ ناگرن. هێندێک ژیانیان بۆ سەربەردانەوە دەوێ، کەچی ژمارەیەک بە سەری بەرزیان سەر بە ژیان دادەخەن. کەسانێک مانەوە لەنێو ئاوی مەند و چەقبەستوو دەکەنە فەلسەفەی ژیان، لە کاتێک دا خەڵکانێک پێیان خۆشە دەریای ڕووح و ڕووباری لەشیان شەپۆلان بدەن و قەت بۆ تاقە ساتێک نەوەستن. بەشێک وا بە قازانج دەزانن ڕایەڵی تەونی بیر و مێشکیان بدەنە خەڵکی دیکە هەتا بە کەیفی خۆیان بۆیان بادەن، کەچی خەڵکانێک کلیلی قفڵی بیریان وە کەس نادەن و تەنیا خۆیان دەزانن چۆنی بەکار دێنن.

ئەوانەی 45 ساڵ پێش ئێستا بزووتنەوەی سەربەرزانەییان وەڕێ خست و گۆمی مەندی ئێرانیان شڵەژاند، لەڕاستی دا ئەو دڵە جەسوور و بیرە تیژ و لەشە بەهێزانە بوون کە تەنیا مەرگ دەی توانی ڕایان وەستێنێ. ئەوان زایەڵەی هاوارێک بوون خەریک بوو بخنکێندرێ. ئەوان مانای ڕاپەڕینێک بوون خەریک بوو سەر ببڕدرێ. ئەوان بڕیاری گەلێک بوون غەدری لێ دەکرا.

بە هەر پێوانەیەک بیگرین و لەهەر دەربیجەیەکەوە چاو لە پێکهێنەرانی بزووتنەوە سەربەرزانەکەی ٤٦ ، ٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین ناتوانین هەیبەتی جوامێرانە و ڕووحی خۆڕاگری و بڕیاری کوردانەی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە لەبەر چاو نەگرن. ئەوان ڕابوون بۆ ئەوەی شەق لە ترس هەڵدەن و تابووی "نەتوانین" بشکێن. ئەوان لووتکەی بەرزی چیایان بۆ ژیان هەڵبژارد چونکە لەنزمایی بۆنیان دەگرت و لێی وەڕەز بوون. ئەوان شەقیان لەملکەچی هەڵدا و "سەربزێو"ییان کردە پیشە. ئەوان دەستیان بە خەبات کرد چونکە خەریک بوو ملیان بە داوی باریکی غەدر ببڕدرێ. ئەوان ویستیان بە دەنگی بەسامی چەکەکانیان خەڵکی لەخەوی زستانی هەستێنن و بێدەنگیی شەو بشکێنن.

کەسێک برسی بێ قەت بۆ تامی خۆش و پڕ ویتامینی خواردن ناگەڕێ، ئەو دەفکری تێر کردنی زگی دایە. ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەی بەردەوامی جەستەیی دایە بیر لەتاریک یان ڕووناک بوونی ژووری مانەوەی ناکاتەوە، ئەو دەفکری کەمکردنەوەی ئازارەکانی دایە. فرمێسک تەنیا ئەو کاتە دێتە خوار کە دڵ هەڵ دەقرچێ. بزەش ئەو کاتە خۆی وەدیار دەدا کە گوڵی دڵ شکۆفە دەکا. مەگەر کەسانی لە ژیان وەڕەزە یان مالیخولیا، دەنا کەس پێی خۆش نییە خوێنی بڕژێ یان خوێن بڕێژێ. ژیان هێندە خۆشە کەس پێی خۆش نییە بە ئاسانی بەجێی بێڵێ. مادام وایە دەبێ پەی بەو ڕاستییە بەرین ئەوانەی دەستیان بۆ خەباتی چەکدارانەی ٤٧،٤٦ برد و چوونە نێو سەنگەری بەرگرییەوە دەبێ چەندە کەوتبنە نێو تەنگەژەی ژیانەوە.

سەرکەوتن یان شکست، دروستی یان هەڵە بوونی خەبات یان کردەوەیەک دەر ناخا. دەکرێ زۆر خەباتی ڕەوا و کردەوەی دروست بە ئاکام نەگەن و شکست بخۆن. پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە. واتە دەکرێ - دیتراویشە - گەلێک هەوڵی نابەجێ و کردەوەی ناردوست بە ئاکام بگەن و سەرکەون. کۆمەڵگای ئێمە دەوە دا بەداخەوە کێشەی هەیە. یانی کاتێک ڕێز و خۆشەویستیی خۆمان بۆ خەباتێک یان هەوڵێک دەر دەبڕین کە سەرکەوتن وەدەست بێنی ئەگینا دەکەوینە پاشملە کوتانی. ئێمە کەمتر بیر و فەلسەفەی گەلاڵە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی خەبات دەخوێنینەوە، زیاتر ئاکامی هەوڵەکانیان چاو لێ دەکەین.

فیدڵ کاسترۆ و هاوڕێیانی لە کووبا خەباتێکی چەکدارانەیان وەڕێ خست و لە ماوەیەکی نە زۆر درێژدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیان گۆڕی. سولەیمانی موعینی و دۆستانی بەهەمان سەبک و لەسەر هەمان نەزم بەڵام بۆ ئامانجی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی چەکدارانەیان وەڕێ خست و دوای ماوەیەک خۆڕاگری و قارەمانەتی نواندن شکستیان خوارد و بەشی زۆریان شەهید بوون. ئەگەر کاسترۆ و چێ گوارا بوونە ڕەمزی ژیانی سەربەرزانە و بۆ هەتا هەتایە ناو و یادیان مایەوە، جێی پرسیارە بۆ نابێ موعینی و شەیفزادە و ئەوانەی خۆمان ئاوا بن؟ ئایا دەکرێ بڵێین ڕێگای ئەوان دروست بوو بەڵام هی ئەمان هەڵە؟ داخوا دروستە ئەوان بە ئازا و چاونەترس و پێشڕەو ناو بەرین و ئەمان بە ترسەنۆک و خوێڕی و دواکەتوو؟ ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ فەلسەفەی ژیان و خەبات ئەوە بێ کە فیداکاری لە






پێناو ئازادی دا قارەمانەتییە، ئیدی چاو لە ئاکامی خەباتی ئەوانە ناکەین. لە دەستپێکی کارەکەیان دەڕوانین و لە پشت سەریان ڕادەوەستین. ئەگەر سەرکەوتن خەنی لەخۆیان و شانازیی هەتا هەتاییان پێ دەبڕێ. ئەگەر شکستیان خوارد و شەهید بوون دەبنە ڕەمزی بەردەوامیی خەباتمان و خوێنیان دەبێتە ڕوون کەرەوەی ڕێگامان.

بە هەموو پێوەرێک خەباتی چەکدارانەی ٤٦، ٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتێکی ڕەوا، ئامانجدار، خەڵکی، بە پرەنسیپ و بیرلێکراوە بوو. یەکەم، ڕەوا بوو چونکە کورد زوڵمی لێ دەکرا و مافی زەوت دەکرا، هەر وەک ئیستاش هەروایە. بۆیە دەبوو لە بەرامبەر زوڵم و زاڵم دا ڕاوەستان و خەبات هەبێ. دووهەم، ئامانجدار بوو چونکە دەیویست لەچوارچیوەی ئێرانی ئەو زەماندا ئازادیی ژیان و مافی نەتەوەیی بۆ کورد دابین بکا. سێهەم، خەڵکی بوو چونکە لە دەرەوەڕا ساز نەکرابوو و بەرهەمی ڕاپەڕینی ڕۆڵە ئازاکانی گەل بوو. لەڕاستیدا خەڵک و پێشمەرگە یەک مانایان هەبوو و لێک جوێ نەدەکرانەوە. چوارەم، بە پرەنسیپ بوو چونکە بۆ دیفاع لەخۆ و تێکۆشانی خۆ ساز کرابوو و تەنیا دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ڕادەوەستا و شەڕی دەکرد. ئەو بزووتنەوەیە لەسەداقەت و داوێنپاکی و کارجوانی دا نموونەی کەم بووە. پێنجەم، بیرلێکراوە بوو چونکە ڕێگاکانی دیکە تاقی کرابوونەوە و بە ئاکام نەگەیشتبوون. دەبێ لە بیرمان بێ خەباتی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە پاشماوەی خەباتی مەدەنیی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لەماوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پێش ئەودا بوو کە دیتمان چۆن بێڕەحمانە سەرکوت کرا.

ئینجا بەداخەوە لەباشووری کوردستانیش تەنگ بە خەباتکارانی ڕۆژهەڵات هەڵچنرابوو و ژیانیان لێ حەرام کرابوو. هەربۆیە دوای بیر کردنەوەی زۆر و هەڵسەنگاندنی هەموو پێشهاتەکان دەست بەو خەباتە کرابوو.

ڕاستە خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦، ٤٧ بەداخەوە سەرنەکەوت و دوای ماوەیەک تێک شکا، بەڵام ڕادەی شوێندانانی ئەو خەباتە و بەتایبەت خەباتکارانی ئەو دەورەیە لەسەر نەوەی دواتر بەڕادەیەک بوو کە هەتا ئێستاش لەبیر و زەینی خەڵکدا ماوەتەوە. کەم نین ئەو کچ و کوڕە کوردانەی بە چاولێکەریی پێشمەرگەی ٤٦، ٤٧ دواتر ڕێگای خەباتیان گرتە بەر و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشی. کەم نین ئەو دایک و باوکانەی لەعیشقی خەباتکارانی ئەو بزووتنەوەیە منداڵی خۆیان بەناو دەکردن و هانیان دەدان ڕێگای ئەوان بگرنە بەر. کەم نین ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە کورد و غەیرە کوردانەی نیوەرۆکی خەباتی چەکدارانەو کەسایەتیی قارەمانانی ٤٦، ٤٧ یان کردۆتە بابەتی نووسینەکانیان و هەرکام بە شێوەیەک لێکیان داوەتەوە. کەمیش نەبوون ئەو جاش و جاسووس و خۆفرۆش و داڵدەدەر و وەدوو کەوتووانەی لەسایەی بوونی خەباتکارانی ٤٦، ٤٧ خۆشخزمەتیی تەواوی خۆیان بە هێزەکانی دوژمن نیشان دا و ژیانێکی سەرشۆڕانەیان دابین کرد. هەرچی بوو ئەو ڕاپەڕینە نوورێک بوو لە تاریکی دا و ئەستێرەیەک بوو کە خوشی و بەداخەوە زوو ون بوو.

دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانەی ٤٦، ٤٧ لووتکەی هەڵوێستی کۆمەڵە مرۆڤێک بوو کە هەرچەند ئاسۆی سەرکەوتنیان بەڕوونی نەدەبینی بەڵام بڕیاریان دا هەوڵ بدەن تیشکی خۆر بڕژێننە نێو ژووری ژیانی کورد. ئەوان بە بەلەمێکی چووکەی بێ ئیمکان، خۆیان بە نێو دەریایەکی تۆفاناوی داکرد و ویستیان لێی بپەڕنەوە. هاوارێک کە ئەوان وەڕێیان خست هەرچەند زوو دە گەرووەدا خنکێندرا، بەڵام زایەڵەی ئەو هاوارە ئێستاش دەگاتە گوێی ئەوانەی دەیانەوێ ببیسن. ڕاپەڕینێک کە خەباتکارانی ٤٦، ٤٧ دەستیان پێ کرد و سەربەرزانە درێژەیان دا هەمان مانای چۆنیەتیی ژیان و مردنە. مانای ئەو خەباتە دەبێ لەم ڕستەیەدا بەدی بکەین: بە ئومێدەوە بۆ ئاسۆی سەرکەوتن ڕوانین. غەدرێک کە لەو ڕاپەڕینە و خەباتکارانی ئەو سەردەمە کرا غەدری مێژوویییە و هیچ چاوێکی بینا و مێشکێکی وشیار نابێ لەبیری بکا. ئەوانەی لە دژی خەباتکارانی ٤٦، ٤٧ جووڵانەوە و بۆ تێک شکاندنی ئەو خەباتە هەوڵیان دا، دەبێ لە خۆیان و بارەگای گەل شەرم بکەن.

یاد و ناوی خەباتکارانی بزووتنەوەی ٤٦، ٤٧ دەبێ وەک یاد و ناوی خەباتکارانی ئەمریکای لاتین و باقیی گەلانی ڕاپەڕیو لەنێو دڵەکان دا بمێنێتەوە کە نموونەیەکی ئەوەی خوارەوەیە:

"یادی لە پرۆسەی ژیانی بێ باکانەی دا وەبیر دێنینەوە،

که زایەڵەی هاوارەکانی،
وەک ناقووسی بەربەیانی،
خەوی لە چاوی ئەم قاڕەیە دەزڕاند.
ئەو میراتی هاوڵاتییانی پێخواس،
ڕۆڵەی بێ هاوتای خەڵکی لاتین،
ویکتۆر خارایە".

هەیاس کاردۆ - ئوستڕالیا - ١٨/٤/٢٠١٣

سەرچاوە : نامیلکەی ٤٦ - ٤٧ / ڕێکەوتی : ٢ی مای ٢٠١٣






## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید مەلا ئاوارە (ئەحمەد شڵماشی)




*ئامادە کردنی ؛ ڕەحمان نەقشی*

*** مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شڵماشی) لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٣١٣ هەتاوی ( ١٩٣٤ ی ز ) لە گوندی " شڵماش " سەر بە شارستانی سەردەشت، لە هۆزی هەمەوەند لە دایک بوو. بنەماڵەی مەلا"محەممەد ئەمین" بوون بە خاوەنی کوڕێکی چاوشین و خنجیلانە.

باوکی ئەحمەد لە هۆزی هەمەوەند بوو و بە فەقێیەتی ڕێگای کەوتبو ئەم گوندە دڵی لێی گیر ببوو هەر لەوێ ژنی هێنا بوو و بنەماڵەی پێکەوە نابوو.

مەلا حەمەدەمینی باوکی ئاوارە مرۆڤێکی لە خواترس و زانا و عالم بوو لە شەرعی ئیسلامیدا و لە سەرف و نەحوی عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبوو زۆر مەسائیلی شەرعی لە لا دەکرانەوە. بێجگە لەوەش خۆشەویستی نیشتیمانی وەلا نەنا بوو ئۆگری نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو.

لە منداڵێوە لای باوکی خوێندبووی، پاشان لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا،گەڕا بوو و خوێندبووی. مەلا ئاوارە لە سەردەمی خوێندن و گەڕان بە کوردستاندا،بێ بەشی و هەژاری گەلی کوردی دی بوو،دەست تەنگی و نەداری جێشت بوو، بۆ ڕزگاری گەل ڕێگای خەباتی سیاسی گرتەبەر،و بوە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و کادرێکی تێکۆشەر و زانای حیزب بوو.

ئاوارە لە ماڵ و ژیانی خۆی دوور کەوتبۆوە بەڵام هەموو جێگەیەکی ئەم کوردستانەی بە ماڵ و زێدی خۆی دەزانی و لەو کاتەیەوە لە ماڵ دوور کەوتبووە هەستی بە غەریبی نەکرد بوو. چوونکە ئەو تەنیا خۆی بە رۆڵەی دایک و بابی نەدەزانی و خۆی بە رۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانی هەر بۆیە بوو ئەو دەم و ئێستاش ئەوانەی ناو و ناوبانگی ئاوارەیان بیستبوو ڕێزی تایبەتی یان بۆی هەیە.

*** ئاوارە لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ ی ز) بە هۆی حیزبایەتی و ئیش وکاری سیاسی یەوە لە بەر چاوی سیخورەکانی پاشایەتی بۆگەن ئاشکرا بوو بەرەو کوردستانی گەرمێن ڕێی داگرت کە ئەو دەم تازە شۆرشێکی گەرم و گوڕی تێدا بەرپابوو بوو. ئەو چالاکانە لەو شۆڕشە دا بەشداری کرد و هێندەی نەخایاند لەبەر ئەمینداری و ئۆگری لە رادە بە دەری بە خاک و وڵات بوو بە جیی متمانەی ڕێبەرایەتی شۆڕش .

*** مەلا ئاوارە لە پاش ساڵەکانی (٤٤ و ٤٣ ی هەتاوی) لە گەڵ چەند کادری دیکەی حیزب وەک: سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف ... لە کوردستانی گەرمێنەوە گەڕایەوە کوردستانی ئێران و گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت لە نێو جوتیاران و زەحمەتکێشاندا ئەرکی نیشتیمانی خۆی بە جێ دەگەیاند.

*** ئاوارە لە دەورانی فەقێ یەتی لە حوجرەی فەقێیان و پاشانیش بە خویندنەوی شێعری شاعیرانی نیشتیمان پەروەری کورد ئۆگری یەکی زۆری بە شێعری پاراو و ڕەسەنی کوردی پەیدا کرد بوو و لە کاتی پێشمەرگایەتی زۆر جار بە زمانی خەڵک شێعری دەگوتن و زۆر زوو شێعرەکانی دەما و دەم لە نێو خەڵکی دا بڵاو دەبونەوە و خەڵک شێعرەکانی ئەویان بۆ یەکتری لە بەر دەگووتەوە .

ئەگەر بمانەوێ بە ناخی شێعرەکانی ئاوارە دا بچینە خوارەوە و دابەش کردنێکیان لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

هەڵبەستی نیشتیمان پەروەری وەک هەڵبەستی "کوردم کوردستانم دەوێ " و " توتنەوان"، ڕەش بگیری و لای لایە، هەڵبەستی توتنەوان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچێتە سەر دیاردەی سیاسی. دیارە ئاوارە هۆی بەش مەینەتیەکانی گەلەکەی بە هۆی سیاسی دادەنێ . هەروەها لە هەڵبەستی لای لایە دا کە لاوانەوەیە دوبارە ئامانجی دەربرینی نیشتیمان پەروەرییە. هەڵبەستی وەسفی وەک " ئالان "

*** لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی ( ١٩٦٨ ی ز ) دا بە قەولی خەڵکی لێرەواری لای خۆمان کە بن دەوەن شین بوون تێکۆشەرانی حیزب بەرەبەرە داوەرینەوە وڵاتی و ئەوانی تا ئێستا لە پەنا و پەسیوان و ئەشکەوتی تەنگ و تاریک و تنوک و سارد و کادێن و وچخانەی تەنگەبەر دا خۆیان حەشاردا بوو خۆیان وەبەر هەتاوێ دا.

ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان و چڵکاو خۆرە بۆدەڵەکانی حەمە ڕەزا کە توانای بەر بەرەکانی روو بەروویان لە گەڵ ئەم تێکۆشەرە لە خۆ بوردوانە دانەبوو بە شێوەی کۆن و هەمیشەیی ئاغاکانیان دەستیان بە فێڵ و داو نانەوە بۆ ئەم تێکۆشەرانە کرد

*** حەسەن سەکر کویخای گوندی دیواڵان بە دنەدانی حاجی برایمی بەریاجی کێشەی زەوی و زاری لە نێو جوتیارانی گوندەکە سازکرد بوو لە لایەکی دیکە داوای لە ئاوارە









کرد بوو بۆ خۆی بێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئاوارەش بە پێی واجبی خۆی و بە هەست کردن بە مسئولیەتی خۆی بەم کارە هەستا بوو و شەوێک لە شەوانی مانگی بانەمەری ١٣٤٧ ی هەتاوی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیواڵان و لە پاش راگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیواڵان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵادیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لە لایەن ژنیراڵ (اویسی) جەللادی شا پێک هاتبوو. کاتێک مەلا ئاوارەیان گرت تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد زیاتر لە چوار مانگی خایاند لەو ماوەیەدا زۆرتر لە قەسابخانەکەی جەڵادیان رادەگیرا، یەک دوو جار هێنایانەوە پادگانی سەردەشت و لە ژێر دڕندانەترین و سامناک ترین ئەشکەنجە و ئازار دا بوو بەڵام بە شەهامەت و ئەمینداریەکی زۆرەوە خۆی راگرت و ئەو ئەمانەتەی دایکی نیشتیمان کە بە لایەو بوو نەی درکاند و نهینیەکانی لەگەڵ خوێنی گەشی دا نەمامی ئازادی کوردستانی رەنگین و دەلالیان پاراو کرد .

ئاخرەکەی کاتێک دوژمنەکان بۆیان روون بۆوە کە مەلا ئەحمەد شڵماشی خزمەت بە گەل و نەتەوکەی دەگەڵ چۆر چۆر شیری مەمکی دایکی دا بە گەرووی داکراوە و دەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشی و لە نێو دڵۆپ دڵۆپی خوێنی نێو لەشیدایە تا کاتێک گیان لە جەستەی دا بێ خەیانەت بە گەل و نەتەوە و وڵات ناکا،

هەربۆیە جەلادانی رێژیمی پاشایەتی ئێران زۆر بێ بەزەیی یانە شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ دوو خەباتگێری دیکەی حیزبی دێموکرات، رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" کە هەردووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان ی ناوچەی سەردەشت بوون. لە مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ (مای ١٩٦٨ ) لە گوندی دیواڵان گیران ، و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی رۆژی ١١ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی ( ٢ی سیپتامبری ١٩٦٨ ی ز ) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خرِێ کانی ساردێ " شاری سەردەشت ئیعدام کران.


بە پێچەوانەی، ئەوەی تەرمی شەهیدەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی (٤٦ – ٤٧ی هەتاوی) یان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بە شار و گوندی کوردستان دادەگێرا. بە کریگیراوانی رژیم هەر بەو بەیانیە زووە تەرتیبی ناشتنی تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان دابوو لە قبرستانی گردە سووری شاری سەردەشت و تا چەند مانگ دواتر شوینی ناشتنەکەیان ئاشکرا نەبوو بەڵام لە پاشان گلکوی پیرۆزیان بوو بە جی نەزرگەی پیر و لاوی کورد.

کاتێک جەلادەکانی شا مەلا ئاوارەیان بۆ گۆرەپانی تیرە باران دە برد،بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێڕانە گوتی،(بە کوشتنی من خەباتی رەزگاری خوازی نیشتمانپەروەرانی کورد دووای نایە).

بژی کوردستان ).

سەرچاوە : یادی یاران، نووسینی حەمە رەسووڵ حەسەن پوور و رۆژنامەی کوردستان

## رێگای مەلا ئاوارە ، رێگای کوردی هەژارە



رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠٠

ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

هەموو رۆژێکی مێژووی خوێناوی و پڕ لە کارەساتی خەباتی گەلی کورد شاهیدی گیانبازی و فیداکاری یەک یان چەند کەس لە باشترین رۆڵەکانی ئەم گەلە حەقخوازەیە.

کەم رۆژی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان هەیە کە شۆرە لاوێکی تێدا شەهید نەکرابێ و شۆرەسوارێکی تیدا نەک لا بێ. بەو جۆرە بەشانازی یەوە دەتوانین بڵێین هەموو رۆژێکی هەفتە و هەموو هەفتەیەکی مانگ و هەموو مانگێکی ساڵمان بیرخەرەوەی حەماسە و بوێری و قارەمانەتی ئەو رۆڵە






هەڵکەوتووانەی گەلە کە نیشتمان پێیان دەنازی و نیشتمانپەروەر خۆزگەیان بۆ دەخوازی.
مانگی خەرمانان لە نێو دەفتەری بیرەوەری یەکانی دا ناوی سەدان رۆڵەی قارەمانی گەلی کوردی تۆمار کردوە کە هەر کام حەماسەیەکیان خوڵقاندوە و هەر یەکە لێوەشاوەیی یەکی کەم وێنەیان نواندوە لە ڕیگای نیشتمان دا بەسەربەرزی سەریان ناوەتەوە تا گەلەکەیان لە سێبەری دەسکەوتی خەباتیان دا بحەسێنەوە. لە نیو ئەو هەموو سەربەرز و سەر فیرازانە دا دوو ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی پڕ لە تەمی مێژووی کوردەواری [ مەلا ئاواره ] و [ جەلال میراوەیی ] جێگایەکی تایبەتی یان هەیە.

* * * * * * * * * * * * * * *

مەلا ئاوارە کێ بوو؟ لە بنەماڵێکی ئایینی و لە دێ یەکی سەربەرز و سەرسەوزی کوردستانی رازاوە بەڵام دیل و ژێر دەست و بن چەپۆک دا لە [ شەڵماش ] لە بن چیای سەربەرزی [ هومل ] لە دایک بوو. کورە مەلا بوو و هەر بۆیەش بە پێچەوانەی زۆربەی منداڵانی لادیی کوردەوارەی دەرەتانی بۆ رەخسا بخوێنی و زانیاری و خوێندواری بەدەست بێنێ.

پاش دەورەی سەرەتایی مەلا ئەحمەد شڵماشی وەک هەموو ئەوانەی زانستە ئایینی یەکان دەخوێنن پەرەوازەی شار و گوند و ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان بوو. گوێی هەڵخست، دێتی، بیستی، خوێندیەوە. لە چوار دەوری خۆی گەلێکی هەزار و چەوساوەی دێ کە لە لایەک لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی حکوومەتی زۆرداری تاران و لە لایکی دیکە لە ژێر ستەمی چینایەتی خان و بەگ و بەگلەرەکان دا پشتی چەمیوە.

مەلا ئەحمەدی ژیر و زرینگ و بلیمەت دەیزانی دەبێ دەورانی ژێردەستی کۆتایی بێ و رۆڵم و زۆر و چەوسانەوە دوایی بێ. دەشی زانی بێ خەبات و قوربانی دان شەڕی زۆردار لەسەر بێ زۆر کەم نابی و گەلی ژێردەست رزگاری نابێ،، بەڵام خەبات چۆن؟ لە گەڵ کێ؟ بەچ ڕێگایە دا و بۆچ ئامانجێک؟ ئەمانە و چەند پرسیاری لەم بابەتە مێشکی مەلا ئاوارەیان بە خۆوە خەریک کردبوو.

بەڵام زۆری پێ نەچوو بە ئەمەگی هەژاران و دۆستی بەوەفای چەوساوەکان وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دۆزیەوە و بۆ خەباتێکی رێک و پێک و یەکگرتوو ڕێگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد ؛ ڕیگای قازی محەممەد، ڕیگای کۆماری مەهاباد، ڕێگای یەکیەتی و برایەتی کرێکاران و جووتیاران و رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و ڕێگای خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان دا.

پاش ئەوەی مەلا ئەحمەد شڵماشی ڕێگای کەوتە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گورانێکی بنەرەتی بەسەر ژیان و خەباتی داهات. لەوساوە ئیدی هەر بە روالەت فەقی یەک بوو کە بۆ دێتنەوەی مامۆستای باش و خوێندنی دەرسی باشتر شارە و شار و ناوچە و ناوچەی دەکرد. ئەگینا لە راستی دا کادریکی حیزبی بوو کە بۆ روون کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و راکێشانیان بۆ نێو ریزەکانی خەباتی لەسەر رێبازی حیزبە خۆشەویستەکەی خەزی دەکرد هەموو دێ یەک بچێ و هەموو شارێک بگەرێ و چاوی بە هەموو کەس بکەوێ.

مەلا ئەحمەد بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە لێوەشاوەیی یەکی تەواوی هەبوو. لە جیدا مەلا و فەقی پێوەندیان لە گەڵ کۆمەڵانی هەرە بەرینی خەڵک بەتینەو هاتوچۆیان بۆ نێو زەحمەتکێشان شتێکی ئاسایی یە و هەروەها خەڵکێش بۆ زۆر پرسیاری مەزهەبی و زۆر کاری کۆمەڵایەتی دەچنە لای ئەوان. بەڵام ئەو سەرەڕای ئەوە هێندی شتی دێکەشی هەبوو : رووخۆش بوو، قسە خۆس بوو، دەنگ خۆش بوو و مەجلیسی خۆش بوو. خەڵک هەر حەزیان دەکرد لە گەڵی دانیشن و هەر ئاواتیان بوو گوێ یان لە دەنگی بێ، جا قسەیان بۆ بکا یان شێعریان بۆ بخوێنێتەوە.

بەو حاڵەش پاش ساڵێک دەزگای پۆلیسی رێژیمی حەمەرەزاشا شوێنی هەڵگرت وەدوای کەوت. لێرەدا مەلا ئەحمەد تا ئەو جێگایەی لە دەستی هات و بۆی لوا بە نهێنی درێژەی بە کاری خۆی دا و سەرەنجام بۆ ماوەیەک رووی کردە کوردستانی عێراق، هەر لەو کاتەش کە لە پێناوی بیروباوەر و ئامانجی دا ژیانی ئاوارەیی هەڵبژارد، ناوی ئاوارەشی لەسەر خۆی دانا.

ئاوارە زۆر لە ئاوارەیی دا نەماوە. زۆر زوو گەرایەوە نێو دۆستەکانی نیو ئەوانەی ئیمانی پێ بوون و هیوایی پێ بەستبوون، نێو رەش و رووتی کوردستان زۆر جار دەیگوت بابم بە قوربانی رەش و رووت بێ هەر ئەوانن کە هەتا سەر لە گەڵن و دەکری پشتیان پێ ببەستی. ئاوارە وەک ماسی لە نێو دەریای زەحمەتکێشانی کوردستان دا دەژیا، دەشارایەوە، فێری دەکردن و لێیان فێر دەبوو.

لە ڕاپەرینە چەکدارانەکەی ٤٧ – ٤٦ دا نەخشی هەرە بنەرەتی بە تایبەتی لە باری تەداروکات و بەرێچوونەوە بە مەلا ئاوارە بوو. ئەو خۆشەویست و جێ متمانەی خەڵک بوو. چێ گوتبایە باوەریان پێ دەکرد و بە قسەیان دەکرد و چێ بۆ کار و تێکۆشان بە پێویست زانیبایە بۆیان جێ بە جێ دەکرد.

ئاوارە پسپۆری کار نهێنی بوو. زیاتر لە شەش ساڵ بە نهێنی ژیا و دوژمن نەیتوانی شوێنی هەڵگرێ، براستی دەزگای جەهەننەمی ساواک و دەزگا جاسووسی یەکانی دیکە بەدەستی یەوە دا مابوون.

سەرەنجام رێژیمی شا وەک زۆر جاری دیکە دەستە و داوێنی خائین و خۆفرۆشە خۆماڵی یەکانی بوو. بەهاوکاری هێندێک خائینی بە رەواڵەت کورد ئاوارەی لە داو خست و لە گوندی [ دیوالان ]ی ناوچەی سەردەشت بە دیلی گرت. ماوەی زیاتر لە چوار مانگ ئاوارە لە ژێر ئەشکەنجە دا ڕاگیرا، هێچ شتێک تەئسیری لەسەر ئیمانی ئەو دانەنا و لێوی ئەمینداری بۆ درکاندی نهێنی یەکانی خەبات هەڵنەپچڕا.

بەڵام هەروەک زرە دێموکراتەکان پاش ماوەیەکی کەم لە کۆمەڵی کوردەوارەی دەرکراون و مۆری خەیانەتیان بە نێوچاوانەوە لکێندراوە، زرە کوردستانەکەش پاش ماوەیەکی






کورت لە روو زەردی زیاتر بۆی نەماوەتەوە و چرای تەمەنی پڕ لە شەرم و شوورەیی و جاسووسی و خەیانەتی کوژاوەتەوە.

سەرچاوە : رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠٠ / ڕێکەوتی : رەزبەری ١٣٦٣ / ئۆکتۆبری ١٩٨٤

## یادێک لە شەهید ئاوارەی هەستیار و شۆڕشگێڕ



نووسینی : مستەفا شڵماشی

لە کاتێک دا ٤٥ ساڵ بەسەر شەهید کرانی ڕێبەری بەوەجی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. شەهید مەلا ئاوارە دا ڕادەبرێ، هێشتا هاوڕێیانی و حیزبەکەی لە مەیدانی خەباتی دژوار دا، درێژە بە ڕێبازەکەی دەدەن و هۆنراوەکانی دەڵێنەوە. شەهید مەلا ئاوارە تەنیا شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکوو هونەرمەند و هەستیاریش بوو. لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی خوێندوار و ئایینی لە دایک بوو، زۆر زوو توانی فێری خوێندن و نووسین بێ.

هەر زوو هەستی هونەری بزووت و توانی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵک دا جێگای خۆی بکاتەوە. هێشتا تەمەنی زۆر کەم بوو کە خەڵکی پرس و ڕایان پێ دەکرد و کەڵکیان لە بیرو بۆچوونەکانی وەر دەگرت.

هەر بۆیە لەلایەن باوکیەوە خرایە بەر خوێندن و لە پێش دا هێندێک کتێبی فارسی و قورئانی لە لای باوکی خوێند. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان کرد، کە لەو سەردەمە دا تەنیا سەرچاوەی زانیاری لە دێهاتەکانی کوردستان بوون.

ئاوارە مرۆڤێکی بە هەست و کۆمەڵاتی بوو. زۆر زوو ئاگاداری گیرو گرفتەکانی خەڵک دەبوو، بە دیتنی زوڵم و زۆر دەرەنجا و هەوڵی دەدا یارمەتی هەژارانی کۆمەڵگا بدا. ئاوارە رەنج و ئازاری هەژارانی کوردستانی بە شێعر دەردەبڕێ. ئەو بە زمانی کۆمەڵانی خەڵک هۆنراوەی دەهۆندەوە. بۆیە شێعرەکانی زمانە و زمان دەگەڕان و لە گوێی گەورە و بچوکی خەڵکی کوردستان دا دەزرینگانەوە. شێعرەکانی ئاوارە ئاوێنەیەکی باڵانوین بوون لە نیشاندانی ژیانی پڕ چەرمەسەری گەلی کورد دا. ڕێ نیشاندەر بوون بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ زۆرداران و فێنک کەرەوەی دڵی هەژاران بوون لە کاتی تەنگانە دا.

ئەو لە [ هاورای توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت ] دا توانیویەتی دەرد و مەینەتی زەحمەتکێشانی کوردستان دەست نیشان بکا.

توتنەوانێکی هەژارم — بێ خانوو بێ زەوی و زارم
بێ پول و پارە، بزن و مەڕ — دوورم لە خێر، نیزیک لە شەڕ

===============

لە [ کوردم کوردستانم دەوێ ] دا ئامانجی گەلەکەی زۆر باش پێکاوە .

کوردم کوردستانم دەوێ — هیوای بەرزم قەت نانەوێ
بەرزە هیوام بۆ نیشتمان — پەیمان بەستم لە گەڵ یەزدان
دەست هەڵناگرم لە تێکۆشان — تاکوو دەچمە ڕیزی گەلان

=================






لە [ لایە لایەی دایکێکی دڵسۆز بۆ کورپە ساواکەی ] دا بە قووڵایی دەروونی ژن و پیاوی کورد دا چووتەخوار.

رۆڵە کورپەکەم ئارامی گیانم — خونچەی گوڵزاری باغچەی ژیانم
جگەر گۆشەکەم بەرهەمی ژینم — سەروەت و ماڵم، ئایین و دینم
هێزی تەوژمم، بینای چاوانم — هاودەنگی بەزمی رۆژ و شەوانم
رۆڵە گیان مەگری، مەگرە بەهانە — بنوو درەنگە، بەری بەیانە

هەی لایە لایە رۆڵە لای لایە
کوێر بێ ئەو چاوەی بە تۆ هەڵنایە

لە [ رەشبگیری ] دا خەباتی ساردی گەلی کورد دژی داگیرکەرانی نیشان داوە. لە [ گەشتی ناوچەی ئالان ] دا جوانی سروشتی کوردستان و خۆشەویستی نیشتمان لە دڵی گەلی کورد دا دێنیتە گورێ و لە گەڵێک هەڵبەستی تر دا بۆ گەلەکەی دەخوێنێ.

ئاوارە هێندە زوو لە گەڵ دەرد و مەینەتی گەلەکەی دا ئاشنا بوو کە هەر لە تەمەنی لاوی دا رێگای سیاسەتی گرتەبەر و بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو لەم سەنگەر دا بە تەواوی وجودی خۆیەوە تێدە کۆشا. وێڕای دەرس خوێندن تەبلیغاتی سیاسیی بۆ خەڵک دەکرد و تەشکیلاتی نهێنی پێک دێنا. ئەو ببوو بەیار و یاوەری هەژارانی کوردستان.

بە گوندەکان دادەگەڕا و بۆ بەرگری لە مافی خۆیان هانی خەڵکەکەی دەدا، ئەوانیش رێزیان دەگرت. پرس و ڕایان پێ دەکرد و وەک رێبەرێک چاویان لێ دەکرد. ئەو هێندە بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری دەکرد، کە شاردنەوەی خەباتەکەی دژوار ببوو. بەخۆی وگوچانیکەوە بە گوندەکان دا دەگەڕا، بە تایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە باشووری کوردستان، بەئاشکرا پشتیوانی لێ دەکرد و یارمەتی کۆ دەکردەوە. پاش وەرێ خستنی کاروانی گەورەی یارمەتی بەرەو باشووری کوردستان، رژیمی پاشایەتی ئاگاداری هەڵس و کەوتەکانی بوو بە دوای دادەگەڕا. ئەویش بەناچاری رووی لە باشوور کرد و لە لای مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک گوندی مالومە گیرسایەوە. چەند ساڵێک هاوڕێی خەبات بوو لە گەڵ سەرکردەی خواڵیخۆشبوو مامۆستا برایم ئەحمەد و بەرێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق.

پاش تێکۆچوونی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە گەڵ سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤ دا، ئاوارە و چەند کادریکی دیکەی حیزبی




شەهید مەلا ئاوارە سالی ١٩٦٤ [ لە ناوەندی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە مالومەی باشووری کوردستان ]

دێموکڕاتی کوردستان بە ناچار گەڕانەوە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و دیسان بە خۆ و گۆچانیکەوە، خۆی لە نێو دەریای کۆمەڵانی خەڵک هاویشتەوە.

هەر لەو کاتە دا پەیوەندی گرت بە بەشێک لە رێبەرایەتی حیزبەوە کە لەو کاتە دا لە ناوچەی پشدەری باشووری کوردستان نیشتەجی بوون و خەباتی






خۆی لە گەڵ ئەوان لێک گرێ دا. دوای ئەوەی کە کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ژێر ڕێبەرایەتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئەو حیزبە دا ڕوویان لە نێو خۆی وڵات کردەوە. شەهید ئاوارە وەک یەکێک لە چالاکترین ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەرپرسایەتیی ناوچەی سەردەشتی وەعودە گرت و هێندە بە ڕێک و پێکی کاری کرد کە تا ئەم ساڵانەی دوایش ئاسەواری ڕێکخستن و کاری تەشکیلاتی ئەو هەر ماوەتەوە وئەو پیگە گەورەیەی کە ئەو بۆ بیروباوەڕی ڕزگاریخوازیی و کوردایەتی پێکی هێنابوو، ئیستاش لەو ناوچەیە هەر ماوە.

بەداخێکی گرانەوە پاش هەژدە مانگ خەباتی قارەمانانە، بە شەهید بوونی زۆربەی ڕێبەرانی، جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ شکستی هێنا. شەهید ئاوارەش دوای ئەوەی بەهۆی خەیانەتی چەند خۆفرۆشێکەوە لە گوندی دیواڵانی ناوچەی سەردەشت لە داو خرا و لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکە بە ناوەکانی : مەلا کەچە و ڕەحمانی وەتمان چاوشین ، دوای چوار مانگ ئازار و ئەشکەنجەی وەحشیانە هەر سێکیان لە ڕۆژی ١١ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ [ ٢ی سیپتامبری ١٩٦٨ ] دا لە لایەن ڕژێمی جینایەتکاری حەمەرەزا شاوە لە شاری سەردەشت تیرەباران کران.

یادیان بەرز و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## بەشێک لە دێمانە سەلاح سالار لە گەڵ مەلا محەممەدی شلْماشی



سەلاح سالار : دەمانهەوێت گۆشەیەکی تاریک لە ژیانی [ مەلا ئاوارە ]ی برات ڕوون بکەیتەوە کە باس نەکرابێت؟

مەلا مەحەممەدی شلْماشی : مەلا ئاوارە عیلمەکانی تەواو کرد، بەڵام ئیجازەی عیلمیی وەرنەگرتبوو، شاعیرش بوو، شێعری زۆر جوانی هەبوو بەس زۆربەیان فەوتان، یەکێک بوو لەسەرانی حیزبی دێموکڕات، خەڵک زۆر پێیەوە پابەند بوون.

حکوومەت زۆر هەوڵیدا بیفەوتێنیت، جارێکیان فەرماندەری سوپای مەهابادی بە ناوی [ سوڵح جۆ ] بوو ناردی بە شوێنم دا بە هێلیکۆپتەر بردمیان، وتی : شا کارتیک دەدا بە مەلا ئاوارە ئەگەر بێتەوە چێ پێ خۆشبێ داوای بکات، منیش هاتم بۆ لای لە [ سۆنیی پشدەر ] بوو، هەشتا پێشمەرگەی لە گەڵ بوو، پێم وت : پێکەنی و وتی : کاکە ئەمن پێم وانەبوو تۆ بیێ پێم بڵێت وەرەوە، وتم : ئەمن پێت ناڵێم، ئەوان پێت دەڵێن.

وتی : وامزانی وەک بووداییەک دەچێت لە بازاری سەردەشتی تەنەکەیەک نەوت بە خۆت دا دەکەیت و لەبەر ئەو میللەتەت خۆت دەسوتێنیت.

مەلا ئاوارە زۆر زیرەک بوو، خەڵک زۆر خۆشی دەوێست، ئاخری بە فێڵ گرتیان دەرماناویان کرد.

سەلاح سالار : ئەوەی ئەو ناپاکییەی لێکرد کێ بوو؟

مەلا مەحەممەدی شلْماشی : ئەوە [ برایم ئاغای بەریاجیی ] بوو لە مەنتیقەی خۆمان، مەلا عەبدوڵلا قاسمیانی هەبوو، سەر بەشا بوو، پێیان دەوت موفتی عەشایەرە، من مەلا مزگەوتی سەرچاوە سەردەشتی بووم، ڕۆژێکیان حاجی مەلا عەلی برام ناردی بە دوام دا کە چووم بۆ دووکانەکەی مەلا عەبدوڵلا قاسمیانی لەوێ بوو.

وتی : قسەیەکت بۆ دەکەم سوێندی دام باسی نەکەم وتی ؛ ئێستە من لە کۆبوونەوەیەک هەستام، کە حاجی برایم بەریاجی و سەرهەنگ مەحموودیان و ئەمن و سەرگورد بەیات و ئووەیسی کە فەرماندەری هیزی ژاندارمی ئێران بوو، داویان بۆ مەلا ئاوارە داناوە، کە لەو ڕۆژانە دا لە یەکیک لەو سێ جێگایانە دا بیگرن، وتم : جێگاکان کۆێن؟

وتی : یەکێکیان [ کانی بیی ] نزیک سەردەشتی، یەکێکی تریان [ بێشاسپە ] دێیەکەی برایم ئاغا، ئەوی تریان [ دیواڵان ]ە.

وتی : بڕیاریان داوە لەو جێیانە دا دوو کەس بەشەڕ بێن، ئەو کاتەش کەس لەو ناوچەیە پرسی بە حکوومەتی نەدە کرد، بەبێ مەلا ئاوارە سوڵحیان نەدەکرد، یەکسەر حاجی مەلا عەلی برام چوو بۆ کانی بیی، وتیان ئەوشو لیرە بوو بەیانی ڕۆیشتووە، نەمانزانی چوو بۆ کۆێ.

تومەز چوو بۆ دێی زێۆێ لەوێش لە دێی دیواڵان دوو نەفەر بەشەڕ دێن، دەڵێت تا مەلا ئاوارە نەیەت ئاشت نابنەوە، ئەویش هەشتا پێشمەرگەی لە گەڵ دەبێت دوو






پێشمەرگە لە گەڵ خۆی دەبات، دەڵێت دەچم سوڵحی ئەو دوو ماڵە دەکەم و دێنەوە، دەرمانیان بۆ لە چێشت دەکەن لە ناو خواردەکە خەویان لێدەکەوێت، یەکسەر جەماعەتی عەجەمان دێن دەیانگرن و ئاوایان بەسەر دێ.

سەلاح سالار : دوایی تیرباران کرا؟

مەلا مەحەممەدی شلماشی : بەڵێ لە شاری سەردەشت لە بەر ماڵی خۆمان تیرباران کرا.

سەلاح سالار : مەلا ئاوارە بەرهەمی شێعر و نووسینی نەبوو ؟

مەلا مەحەممەد شلماشی : تەنیا شێعری هەبوو، ئەویش زۆربەی فەوتاوە، شێعری هاواری توتنەوانێکی هەژار، یەکێکە لە شێعرە بە ناوبانگەکانی کە بڵاو کراوەتەوە.

تێبینی : ئەو گفتگویە درێژە. من تەنیا ئەو بەشی پێوەندی بە شەهید ئاوارەوە هەبوو کەڵکم لێوەر گرتووە. [ رەحمان نەقشی ]

سەرچاوە : ماڵپەری پێگەی کۆمەڵنیوز / رێکەوتی : ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٠٩

## بەیادی مامۆستای تێکۆشەر مەلا ئاوارەی نەمر.



ئەحمەد مەکلاوەیی

ئێستا کە روو لە گوندی شلماش و یان بە گشتی ناوچەی سەردەشت بکەین و بمانهەوێ لە سەر شەخسییەتیی سیاسیی و حیزبی و کۆمەلایەتی و شەخسی ئاوارەی نەمر پرسیار لە خەڵکی شار و گوندەکانی ئەو مەڵبەندە بکەین، زۆرن ئەوانەی لە سەر ئەو کەڵە پیاوە شت دەزانن و لە دڵەکاندا دەر نەبڕاون وماونەوە

بەڵام هەر چەند کات و وەخت و زرووفیش ئەم رێگەمان پێ نادات، قسە کردن لە سەر ئەو زاتە گەورە هەروا سووک و ئاسان نیە. چونکە ئاوارە لە ئاست دوژمن لە شاخ خۆراگرتر و لە کێو بەرزتر و لەشێر نەترستر بوو.

ئێستاش شاخ و کێو و بەرد و دارو دەوەن و وکانیاوەکانی سەردەشتی سەربەرز و رازاوە ، بە ئاوارە و ئاوارەکان دەنازن و هەریەکەیان بەدەیان جۆر و شێوە بە زمانی پاراوی کوردی باس لە کار و کردەوەکانی ئەو کادرە هەڵکەوتوەی حیزبەکەمان دەکەن و لە ئاست ناو و یاد و گیان بەختکردوویی بۆ نیشتمانی کوردان مل کەچن.

دوێنی و پێرێ کە لە کاتی مەئموریەتی حیزبەکەی ئاوارە دا رێم وە بناری کێوی سەر بەرز و جوان هۆمل کەت و چوومە سەر کانیاوە دڵگر وخۆشەکانی، وێنەی ئاوارەم لە روونی ئەوکانیاوانە دا دێت. بەڵام پاش کەمێک لە پڕ دا بیرم فڕی و دیتم گوچان بە دەست و چەک لەشان لە تەنیشمەوە بە خوڕ وەک خوڕەی ئاوی ئەو کانیاوانە سەرەولێژ بۆتەوە و بەرە و راپەراندنی ئەرکی نیشتمانی رێی گرتۆتەبەر و دەیهەوێت بڕوات شەواوی بیری ئازادیخوازی لە دڵی کچ و کوڕانی لاو بنێ وپەروەردەیان کات بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمنانی کوردستانی.

کەمێک وردبوونەوە لەو کانیاوانە، گەڵێک پرسیارم بۆ دروست بوون و لە سەر خۆ بانگم لێکردن: ئەرێ بۆ هێندە جوان و ساف و روونن؟کە ئەوەم گوت دێتم هەموویان لە رۆیشتن وەستان و هۆملی سەر بەرز دڵی خۆی بۆ کردنەوە ولە وێدا لەنگەریان گرت و گوتیان: جوانی و پاکیمان بیری ئاوارەیە و شانازی بەوە دەکەین کە رۆژانێکی زۆرلە سەر تاتە بەردەکانی دەورەمان پشووی ماندوو بوونی رێی خەبات وتێکۆشانی داوە و تینوەتی وسەر خەوێکی لێ شکاندووین و دەستنوێژکی بۆ تاعەتی خۆ لێ هەڵگرتووین.

پاش هەمووی ئەوانە، هەر ئەو رۆژە بە بیر و فکری مامۆستای کوردایەتی ئاوارەی نەمرە وە بەرە ولووتکەی هۆمل سەر کەوتم و لە سەر بەندەنێ بە مەبەستی حەسانەوە پاڵم وە بەردێک دا و روانیمە دەوروبەرم. کە روانیم چ بڕوانم تاچاو هەتەر دەکات هەمووناوچەکانی بانە و رەبەت و سەردەشت و زۆرێک لە باشووری کوردستانیشم لێ دیارن.

کەوام دیت وەک لاوێکی تازە پێگەیشتوو خۆم بە خۆمم گوت، ئای ئێرە چەند بەرزە.؟ کەئەوەم گوت، شاخ ودارو گیا وباڵندەکان و بەردی هۆمل هەموویان لیم وە دەنگ هاتن و گوتیان: هۆی ریبواری تازە لاو ، تۆ تاوێک بسرەوە و کەمێک گوێ بۆ ئێمە رابگرە وبابۆت بدوێین. بەزی ئێرە ئیرادەی ئاوارە و رێبوارانی بیر و فکر و رێبازەکەتی. نەت زانیوە ئاوارە چەندە لێرە دانیشتوە و بە سەر نیشمانەکەی دا روانیوە و لە بەر خۆیەوە بە دیدی نیشتمانپەروەریەوە هۆنراوەی بۆ چڕیوە.

لەو جەولەماندا کە چووینە ئالانی سەردەشت و روومان کردە گوندەکانی مێرگاسێ و بێتووش و ئەشکان و هەرزنێ و بێژوێ و دوڵکان و دیناران و گروێس و گڵەسپی ورەزگە و ئیدی، هەرکامیان لە بەرخۆیانەوە بیرەوەریەکیان لە ئاوارەی نەمر بۆ دەگێڕاینەوە و باسیان لە کارایی و ئەزموونەکانی خەبات و تێکۆشانی کرد تا ئێمەش بۆ درێژە پێدانی






ڕێبازەکەی و بە ئاکام گەیاندنی بیانکەین بە ئەزموون و دەرسیان لێ وەرگرین و بیانکەینە سەر مەشقی کارو تێکۆشانمان لە نێو خەڵک و چۆنیەتی بەر بەرەکانی لە گەڵ دوژمن دا.

کە لە ئالانەوە بەرەو ناوچەی سوێسنایەتی دەگەڕاینەوە و بە پەنا کێوی نۆرپدا ڕەت بووین و بەرەوبەرزایی زەرتکی هەنگاومان نا، هەڵۆکانی ئەو مەڵبەندە وێڕای هەموو باڵدارەکانی ئەو دەڤەرە لە خۆشەویستی ئاوارەی هاورازی ساڵانی رابردوویان، بانگیان لە هەورازە ئەستەمەکانی پشتی گوندی مێرگاسێ کرد کە بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی ئاوارەی نەمر پشت کوڕ بکەن وهەواڵیان دایە شنە ی فێنکی ئەم کوێستانە سەربەرزە تا ئارەقەی کوڕانی ڕێی ڕێبازی ئاوارە بسڕێ.

کە لەو بەرزایە وەسەر کەوتین و بەرە وشاری سەردەشت داگەڕاین و بە مەبەستی کار و ئەرکی حیزبی روومان کردە گوندەکانی دوڵەگەرم و قووڵە سوێر و دۆڵێ قازان و سوورە چۆم و گوندەکەی پاشای گەورە(ئەمەر حەمەسوور) و ژاژۆکە و مارەغان و گوڵینێ و ترشیان و کوردارو خانەخەل و خانەخەل و زێرە مێرگ و کۆڵە سەو کوڵەسە و ئاسناوێ و نێسکاوێ و سووتوان و دارەمەرجان و زەلاوان، لە خۆشەویستی ئاوارە کە سەردەمانێک لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی رووی لەو گوندانە کرد بوو و دڵسۆزیەکەیان سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەر لە یاد بوو، لەگەڵ پێشوازیەکی بێ وێنە و گەرمی خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەو گوندانە بەرەورووبووین و لە هەر کامیان دەیان بیرەوەری خۆش و شیرنیان لە ئاوارە بۆ گێڕاینەوە وکە بۆ درێژە پێدانی خەباتمان زۆر بە سوود بوون.



هەر لەو کاتە دا کە بە بناری گردەسووری سەردەشت دا تێپەڕین و روومان کردە دەشتی کەپران و چووینە گوندەکانی نێشکۆلان زێدەی مێرزاعەولا و کوڕ بناو و دۆڵی بێوران و بێورانی مەڵبەندی حەمەدەمینی مەلا عەزویز و حەمەخان و و باوێ و زووران و بنیفخەڵیف و گوندەکانی دۆڵی کانیە زەرد و سپی دارێ و ئایشەدینە و مەزرا وبەردەسوور وبووبانێ و نارستی شوێنی لە دایک بوونی فەرماندەری بەتوانا ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک حەمەنارستی، هەریەکەیان دەیان وتە و شێعری ئاوارەیان بۆ گێڕاینەوە و لە گەڵ ئەوانیش دا لانک و گیارەنگ و سەرچاوەی رەسوە شێتی وێکڕا بانگیان لێ کردین و گوتیان: ئەوە بۆ لانادەنە شوێن حەسانەوەی خەباتگێرەکەی ساڵە کانی١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی کاک مەلائاوارەی نەمر تا کەمێک لە سەر هەڵوێست و ئارامی و لە سەر خۆی و ئیمان بوونی بە سەرکەوتنی نەتەوەکەی بۆتان بدێین و کەمێک بیرەوەری ئەوتان بۆ بگێرینەوە.

بەدوای هەموو ئەمانە دا کە بۆ هەرچی زیاتری راپەڕاندن ئەرکی حیزبی روومان کردە گوندەکانی شیوە برایمە و باغی و شیواشان و قوڵی و بێزیلێ و نەنیە شوێنی ژیانی خاڵە حاجی و شینوێ و بێشاسپ و نەلاس و تووژەڵ و زێوە و مەلا شێخ و واوان و شیوە سەلی مەڵبەندی شێری لە خۆ بردووکاک مەلا حەسن شیوەسەلی و شاتمانی وەستا عەلی نەمر و ئاغەلان و ئەحمەد بریو و گردێنەی شوێنی شەهید بوونی کوڕی بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک هەمزە سارکەیی و زۆری تر، هەیەکەیان لە بەر خۆیانەوە دەیان بیرەوەری ئاوارەیان بۆ گێڕاینەوە و باسیان لە خەڵکیی بوونی ئەو تێکۆشەرە کرد ودەیان شێوەی رێی خەباتی ئەویان پێ نیشان داین کە بیانکەینە تویشووری رێی خەبات و تێکۆشانمان کە لە دوایەکاندا دەرسمان لێ وەرگرتن.

لە کۆتایی جەولەکەماندا کە بەبناری بەرزایی سەری گۆمێدا رەت بووین و رۆمان کردە ناوچەی نەڵێنی سەردەشت، و چووینە گوندەکانی دێگە و بریتە و موسالان و مێراوێ و زۆر گوندی تری ئەو ناوەچە ، هەموویان باسیان لە کارایی و لێ زانی و خۆشەویتی ئەو پارتیزانە کرد و پەیمانی خەبات و تێکۆشانیان بە دژی نەیارانی کورد لە گەڵ هاوسەنگەرانی ئاوارە نوێ کردەوە و رێزیان لە رێبوارانی ئەو مامۆستا گەورەیە گرت.

بە دوای هەموو ئەمانە دا کە دەمانهەویست بەرە و ناوچەی کار و تێکۆشانی ئەسڵی خۆمان لە مەڵبەندی رەبەت بگەرێنەوە، قەزا و قەدەر بە گوندی دێوالاندا گەڕاینیەوە و باسی گێرانی ئەو تێکۆشەرەیان بە دەستی هێزە داگیرکەرەکانی رێژیمی پاشایەتی بۆ گێراینەوە کە چۆن وەک زۆر ئەوەی لە مێژووی کوردا روویان داوە بە فێل و تەڵەکە لە داویان خست بوو کە ئەو بەسەرهاتەشی بۆ ئێمەی رێبوارانی رێبازەکەی بوونە ئەزموون و فێر بوونی خەباتکرن کە قەت فریوی پیاوەکانی دوژمن کە خۆیان دەخەنە نێو کەوڵی مەڕی نەخۆین .

بە دوای ئەوە دا کە روومان لە ناوچەی رەبەت کردەوە و دەمانهەویست لە بوارەکانی قەتارێ یان کەپران وە پەڕین، بە نزیک قاوەخانەی خاڵە باسی باغی دا تێپەر بووین . لەو کاتە دا دەنگێکی نەرم و خۆش ، هێدی هێدی لە جەوی سەر ئاسمانی سەردەشت وسەر کەنەکان شوێنی لە داردرانی ئاوارەی نەمرەوە دەنگی دایەوە و لە گوێی هەموومانـدا زرینگایەوە وبانگی لێ کردین ، هۆ کوڕانی رێی رزگاری نێشتمان، هۆ هەڵۆ تیژباڵەکانی مەیدانی خەبات و تێکۆشانی رێی رزگاری کوردستان ،ماندوو نەبن و کەمێک راوەستن و ئاورێکی لە پیری بە بیری کۆنی رێبازەکەتان بدەنەوە کە وا بەرەو ئێوە دێم تا بۆ جارێکی تر ببمەوە هاورێ و هاوسەنگەری خەباتی رەوای گەلەکەمان.

بەڵام داخەکەم کە پێمانگرتەوە نا کەس دیار نەبوو و بۆمان دەرکەوت کە ئەوە رووحی پاک و گەورەی ئاوارەیە و نەمردوە ولە جەوی ئاسمانی سەردەشت دا دەگەری وجار و






بار خۆی بە دووکان و شەقام و ماڵە نیشتمان پەروەرەکاندا دەکات وجوان و منداڵەکانی سەر لانکەش بە وانەی خەباتگێڕی پەروەردە دەکات و وەچە بە دوای وەچە دا بەرە و سەنگەری خەبات و تێکۆشان دەیاننێری .

سڵاو لە مەلا ئاوارە و هەمووئاوارەکانی ڕێگەی خەبات وتێکۆشانی گەل و نیشتمان و بمرن دوژمنانی کورد و کوردستان.

ئەحمەد مەکلاوەیی

ڕێکەوتی ٩/ ٧/ ١٣٩١ی هەتاوی

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٢

لە زەویە سپی دەشتی کۆیە.

## دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە



دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، یەکێک لە تێکۆشەرە سیاسییە ناودارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.

دیمانە: شلێر حەسەنپوور

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل خەباتکاری ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە ناودارەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ، ٤٧ی هەتاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێز لێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس وکاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمە دا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، و بە هاوکاری ئەو بەڕێزانە هێندێک تیشکمان خست بێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندییە دا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بکەم بۆ زیاتر ناساندنی شەهید مەلا ئاوارە.

پرسیار : بەڕێز مامۆستا دەکرێ بۆمان باس بکەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بۆ یەکەم جار چاو پێکەوت و هەروەها تیشک بخەیە سەر شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان؟

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە : "ئاوارە" هاوڕێی ڕێگای ژیان وخەبات، ئەو کەسەی قەت لەبیرم ناچێ دووربەدوور ناوی یەکترمان بیستبوو، ئەو چی منی بەدڵدا چوو بوو نازانم و بەداخەوە لە نێویشمان دا نەماوە لێی بپرسم. بەڵام شتێک کە دووراودوور، مەلا ئەحمەدی شڵماشیی لەلای من خۆشەویست کرد بوو ئەوە بوو کە دەیانگوت فەقێیەکی زۆر زیرەکە، زۆر بە ئەدەب و ئەخلاقەو زۆریش قسە خۆش و مەشرەف خۆشە. ئاخرو ئۆخری پاییزی ساڵی١٣٣٤ (١٩٥٥) لە گوندی "بێشاسپ"ی ناوچەی سوێسنایەتی قیسمەت و نسیبمان وێک کەوت. ئەو لەوێ دەیخوێندو ئەمن بە سەفەر چووم. وەک دەیان ساڵ بێ یەکتر بناسین باوەشمان بە یەک دا کردو یەکترمان ماچ کرد، بە چەند سەعات وا ڕموودەی یەکتر بووین کە ساغ بووینەوە ئەمنیش بە زاراوەی فەقێیایەتی "جێگا وەخوازم" مامۆستای ئاوەدانی فەقێی تەواوی لە خزمەت بوون و ڕاگرتنی منی کەمێک لەبەر گران بوو. بەڵام مەلا ئەحمەد پێی داگرت و ئەویش دڵی نەهات قسەی بشکێنێ. ڕەفیقە فەقێیەکانی دیکەش زۆریان پێ خۆش بوو و تەنانەت گوتیان بەشەنانی خۆمانی دەدەینێ و وەختی دەرسی خۆشمانی لەگەڵ بەش دەکەین. بەهەرحاڵ مامۆستا قسەی پێ نەماو دامەزرام.






وەسبەینێ ڕا چوومەوە شوێنی پێشووم ئەسبابەکانم بێنم. ئەمە زاراوەی نێو فەقێیان بوو. دەنا ئەسبابی چی؟ لێفەیەک کە هەم رایەخ بوو هەم پێخەف، دوو کتێبی شڕو شەپەتووڕ، "بوخچە"یەکی یەک میتری کە کتێب و "لیباس"ە! زیادییەکانمی تێدابوو، و ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ. مەلا ئەحمەد بۆخۆی لەگەڵم هات گوتی ئەسبابەکانت لەگەڵ هەڵدەگرم. گوتم کاکی خۆم چیم لەگەڵ هەڵدەگری؟ باری پشیلەیەکی شەل نابن. گوتی حەتمەن دێم. تومەز دەترسا پەژیوان بمەوە یان پەژیوانم بکەنەوە. بەڵێ بووینە هاوڕێی فەقێیەتی. هەردووکمان یەک کتێبمان دەخوێند. بەڵام ئەو کەمێک لە پێش منەوە بوو. بە تەمەنیش دوو تا سێ ساڵ لەمن گەورەتر بوو. بەڵام خوێندن چ عەرز کەم. رۆژێ دوو جار، جارێ نیو سەعات تا ٤٠ دەقیقە دەرسمان دەخوێندو شەوانەش دەوری سەعاتێک موتاڵای دەرسی رۆژی دواترمان دەکرد. ئیدی وەختمان بەتاڵ بوو، یان بەزاراوەی ئەمڕۆ ئازاد بوو. کەچی قەت لێمان نەدەبڕا، شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، قسەمان دەکرد، بەسەرهاتمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بوخچەی دڵمان بۆ یەکتر دەکردەوە، دەردی دڵمان دەکردو سەرمان بە هەموو مەسەلەیەکەوە گەرم دەکرد. زۆر جار پاش چرا کوژانەوەش بە تاریکێ و بە سرتە (لەبەر هاوڕێکانمان) قسەمان دەکرد هەتا خەو بەلای دا دەبردین.

سەیر ئەوە بوو هەردووکمان ئەندامی حیزبی دێموکرات بووین. بەڵام وا گۆش کرابووین هەتا دەورانی پێشمەرگایەتیی مەلا ئەحمەد کە ئێستا ببووە مەلا ئاوارە هەرگیز لەلای یەکتر نەمان درکاند کە ئەندامی حیزبین، هەرچەند بە ڕاشکاوی هەموو شتێکمان لەلای یەکتر دەگوت متمانەی تەواومان پێک هەبوو.

گەڕیدەیی و ماڵ بە کۆڵیی خوێندنی فەقێیایەتی لێکی جیا کردینەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵ لێک دابڕاین. وەختێک بیستم وازی لە خوێندن هێناوەو رووی کردۆتە کاسبی و خەریکی کڕین و فرۆشتنی تووتنە، ئەویش تووتن لە ئێران و راستیش لە ناوچەی سەردەشت کە بۆخۆی لە شیعری "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت"دا لە هەموو کەس باشتری ناسیوەو ناساندوە. دواتر ئاگادار بووم کە قاچاغ بووە، وەک زۆر کەسی دیکە پەنای بردۆتە بەر کوردستانی گەرمێن، لانکی خەباتی کوردایەتی و لە نیزیک مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان گیرساوەتەوە.

ساڵ هات و ساڵ رابرد، بەهاری ساڵی ١٣٤١ ئەمن کە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردبوو لە گوندی شیوەسەڵی ناوچەی سوێسنایەتی بوومە "مەلا". لەگەڵ ئەوەی ئێستا مەلا ئەحمەد کە ببووە مەلا ئاوارە لە عیراق دەژیاو لە چاوی رێژیمی پاشایەتیەوە ناوبردنیشی قاچاغ بوو، ناوی و یادی و باسی رەفتارە جوانەکانی و قسە شیرینەکانی نوقڵی هەموو مەجلیسان بوو. لە ژیانم دا کەسێکی دیکەی وام نەدیوە کە ئەوەندە خۆشەویستی هەمووان بێ. هەر لە دەورانی خوێندنی دا خەڵکی هەموو ئاواییەکانی ناوچە بە ئاوات بوون مەلا ئەحمەدی شڵماشی لە دێیەکەیان بخوێنێ. بۆیە لەگەڵ هەرکەس دادەنیشتم ئەگەر دەرفەت هەبایە باسی ئاوارە دەکراو بە تاسەوە یادی دەکرایەوە.

کەوتینە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) مەلا ئاوارە سەروسۆراغی پەیدا بۆوە. بەڵام ئەم جارەیان نە فەقێ بوو نە مەلا و نە تووتن کڕو تووتن فرۆش. ئەم جارە کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەویش چ کادرێک؟ خۆشەویستی هەمووان، جێی متمانەی هەمووان و میوانی ماڵی هەمووان. ئەی لەو هەموو فیداکاری و سەبرو سیکەدانەیە!! جاری وابووە چەند رۆژ لە گۆشەی کۆنەکادێنێک و تەنانەت شوێنی حەوانەوەی مەڕومالات دا ماوەتەوە، بێ ئەوەی کەس هەست بە بوونی لەو شوێنە بکا یان کەس گلەیی لێ ببیسێ یان نێوچاوانی بە گرژی ببینێ. سەیر ئەوە بوو هەموو کاتێک ئاگای لە رووداوەکانی سەرانسەری ناوچەی سەردەشت هەبوو. چونکە رایەڵکەیەکی وای پێک هێنابوو کە هەرچی رووی دابایە پێی دەگەیشتەوەو لێی خەبەردار دەبوو. زۆربەی زۆریش بە تاقی تەنیا بە خۆی و برنۆیەکی درێژ و دوو قەد فیشەکدانەوە دەگەڕا. ئیدی لەشکرو مەفرەزەو جبەخانەی بەدواوە نەبوو، بەڵکە وەک ماسی لە دەریای میللەتەکەی دا دەژیاو باکی لە هیچ نەبوو. تەنانەت جارێکیان لەبیرمە لە ماڵی جووتیارێک میوان بوو کە دەستەیەک ژاندارم بە دێی وەربوون و ئەمنیش لەلای بووم. سەعات نیزیک دوازدەی نیوەڕۆی رۆژێکی سەرەتای بەهار بوو. هەموومان نیگەران بووین کە بەدوای ئاوارەدا بگەڕێن. بۆیە ئەومان بە جلێکی شڕو قوڕاوی کاسبکارێکەوە وەدەر ناو ئەمنیش تفەنگ و فیشەکدانەکەیم لەبن جل و بەرگی مەلایەتی دا شاردەوەو لە ئاوەدانی وەدەر کەوتم و تەحویلم دانەوە.

ئەو ساڵانە گوزەران تا ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) ساڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکدارییە هەژدە مانگییەکەی بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ناوی "کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لەسەر خۆیان دانابوو. هێندێک پێشهات بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی گەرمێن هاتنە پێش کە بە جۆرێک بەدگومانیی لەلای کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بەرامبەر بەو هاوڕێیانە دروست کرد. بۆیە پێش نوێ بوونەوەی ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) لە نێو هێندێک لە پێشمەرگەکان و تەنانەت کادرەکانیش دا بیری گەڕانەوە بۆ ئێران و هەڵگیرساندنی "شۆرشی چەکداری" گەرای بەست. بەڵام مەلا ئاوارەی وردو بە بیر دژی ئەو بۆچوونە بوو. لە نامەیەک دا کە بۆ منی ناردبوو نووسیبووی حەتمەن ئاگاداری کە ماوەیەکە مقۆمقۆی شۆرشی چەکداری سەری هەڵ داوە. شۆرشی چەکداری بەبێ چەک، شۆرشی چەکداری بەبێ تەشکیلاتی پتەو، شۆرشی






چەکداری بەبێ پشتی جەبهەو... تکایە بە هەر جۆر بۆت دەکرێ هەوڵ بدە ئەو خەیاڵە لە سەری کەسانی نیزیک خۆت بەریەدەر.

کەچی ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێک چووەپێش کە نە ئەو کارێکی لە دەست هات، نە ئەمن و نە هیچ کەسی دڵسۆز بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی ناوەخت و ئامادە نەکراو هەڵنەگیرسێ. نیوەڕاستی مانگی جۆزەردانی ١٣٤٦ بوو یادداشتێکی چەند دێڕیم لە مەلا ئاوارەوە بۆ هات کە نووسیبووی نیزیک بە پەنجا کەس لەو ڕەزانەی پشتی گوندەکەتانین. تکایە نان و پێخۆرمان بۆ بنێرەو بەیانی بۆخۆشت سەرمان بدە. دەوری سەعات سێی پاش نیوەشەو بوو کە نامەکەی گەیشت. چەند کەسی باوەڕپێکراوم لە خەو هەستاندو کارەکەم بۆ باس کردن، پێش دنیا ڕووناک بوون بەشی زیاتر لە ١٠٠ کەس نان و پێخۆرو قەندو چایان خرکردەوەو بۆیان بردن. بەیانی پێش تاوهەڵات بۆخۆشم چووم، دیتم جگە لە نیگابانەکان دوو دوو و سێ سێ هەرچەند کەس لەبن دەوەنێک نووستوون و لە حاڵی حەسانەوە دان، دواتر کە هەستان دیتم شەهید سولەیمانی موعینی (فایق) چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرەکان لەگەڵن و زوو تێیان گەیاندم کە بە یەکجاری گەڕاونەوە. کە پرسیم نیازی چیان هەیە گوتیان لە کوردستانی عیراق جێمان پێ لێژ بووەو ناشمانەوێ خۆمان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق بکەین. بۆیە هاتووینەوە لە وڵاتی خۆمان بحاوێینەوە هەتا دەکوژرێین و نیازی شۆڕشی چەکدارانەشمان نیە.

کەچی بە پێچەوانەی بەرنامەی خۆیان نەک شۆڕشی چەکداری بەڵام زۆر زوو بەربەرەکانی‌یەکی چەکدارانەیان بەسەر دا سەپا. ڕێژیمی پاشایەتی کە هەستی بە گەڕانەوەیان کردبوو، شیو و دۆڵ و چیاو چۆلی بە جاش و ژاندارم و جاسووس و خۆفرۆش لێ تەنین و کەوتە ڕاونانیان. بە ناچار لە زۆر جێگا تووشی تێکەڵچوونی چەکدارانە بوون. هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە ئامادە نەکرابوو و بەسەر تێکۆشەرانی دێموکرات و گەلی کورد دا سەپابوو، بەڵام بەڕاستی هەردوو لا قارەمانەتی‌یان نواندو حەماسەیان خوڵقاند. زۆر جار هێزێکی دە پازدە کەسیی پێشمەرگە لەگەڵ سەدان چەکداری دوژمن بەرەوڕوو دەبوون کە بە تۆپخانەو هێلی کۆپتێرو تازەترین چەکی شەڕ تەیار بوون. کەچی بوێرانە بەرەنگاریان دەبوونەوە، زیانی قورسیان لە هێزەکانی دوژمن دەداو سەربەرزانە خۆیان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگار دەکرد. دیارە لەو شەڕانەدا بە داخەوە پۆلێک لە باشترین کادرو پێشمەرگەکانی دێموکڕاتیش گیانیان لەدەست دا کە هەریەکەیان بۆ بزووتنەوەی کورد سەرمایەیەک بوون و لەدەستچوونیان بەڕاستی خەسارێکی گەورە بوو.

شتی زۆر جێگای شانازی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک لە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو. لەگەڵ ئەوەی بەکرێگیراوانی دەوڵەت هەموو ڕەفتارێکی دژی ئینسانی‌یان دژی ئەو خەڵکە بەکار دێنا. بەڵام قەت پشتیان لە پشتیوانیی ڕۆڵەکانیان سارد نەبۆوە. لە هەر جێگایەک هەستیان بە بوونی پێشمەرگە کردبایە نان و پێخۆرو بەرگ و پێڵاو و فیشەک و بە کورتی پێویستی‌یەکانی خۆڕاگرتنیان پێ دەگەیاندن. تەنانەت لە جەنگەی شەڕو بەرەبەرەکانی و ئاگربارانیش دا کیژ و لاوانی چاونەترس و بە ئەمەگی کورد نانی تازەو دۆی ساردو چای گەرمیان بۆ دەگەیاندنە سەنگەرو هێندەی دیکە ورەو باوەڕو متمانەیان پێ دەبەخشین.

بەڕاستی دەوڵەتی گەورەو گرانی حەمەڕەزاشا ترسی ڕێ نیشتبوو. چونکە ئەوان توانیبوویان "جزیرەی ئارام"ی حەمەڕەزاشا بشڵەژێنن و گۆمی مەندی بەرهەمی زەبرو زەنگی ژاندارمە بشڵەقێنن. لەو نێوەدا نەخشی مەلا ئاوارە تایبەتی بوو. ئەو ئێستاش هەر لە نێو دەریای بێ برانەوەی گەلی خۆی دا دەژیا. جاری وابوو سێ شەوان لە یەک ئاوایی دا دەمایەوە، بەڵام جگە لە کەسانی تایبەتی هەموو کەس پێی وابوو ڕۆیشتووە دووریش ڕۆیشتوە. شێوەی جوانی بۆ نهێنی کاری دادێنان و دوژمن نەی‌دەتوانی شوێنی هەڵگرێ. زۆر کەمیش وابوو لە دووسێ کەس زیاتری بە دەورەوە بێ، هەر لەوکاتەدا چواردەوری هێزی پارێزەر واتە هێزی لە برانەوە نەهاتووی خەڵک بوو. جارێکیان ئەفسەرێکی پایەبەرز کە فەرماندەی گشتیی عەمەلیات دژی شۆرشگێرانی کورد بوو، بە زەبوونی پێی لەوە نابوو کە بەدەست مەلا ئاوارەوە داماوە، چونکە هەرچی دەکا ناتوانێ شوێنی هەڵگرێ. گوتبووی شەوێ لە هەر دێیەک بێ بەیانی دەزانین، بەڵام ناتوانین بزانین شەوی دواتر لە کوێ دەبێ تا بتوانین گەمارۆی بدەین.

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە دوژمن بۆ لە داو خستنی مەلا ئاوارە بە هاوکاریی چەند بەکرێگیراوێک پیلانێک ڕێک بخەن کە مەلا ئاوارە بێ ئەوەی بیهەوێ، دوو شەو لە جێگایەک وەمێنێ. پیلانەکە بەم جۆرە بوو: خەڵک زۆر جار کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان دەبردە لای مەلا ئاوارە کەبۆیان چارەسەر بکا. بۆ لە داوخستنی ئاوارە ڕاست لەو ڕێگایە کەلک وەردەگرن: کێشەیەکی زەوی و زار دەبەنە لای ئاوارە کە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوەو کارەکەش وا ڕێک دەخەن کە دوو لایەنی کێشەکە ڕێک نەکەون هەتا ڕۆژ ڕووناک دەبێ. لەو کاتەش دا بەناوی دڵسۆزی ڕێگا نادەن مەلا ئاوارە لە ئاوایی بچێتەدەر چونکە بەردەوام هێلی کۆپتێر بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەگەڕاو مەترسیی ئاشکرابوونی زۆر بوو. لەولاشەوە خەبەر دەدەن کە هێزێکی پۆشتەو پەرداخی دوژمن بێن دەوری گوندی "دیوالان" بگرن و بەو زمانەی کە کاربەدەستە فێڵبازو ناپاکەکان دەی‌زانن داوای لێ بکەن خۆی تەسلیم بکا. هێندێک دەڵێن دەرماندراو کراوەو بە بێهۆشی گیراوە، بەڵام نامەیەکی کە پاش گەمارۆدرانی بۆ پێشمەرگەکانی نووسیبوو نیشانی دەدا کە ئەوە ڕاست نیە. بەهەرحاڵ خەیانەتی پێ کراو بە دەهۆ لەداو خراو بە بارەقەڵلایەکی دوژمن فرۆشرا.






**پرسیار : کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا چۆن بوو؟**

**ماموٚستا عەبدوڵلا حەسەنزادە : گیرانی مەلا ئاوارەو هاوڕێکانی: مەلا کەچە، محمەدی وەتمان چاوشین و فەقێ ڕەحمان بۆ هاوڕێکانی و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی سەردەشت ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو لە بواری سیاسیدا حیزبی دێموکرات ڕێبەری زاناترو بەئەزموونتر لە ئاوارەی هەبوون. بەڵام هیچ زیادمان نەگوتوە کە بڵێین ئەم حیزبە تا ئێستاش نە کادرێکی وا خۆشەویست و نە کادرێکی تەشکیلاتیی وا کارامەو لێزان و بە ئەزموونی بەخۆیەوە دیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین پاش تێکشکانی بزووتنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی سەردەشت گیران. بەڵام لەسەر کەسیان سابیت نەبوو کە ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەمەش ئاکامی ڕێنوێنییە تەشکیلاتییەکانی ئاوارە بوو کە فێری کردبوون چۆن هەموو بەڵگەیەک لە دەست وێراگەیشتنی پۆلیس بپارێزن.**

**پرسیار : دوای ئەوە گەلانی ئێران و کوردستان لە ڕێژیمی پەهلەوی ڕاپەرین، حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی خاوەن پێگە لە نێو کۆمەڵ دا زۆر زوو بەشی هەرە زۆری کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هۆی چی بوو کە ئەو کەسانەی کە شکی ئەوەیان لە سەر بوو کە شەهید مەلا ئاوارەیان لە داو خست بوو محاکمە نەکران؟**

**ماموٚستا عەبدوڵلا حەسەنزادە : شتێکی زۆر تاڵ ئەوەیە کە تاوانبارانی داستانی دیوالان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئێستاش بە سزای خۆیان نەگەیشتن. تەنانەت تاوانبارە بنەڕەتییەکان بێ ئەوەی لێیان بپرسرێتەوەو حوکمی گەلیان بەسەردا بدرێ بە مردنی سروشتی سەریان نایەوە کە ناوبردنیان لێرەدا هیچ سوودێکی نیە. ڕەنگە ئێمە لە حیزبی دێموکرات دا ئەو پاساوە بێنینەوە کە دەرفەتەکە کەم بوو، سەنەدو بەڵگەی دادگا پەسەند لەبەر دەست دا نەبوون و وێ ڕا نەگەیشتین پەروەندەیان بۆ ڕێک خەین و بیان دەینە دەستی عەداڵەت. بەڵام ئازایانە دەبێ قبووڵ بکەین خەمسارد بووین و بەرامبەر بە خائینانێک کە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلەیان خستە داوی دوژمنەوە هیچمان نەکرد، تەنانەت بۆ حەوتوویەکیش دەستبەسەرمان نەکردن. بەو ئاواتە کە ئەمە دوا کەمتەرخەمیی بەرپرسان بەرامبەر بە خائینانی گەل و نیشتمان بێ.**

**پرسیار : بەرێز ماموٚستا، شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆرشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون کە لەو کات و سەردەمە دا وێردی سەر زمانی خەڵکی ناوچە و بە تایبەت جووتیاران بوو، لەم بوارەدا جەنابت چۆن دەروانییە نووسینەکانی مەلا ئاوارە؟**

**ماموٚستا عەبدوڵلا حەسەنزادە : بەجێیە باسێکیش لەوە بکەم کە مەلا ئاوارە هەروەک تێکۆشەرو نیشتمانپارێزێکی گەورە بوو، ئەدیبێکی ناسک خەیاڵیش بوو. نامەوێ بڵێم شاعیرێکی گەورەی وەک خانی و نالی و هەژارو هێمن و... بوو. هەر ئەوەندە دەڵێم عاشقی ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعر بوو. بۆ دەربڕینی هەستی خۆی و دەردی خەڵکیش زۆر جار پەنای بۆ هۆنراوە دەبرد. چونکە دەیزانی بەشی زۆری خەڵکەکەی نەخوێندەوارن و لە زمانی هۆنراوە باشتر حاڵی دەبن. بەڕاستییش شاعیری هەژاران بوو. شیعرەکانی کەمن، بەڵام ئەوەی هەن هەموویان لە خزمەتی ئامانجەکانی خۆی و دەرخستنی دەردو مەینەتی خەڵکەکەی دان. باسەکەم درێژ بۆوە. بۆیە حەز ناکەم لەو بارەیەوە زۆرتر بدوێم. بەڵام بەجێ دەبێ ئەگەر شیعری بەناوبانگی "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت" وەک نموونەیەکی بەرچاوی هۆنراوە نیشتمانییەکانی بەدوای ئەم باسەدا بڵاو بکرێتەوە.**
**یادی بەخێر، رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار.**

**بەڕێز ماموٚستا زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.**

**سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١ی سیپتامبری ٢٠٠٧**






## دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و برای شەهید مەلا ئاوارە



دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و دڵسۆزانی سیاسی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل شۆڕەسواری ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە بوێرەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ، ٤٧ی هەتاویی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ناوی مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێز لێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس وکاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمە دا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، تا بە هیممەتی ئەو بەڕێزانە تا ڕادەیەک توانیبێتمان هێندێک تیشکمان خست بێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندییە دا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز کاک مستەفا شڵماشی برای بچووکتری شەهید مەلا ئاوارە بکەم کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی هولەندە.

* ئەو کاتە باش، زۆر سوپاس بۆ بە دەنگەوە هاتنمان، سەبارەت بە زانیاری دان لە سەر شەهید مەلا ئاوارە و یاد کردنەوە لەو تێکۆشەرە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان.

مستەفا شڵماشی : منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرکەی خستووتانەتە ئەستۆ و هیوادارم کە لە ئەرکەکانتان دا سەرکەوتوو بن.

پرسیار : باسەکەمان بە پرسیارێک لە سەر دەورانی پێش تێکۆشانی مەلا ئاوارە دەست پێدەکەین، واتە بە کورتی ژیان و هەڵس وکەوتی شەهید مەلا ئاوارە لە بنەماڵە دا چۆن بوو؟

مستەفا شڵماشی : بە داخەوە شەهید مەلا ئاوارە زۆر کەم لە نێو بنەماڵەکەی دا بوو. ئەوەندەی بە بیرم بێ هەتا تەمەنی من بوو بە هەشت، نۆ ساڵ جاروبار دەهاتەوە ماڵێ. ئەو کاتەی کە دەهاتەوە ماڵێ جێژنی هەموو لایەکمان بوو. ئەوەندە ڕوو خۆش و دەم بە پێکەنین بوو کە ماڵەکەی بە تەواوی دەگەشاندەوە و خۆشی دەکرد. بە تایبەت بۆ من هێنەری خۆشی و شادی بوو. لە بەر ئەوەی منداڵ بووم و بابم نەمابوو، ئاخری هەمووشیان بووم، خوشک و براکانم، بە تایبەت شەهید ئاوارە زۆری موحیببەت پێ دەکردم. لە بیرمە پۆلی دووی سەرەتایی بووم، ئەو کات لە گوندی شڵماش بووم، هۆنراوەیەکی بۆ نووسیم تا لە بەر دەم پشکێنەری فەرهەنگ و بارهێنان کە سەردانی قوتابخانەکەمانی دەکرد بیخوێنمەوە. ئەو کاتانەی لە ماڵ بوو هەمیشە لە گەڵ خۆی دەی گێڕام. هەموو لاوەکانی ئاوایی لێی کۆ دەبونەوە و گوێیان لە قسەکانی ڕادەگرت، دیارە ئەو کاتە من نەمدەزانی باسی چ دەکا. دوایی بۆم دەرکەوت کە هەموو جارێ باسی کوردایەتی بۆ کردوون. ئاوارە هەر ئەو کاتیش لە نێو خەڵک و لە بنەماڵەشدا زۆر خۆشەویست بوو. لە سەر فەقیر و هەژارانی دەکردەوە و هەر کەس زوڵمی لێ بکردنایە بەگژیدا دەچوو. لە بیرمە جارێک لە سەر جوتیارێکی خۆشەویستی ئاوایی کە لە لایەن ئاغاوە، زوڵمی لێ کرا بوو، بە گژ ئاغای گوندیدا چوو، لە گەڵ ئاغا بە جۆرێک تێکچون کە قەت ئاشت نەبونەوە.

پرسیار : بنەماڵەی بەڕێزی ئێوە تا چ ڕادەیەک کاریگەری لە سەر ژیانی شۆڕشگێرانەی شەهید مەلا ئاوارە هەبووە؟


مستەفا شڵماشی : هەر لە سەردەمی بابمەوە بنەماڵەی ئێمە لە گەڵ مەسەلەی نەتەوایەتیدا تێکەڵ بووە. باوکم یەکێک بووە لەو پیاو ماقوڵانەی ناوچەی سەردەشت کە سەردانی پێشەوا قازی محەممەدی کردووە و لە گەڵ کۆماری کوردستاندا هاوکاری کردووە. دوایەش زۆر جار کادرەکانی حیزبی دێموکڕات سەری ماڵی ئێمەیان دەدا و پەیوەندی بنەماڵەکەمان هەمیشە بەردەوام بوو. جگە لەوەش پەیوەندی بنەماڵەی ئێمە لە گەڵ شۆڕشی باشووری کوردستانیش زۆر بە هێز بوو. برا گەورەکەم کاک عەلی و شەهید ئاوارە کە هەر دووکیان بە ڕەحمەت چون، زۆر خەریکی کۆ کردنەوەی یارمەتی بوون بۆ شۆڕشی کوردستانی باشوور. هەروەها براکانی دیکەم و خزمەکانم هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون. دیارە لێوەشاوەیی و لە خۆبوردوویی شەهید ئاوارە لە ڕاددەیەکیتر دا بوو. بۆیە بە باوەڕی من ئاوارە لە هەر بنەماڵەیەک بایە بەو زاتەی کە هەیبوو، بێشک هەر لە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دا دەبوو.

پرسیار: مەلا ئاوارە زێد و ژیانی خۆی بۆ ڕزگاری گەلە بەشخوراوەکەی بە جێ هێشت و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە یەکێک لە ئەستێرە گەشاوەکانی شۆڕش و بەرنگاری لە کوردستان دا، ئایا لە لایەن ڕێژیمی نگریسی پەهلەوییەوە زەخت و گوشار لە سەر بنەماڵەی ئێوە هەبوو، بۆ بە چۆک داهێنانی ئەو نەمرە، ئەگەر هەبوو بە چ شێوەیەک؟






**مستەفا شڵماشی :** فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر بنەماڵەکەمان هەبوو. برا گەورەکانم زۆر جار لە لایەن ساواکەوە بانگ دەکران و داوایان لێدەکرا هەوڵ بدەن ئاوارە بێننەوە. کاتێک ساواکی‌یەکان لەوە نائومێد دەبوون، فشاری زۆرتریان دێنا و هەڕەشەیان دەکرد کە دەتان گرین. زۆر جاریش بە وەڵام و خەبەری ناخۆش ئازاری ڕوحیان دەداین. بەکرێگیراوەکانی ساواک و نۆکەرە کوردەکانی بەر دەرگای تاغووتیش ئازاریان دەداین. دوکان و ماڵەکانمان لە سەردەشت هەمیشە لە ژێر چاوەدێری ساواک دا بوون. چاکم لە بیرە، کە منداڵ بووم و هاوینان لە بازاڕی سەردەشت میوەم دەفرۆشت جارێک کەسێک بە ناوی ساڵحی شافعی کە بۆ قازانجی شەخسی خۆی دەیهەویست خۆی لە لای دەوڵەت شیرن بکا، هات و یەخەی پێگرتم و پێی ووتم کە، براکەم لە دەرەوە چەتەیی دەکا و بۆ خۆشم بازاڕەکەم بە میوە فرۆشی تێکداوە و میوەکەشم گران کردووە، و پێی گووتم کە لە سپەینێ ڕا حەقم نییە بێمەوە بازاڕ. منیش زۆرم لە دڵ گران هات و گوتم کە بە تۆ هیچ مەربوت نییە و براکەشم هەر چی‌یەک بێ، بەس نیە ساواکی نییە و جاسوسی بە سەر خەڵکەوە ناکا. کە ئەوەم پێ گوت پەلاماری دام کە لێمدا. لەو کاتە دا کاک کەریم حەدداد بەوێ دا ڕادەبری، هەر کە گوێی لە باسەکە بوو زۆر بە توندی بە گژ کابرا دا چۆوە و جنێوی پێدان و لە سەری کردمەوە. ئەو کاتیش کاک کەریم هەر ئەندامی حیزب بوو زۆریش نەترسانە جوڵایەوە. بە هەر حاڵ ئەوە وێنەیەکی زۆر چکۆڵە بوو لە چاو ئەو فشارەی کە دەوڵەت بۆ خۆی دەیهێنا. ئەو ڕووداوە زۆر ناخۆش بوو چونکە لە لایەن هاووڵاتیەکی خۆتەوە بوو. دیارە لە بەرامبەر دا زۆر کەسیش هەبوون کە بە هۆی چالاکیەکانی شەهید ئاوارەوە، زۆریان ڕێز لە بنەماڵەی ئێمە دەگرت.




**پرسیار :** دوایین جار مەلا ئاوارەت لە کوێ و لە چ ساڵێک دا چاو پێکەوتەوە، ئایا دوای ئەوە بوو بە یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ساڵانی 46 ، 47 ی هەتاوی سەردانی ئێوەی کردەوە، لە کاتی چاو پێککەوتنتان دا هەستی جەنابت چۆن بوو؟

**مستەفا شڵماشی :** دوای ئەوەی کە شەهید ئاوارە بوو بە یەکێک لە کادرە لێهاتوەکانی حیزب و یەکێک لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی ٤٦ ، ٤٧ ئەمن تەنیا یەکجار چاوم پێکەوتەوە، ئاخرین دیدارم لە گەڵ شەهید ئاوارە لە ساڵی ١٩٦٧ دا بوو، ئەو کاتەی کە پێشمەرگە بوو نێوبانگێکی زۆر زۆری دەر کرد بوو. ئاواتم ئەوە بوو ببینم، هەمیشە لە بیری ئەوە دا بووم کە تەمەنم وای لێ بێ بچم لە لای ببمە پێشمەرگە. بۆ کارێکی تایبەتی لە سەردەشتەوە چوو بوومەوە شڵماش و ڕەزگە، ئەو کاتەی ماڵمان لە سەردەشت بوو. لە ڕەزگەوە دەچوومەوە بۆ شڵماش، لە مووچە و مەزرای ماڵێ خوشکم لامدا بۆ ئەوەی شەوێ لەوێ بم. بە هەورازێکی دا سەر کەوتم، هەتا چوومە بەردەمی ماڵێ خوشکم پشووم نەدا. هەر وەک دڵم خەبەری دا بێ بە پەلە بووم بگەمە ئەوێ. خوشکم باوەشی پێدا کردم و بە پێکەنینەوە گوتی، وەختێکی چاک هاتووی. کاکم لێرەیە و هەر لە بن هەورازیەوە بە دوربین چاوت لێدەکا. کاتێک چوومە لای لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی تاوێکە چاوت لێدەکەم، هەر وەک گروێسیان1 دەڕۆیشتی. ئەو شەوە زۆر خۆشمان گوزەراند و بەیانی داوام لێکرد ئیجازە بدا کە لە لای خۆی بمێنمەوە و ببمە پێشمەرگە، هێندێک پێم پێکەنی و دوایەش ئیجازەی نەدام بمێنمەوە. ئەوە ئاخر جار بوو کە دیتمەوە، بەداخەوە قەت چاوم پێ نەکەوتەوە.

ساڵی ١٣٤٦ واتە ١٩٦٧ی زائینی. ئەو کات کە چاوم پێکەوت سێ هەستی گەورە و بەتین لە منی لاو دا جووڵان.

١- هەستی خۆشەویستی و ڕێزی لە ڕادە بەدەر بۆ پێشمەرگە، کە یەکێک لە ئاواتەکانم بوو بەو لیباسەوە ببینم.

٢- هەستی خۆشەویستی و ڕێز بۆ ناوبانگەکەی چ وەک قارەمانێکی گەل و چ وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕ کە لە نێو هەموو چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستاندا بە تایبەت لە نێو زەحمەتکێشانی کوردستاندا ڕێزێکی زۆری هەبوو خەڵکی هۆنراوەکانی لە بەر دەکردن.

٣- هەستی خۆشەویستی بۆ براێک کە پەیوەندیەکی تایبەتیی ڕوحیم لە گەڵی هەبوو چەند ساڵ بوو نەمدیبوو.

ئەوانە هەموی پێکەوە هەستی خۆشیەکی زۆریان لە مندا کۆ کردەوە، هەر بۆیە هەرگیز ئەو ئاخر دیدارەم لە بیر ناچێتەوە و ئێستاش، زەردەخەنەکانی هەر لە بەر چاومن. ئێستاش قسە خۆشەکانی و شۆخیەکانی لە گوێم دا دەزرینگێنەوە.

**پرسیار :** ڕاپەڕین و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و جێگای تایبەت بە خۆی لە مێژووی حیزب و گەل دا هەیە، لەو خەباتە نابەرامبەرە دا بە داخەوە ٣٨ کەس لە تێکۆشەرانی ئەو کاتی حیزب و یەک لەوان مەلا ئاوارە شەهید بوون، دەکرێ لەو پەیوەندی‌یە دا و بە تایبەت لە سەر مەلا ئاوارە زانیاری‌مان پێ بدەی؟

**مستەفا شڵماشی :** جوڵانەوەی ٤٦ ، ٤٧ یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی حیزبی دێموکڕاتە. کادرە لە خۆبردووەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەردەمێک دا دژی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی پاشایەتی ڕاوەستان، کە لە سەرانسەری ئێراندا هیچ دەنگێکی دژایەتی لە گەڵ ڕژیم نەدەبیسترا و ساواک بە سەر هەست و نیستی خەڵکدا دەسەڵاتی هەبوو.






لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە ڕژیم نیازی هەبوو لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا نفوزی خۆی بسەپێنێ و بە ناوی هاوڕەگەزی و ئێرانی گەری، هەموو گەلی کورد بکاتە داردەستی خۆی لە ناوچەدا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئامادە نەبوو بچوکترین بەش لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان قەبووڵ بکا. تەنیا دەیهەویست بەعینوانی پارێزەرانی سنووری دەسەڵاتەکەی و بە ناو مەرزدارانی غیور کەڵک لە کوردەکان وەر بگرێ.



ئەو جوڵانەوەیە بە جۆرێک جێگای خۆی لە نێو دڵ و دەرونی کۆمەڵانی خەڵکدا کرد بۆوە، کە ئێستاش داستانی لە خۆبوردوویی و دڵسۆزی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەو سەردەمیدا وێردی سەر زمانی هەمووی ئەوانەیە کە ئاگاداری شێوەی کاری تەشکیلاتی، پێشمەرگایەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو جوڵانەوەیە بوون. بەتایبەت جێ پێی شەهید ئاوارە بە تەواوەتی لەو جوڵانەوەیە دا دیارە و تەنانەت بە هۆنراوە شۆڕشگێڕی وکۆمەڵایەتیەکانی خزمەتێکی گەورەی هونەری و فەرهەنگیشی کردووە. هەر چەندە گەلی کورد لەو جوڵانەوەیە دا ژمارەیەک قارەمانی گەورەی وەک شەهید ئاوارە، موعینیەکان، شەریفزادە، باپیر شکاک، سەید فەتاح، مینەشەم، ساڵح لاجانی، مەلا کەچە، ڕەحمان چاوشین، محەممەدی ڕەسووەمەرە، حوسێن خاتون و زۆر قارەمانی دیکەی لە دەستدا، بەڵام یەک بۆشایی گەورەی مێژوی خەبات و تێکۆشانی بۆ پڕ بۆوە. ئەگەر ئەو جوڵانەوەیە نەبوایە، بێ گومان مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دوای ساڵی ١٣٣٢ هەتاوییەوە هەتا سەردەمی شۆڕشی تازە، چالاکیەکی ئەوتۆ بەرچاوی تێدا بەدی نەدەکرا. جوڵانەوەی ٤٦ ، ٤٧ پێشمەرگایەتی بوژاندەوە، کاری تەشکیلاتی فێری خەڵک کرد و پەیوەندی کۆمەڵانی خەڵکی بە خەباتی نەتەوەییەوە ڕاگرت و پەرەی پێدا. کاک حەسەنی شیوەسەڵی، شەهیدی زیندوی حیزب و گەلی کورد، کە بۆ خۆی یەکێک لە کادرەکانی ئەو سەردەمە بووە، زۆرجار باسی شێوەی سەرکەوتوی کاری پێشمەرگایەتی و تەشکیلاتیی ئەو سەردەمە دەکا، بە تایبەت شێوەی کاری شەهید مەلا ئاوارە بە سەرکەوتووترین شێوەی کاری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی دادەنێ.

**پرسیار : بە داخی گرانەوە مەلا ئاوارە لە بانەمەری ١٣٤٧ دا بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە گیرا، و پاش چەند مانگ دواتر لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەی شەهید کران، دەکرێ باسێکمان بۆ بکەی؟**




**مستەفا شڵماشی :** بەڵێ، شەهید ئاوارە لە گەڵ دوو هاوڕێی بە ناوەکانی مەلا کەچە و ڕەحمان چاوشین و ڕەحمان ناوێک کە ئەو کاتە تەمەنی نەگەیشت بوو بە١٨ ساڵ، لە بانەمەڕی ١٣٤٧ دا لە گوندی دیوالان گیران و لە خەرمانانی ئەو ساڵە دا لە گەڵ دوو کەس لە هاوڕێکانی، واتە مەلا کەچە و ڕەحمان چاوشین لە شاری سەردەشت، هەر لەو گەڕەکەی ماڵی خۆمانی لێ بوو واتە نیزیکەی ١٠٠ میتر لەو لای ماڵی خۆمانەوە تیرەباران کران و چوونە نێو ریزی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەلەکەمانەوە. ئەو جینایەتەی ڕژیمی پاشایەتی نەک تەنیا زەربەیەکی گەورەی لە جوڵانەوەی گەلەکەمان دا، بەڵکوو بنەماڵەی ئێمەشی بە تەواوی لە نێو برد. بە دوای شەهید بوونی ئاوارەی نەمر دا برایەکیشمان کاک مەحمود گیرا، کاک محەممەد مەجبور بوو شوێنی ژیانی خۆی بە جێ بێڵێ و ڕابکا، دەنا ئەویش قەرار بوو بگیرێ، منیش کە تازە تەمەنم ١٥ ساڵ بوو لە گەڵ کاکە محەممەدم ڕام کرد. تەنیا برا گەورەکەمان مایەوە کە ئەویش لەو کاتە دا بۆ بازرگانی لە تاران بوو. دایکیشم کە گوێی لە تەقەکان بوو و هەروەها سووڕانەوەی هێلیکۆپتەرەکەی بە سەر ماڵی خۆماندا، دیبوو، نەخۆشیەکی کوشندەی پێیەوە نوساو و هەتا نەیکوشت لە کۆڵی نەبۆوە.

**پرسیار : ڕەنگدانەوە و کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا و بە تایبەت لە سەر بنەماڵەی خۆتان چۆن بوو؟**

**مستەفا شڵماشی :** شەهید کرانی مەلا ئاوارە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە سەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و ناوچەی سەردەشت و بانە دا هەبوو. دەتوانم بڵێم تەواوی خەڵکی کوردستان بۆی بە پەرۆش بوون و دەیانزانی کە ڕێبەرێکی گەورەی داهاتویان لە دەستداوە. لە سەر بنەماڵەی خۆشمان کە هەر وەک لە پرسیاری پێشودا باسم کرد، ڕووخێنەر بوو. لە سەر کادر و پێشمەرگەکانی حیزبیش بە داخەوە زۆر کاریگەریی ڕووخێنەری هەبوو.






**پرسیار : جەنابت لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا چەند ساڵێک تێکۆشانت هەبووە، هۆی چی‌یە کە بە کەمی ئاوڕ لە تێکۆشەرانی وەک مەلا ئاوارە و شەهیدەکانی ساڵانی ٤٦ ، ٤٧ ی هەتاویی دەدرێتەوە و یا دراوەتەوە؟**

**مستەفا شلماشی :** بە داخێکی گرانەوە حیزبی دێموکڕات هیچ کاتێک نەیتوانیوە بەڕادەی پێویست، بە قەد باڵای مێژووە پڕ لە شانازیەکانی و شەهیدە سەربەرزەکانی، کەڵک لە هەموو ئەو سەروەریانە وەرگرێ و نرخی تەواو بدا بە شەهیدە سەر بەرزەکانی. دیارە ئەوە بە درێژایی مێژووی حیزبی دێموکڕات هۆی جۆربەجۆری هەبووە و بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە سەر زوڵمی زۆری دوژمن لە حیزب و گەلەکەمان. بەڵام دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکەین کە حیزبیش بۆ خۆی یەکجار زۆر کەمتەرخەم بووە. بە تایبەت سەبارەت بە جوڵانەوەی ٤٦ ، ٤٧ هەتاویی ڕێبەرایەتی حیزب یەکجار زۆر کەمتەرخەمە. هەر وابزانە دەیهەوێ، لە دوای کۆماری کوردستان هەتا کۆنفرانسی ٣ بازێکی مێژوویی بدا و خۆی لەو هەموو شانازیانە نەکاتە خاوەن. هیچ بیرەوەریەک لە شەهیدە سەربەرزەکانی ٤٦ ، ٤٧ هەتاویی ناکرێ و دەرسێک لەو سەردەمەی کە پڕە لە ئامۆژگاری وەر ناگیرێ. هیوادارم ڕێبەرایەتی حیزب ئاوڕێک لەو مێژوە پڕ لە شانازیە بداتەوە و نرخی خۆی بدا بەو بەشە لە خەباتی حیزب و گەلەکەمان.

**پرسیار : ڕادەی زانایی و هەڵسوکەوتی مەلا ئاوارە لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟**

**مستەفا شلماشی :** من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندە لە نیزیکەوە ئاگاداری کارەکانی شەهید ئاوارە نەبووم. بەڵام ئەوەی لە کادر و پێشمەرگەکانی سەردەمی ئەو وەک کاک حەسەنی شیوەسەڵی، مامۆستا حەسەنزادە، مەلا خدری دۆڵەگەرمی، مەلا عەزیزی ئەحمەدی و زۆر کەسی دیکەم بیستووە، تەنانەت ئەوەی لە زمانی سەرکردەیەکی وەک بەڕێز مام جەلالم بیستووە، شەهید ئاوارە ئینسانێکی لە ڕادە بەدەر تێگەیشتوو و بە توانا بووە. ئەوەش هەم لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی دا و هەم لە نێوەڕۆکی شێعرەکانی دا دەر دەکەوێ.

**پرسیار : شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆڕشگێڕی و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون، ئەگەر لەو بارەو تیشک بخەیە سەر بەشێک لە شێعرەکانی ئەو شەهیدە نەمرە سوپاست دەکەم و ئەگەر دیوانی شێعرەکانی پێشتر بڵاو کراونەوە، هۆی چیە ئێستا لە چاپ نادرێنەوە؟**

**مستەفا شلماشی :** شەهید مەلا ئاوارە شاعیرێکی زۆر پایە بەرز بووە. ئەوە لە هۆنراوەکانی وەک " توتنەوانێکی هەژارم، بەهەشتی ئالان، ڕەشبگیری، کوردم کوردستانم دەوێ و لایە لایە" دا بە تەواوەتی دەردەکەوێ. هەر چەندە هۆنراوەی کەم بڵاو بۆتەوە، بەڵام بێ شک ئەگەر تەمەن مۆڵەتی بدابایە، بەرهەمێکی چڕوپڕی پێشکەش بە خەزێنەی هونەری کوردی دەکرد. تا ئێستا دوو کەس هۆنراوەکانی شەهید ئاوارەیان لە نامیلکە دا بڵاو کردوەتەوە. کاک عەبدوڵلا مینایی و کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کە کاری هەر دووکیان جێگای ڕێز و سوپاسە، بەڵام ئەو دوو نامیلکەیەش هەموو بەرهەمەکانی شەهید ئاوارەی تێدا نییە. هیوادارم لە داهاتویەکی نێزیکدا بە هیممەتی دڵسۆزان بتوانین تیشکێکی بەتینتر بخەینە سەر بەرهەمەکانی شەهید ئاوارە.
زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.
و: لە کۆتایی دا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم

١ . گروێس ناوی یەکێک لە گوندە خۆش و پڕ لە میوەکانی ناوچەی ئالانی سەردەشتە.


سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٣١ی ئاگۆستی ٢٠٠٧








# یادی یاران (١) ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەدی شلماشی (مەلا ئاوارە) دا




نووسینی: محمد رسول حسن پوور.

تا کەی خەزێنەو نەوتەکەم
بە بووکەڵە و فیت فیتە دەم
لە سەر گەنجی وڵاتەکەم
خاکی خۆشم ئاوارەکەم ؟ ...
ئاوارە

ماوەیەک بوو هەندێ دۆست و برادەر داوایان لێ دەکردم وەک دۆست و هاو خەباتێکی مەلا ئەحمەد شڵماشی ( ئاوارە) شتیکی لە سەر بنووسم و هەڵبەستەکانی ئەوانەی لە دەست دان بڵاویان بکەمەوە لە پاش خۆ هێنان و بردنێکی زۆر و پاش سی و سێ ساڵ کە بە سەر شەهید کرانی ئەو کەڵە پیاوەی مەیدانی خەباتی کوردایەتی و مەردایەتی دا تێپەر دەبێ، نووسین لە سەر ( ئاوارە) کارێکی هەروا ئاسان نیە لانی کەم بۆ من.
بە هەر حاڵ، بە نووسینی ئەم نامێلکە بچکۆڵانەیە هیوادارم توانیبێتم بەشێکی بچووک لە داخوازی ئەو دۆست و برادەرانە جێ بە جێ بکەم.
نووسەر

## ٭ چەند وشەیەک :

هەموو ساڵی لە دووهەم مانگی بەهارێدا ئەو کات و ساتە شوومانەمان وەبیر دێنەوە کە دەستە رەشەکانی ژاندارمە و قوڵە چۆماغەکانی رژێمی گۆڕ کراوی حەمە رەزای پەهلەوی مەلا ئاوارەی فریشتەیان بە فێڵ و تەڵەکە بە دیل گرت و لە پاش چوار مانگ ئەشکەنجە دان بە درندانە ترین شێوە لەبەرە بەیانێکی تاریک و تنوک و سامناکدا شەهیدیان کرد .



ئەو دەستە خوێناویانەی هەردەم ئاشنای دەسبەندی قەپانی و کەلەبچە و دەمانچە و زنجیر و دار بوون بۆ بە چۆک داهێنانی شۆرشگێرانی گەل و وڵات، ئەو دەستە چەپەڵانەی ئەو رۆژەی لە قۆڵی چەند خۆ فرۆشێکی گورگ سیفەتی لە پێستی مەر هاتنە دەرێ و ئەویان بە دەرمانی گێژ کەر بۆ دوژمنی کورد کوژی ملهور راو کرد.
هەرچەندە بتەوێ لە بارەی ئاوارە دا شت بنووسی و هەر کەسێک بیەوێ لە لایەنە جۆرا و جۆرەکانی ژیانی ئەو کەسایەتییە بکۆڵێتەوە، ناتوانی نرخی تەواوی بداتی. هەڵبەتە منیش لە نامێلکەیەکی بەم بچووکیە دا هەر ئەوندەم پێ دەکری بڵێم: ئاوارە مرۆڤێکی ئاشتیخواز و لا شەر بوو و ئەو چەکەش کە لە شانی کردبوو بۆ پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی و ئەستاندنی مافی رەوای بوو
ئەو کادرێکی بە ئەزموون و واقیع بین و نەرم و نیان و بە سەنگ، نیشتیمان پەروەرێکی راستگۆ و ئەمین، نەتەوە پەروەرێکی ساغ و لە عەینی کات دا بە ئەمەک بوو. قەت رۆژێک لە رۆژان بیری نە دەکردەوە ساتێک لە شۆرش و خەبات و بەرخۆدان سڵ بکاتەوە. ئەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی سەنگین و بێ فیس و ئیفادە بوو و هەرگیز خۆی لە کەس بە گەورە تر نەدەزانی.
مەلا ئاوارە ئەو کاتە بەرپرسیارێتی ناوچەیەکی بە ئەستۆوە بوو، ببوو بە کۆترێکی ئاشتی و هەموو هەوڵ و توانایەکی بە کار دەبرد بۆ ئەوەی کێشەو ناکۆکی جووتیاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکەی بە هێدی و هێمنی چارەسەر بکا.

## ئەو مرۆڤێکی بە تەواوەتی رەفتار دێمۆکرات و دەبێ بڵێم بە هەق دێمۆکرات بوو.

ئاوارە یەکێک لەو کادرە تێکۆشەرانەی حیزبی دێمۆکرات بوو کە بەراستگویی و بە جورئەتەوە هەڵس و کەوتی لە گەڵ رووداوەکانی دەورو بەری دا دەکرد و هەموو کات و لە






هەر شوێنێک، داکۆکی لە بیر و بۆ چوونەکانی حیزبە شۆڕشگێڕەکەی دەکرد. لە یەک قسە دا ئەو لە پێناوی، دێمۆکراسی و داد پەروەری کۆمەڵایەتی و لە ڕێگای کورد و کوردستاندا گیانی فیدا کرد و هاتە ریزی بێ پسانەوەی کاروانی شەهیدانی حیزب و گەل.

ئێستا ڕۆحی پیرۆزی ئاوارە و هەزاران شەهیدی ڕێگای پیرۆزی دێمۆکرات وەک کۆترێکی سپی باڵ نەخشین و بەرزە فر هەموو بەیانی و ئێواران لە ئاسمانی کوردستان لە شەقەی شا باڵان دەدات و نان و ئازادی بۆ زەحمەتکێشان و جوتیاران و بۆ هەموو گەلی کورد دەخوازێ و تا ئەو ئامانجەی کە ئەو سەری لە پێناوی دا داناوە وەدی نەیە ئەو رووحە پاکەی ناگەڕێتەوە نێو مەزارە پیرۆزەکەی لە گۆرستانی (گردە سوور) ی شاری سەردەشتی سەر سەوز و جوان و ئۆقرە ناگرێ.

ئاوارە ئەو کەسایەتییە سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و لە هەمان کات دا ئەدەبییەیە کە پێویستە لێکدانەوەیەکی قووڵی لە سەر ژیان و خەباتەکەی بکرێ و پەند و ئەندەرز لە رەفتار و بیرو بۆچوونەکانی وەربگیرێ.

رووحی شاد و ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێ

نووسەر

## * زێدی ئاوارە

لە ڕۆژ ئاوای شاری سەردەشت چیایەک سەری بەرز راگرتوە و ئاسمانی شینی لە باوەش گرتووە کە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن ( هۆمل). هەر کە سەرما و سۆڵی زستان بارگە و بنەی تێکەوە پێچا و بۆی دەرچوو و بەهار بە گاڵە گاڵ هات و گوڵی سوور و ئاڵ پشکوتن، ئەم چیا سەرکەش و ڕەنگینە وەکوو (نیگارستانی ناهید) دەڕازێتەوە:

لە لایەک سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون، شللێر و وەنەوشەو شەش پەڕ و گوڵە میلاقە سەر پێکەوە دەنین و سەرنجی ڕێبواران بۆ لای خۆیان رادەکێشن.

لە لایەکی دیکە بولبولی هەزار داستان و ئاشق لە خۆشییان چڵاوچڵ دەکا و بە چریکە هەست بزوێنەکەی خەم لە دڵان دەتارینی و ئۆقرە لە دڵان هەڵدەگرێ .خۆ قاسپەی کەوێ سەر بەردان و ورتە ورتی هەوێردانیش هێندە دڵگیر و بە تام و چێژە کە پێنووس لە وەسفی دا بێ توانا و گێژە.

لەم سەر زەمینە رازاوەیە دا کیژۆڵەی چاو بە کلی پشتێن شلی گوێ بە گوار لە گەڵ دڵداری خۆی بەرەو کوێستان هەڵدەکشێ تاکوو کەمێک هەوای سازگار هەڵمژی و خەم و مەینەتی سەرما و زەمهەریری زستان بە بای نەمان دا بکات. کیژ و کور تێکەڵی رەش بەڵەک و گۆڤەند دەبن و پێکەو دەبنە میوانی هۆمڵی قەشەنگ و رازاوە لە پاش راز و نیاز لە گەڵ یەکتری دا، پۆلی ئاشقانی شێت و شەیدا لە سیبەر شۆڕی ئێواریدا بە کۆڵ و بار و توربێنی پڕ لە گژ و گیای بەهاری شۆر دەبنەوە بەرەو ماڵ و لە کانیە سارد و زوڵاڵ و کەللە تەزینەکەی ئۆمەرە تێر ئاو دەخۆنەوە.



خۆ تاڤگە قەشەنگ و دڵگیرەکەی داوێنی هۆملیش کە دەیان دەفتەری لە عەشق و ئەوینی گەشتیاران و عاشقانی سەیران و گەشت و گوزاری لە ژێر سەری دایە و زۆربەی ڕۆژانی بەهاری کۆڵکە زیرینە سەر سەری بەر نادا، وەسفی بە قەڵەمێکی تاراوگە ناکرێ .

لە هاوینی ورزی تێکۆشان دا دڵ بریندارانی ئۆقرە لێ هەڵگیرا و لە ژێر سێبەری هەنجیر و دار هەناران بە دوور لە چاوی نەیاران تا دەمەدەمی ئێواران دەس لە ملانی یەک دەکەن و دەست دەکەن بە راز و نیاز لەگەڵ یاران .

لە پاییزی وەرزی مێوە چنین دا کیژ و کوڕی هەرزەکار لێک وەکۆ دەبن و لە گەڵ چنینی میوەی جۆراوجۆر دا کوڕی هەرزەکار دەس دەبا بۆ سێوی لا سوور و هەناری سەر بە گوولوکی نێو باخەڵان کە زەرد بەی لەولاوە بە ناز سەری بە لارەو ناوە و سەری لە بن گەڵای سەوزی داران هەڵهێناوە بە سیلەی چاوان حاڵی خۆی بەیان دەکا و بە زمانی بێ زمانی دەڵێ (ئەمنیشت لە بیر نەچێ!) کوری هەرزەکاری بێ ئارامی شەیدا سەری لێ دەشێوێ و نازانێ دەس بۆ کامیان بەرێ کە ئەوی تر لێی دڵگێر نەبێ و نەتورێ لە پڕ" باغەوان گازی دەکا و دەڵێ: نەیکەی... "

لە شەوانی کرێوە و باکووتی زستان دا کوڕ و کیژ شەوگاری دور و درێژ بە خواردنی شەوچەلەی وەک مێوژ و گوێز و باسوق و سجوق بە گاڵتە و گەپ و جەفەنگ تێپەر دەکەن و بە چاو برکێنە لە گەڵ یەکتری دا عەشقێکی پاک و مەلەکووتی پێک دێنن .

بەڵی! ئا لەم مەڵبەندە قەشەنگ و رازاویە دا لە داوێنی چیای هۆمل دا گوندێک وەک بووکێکی بێ ناز لە ژێر تارای سورەوە، خەملیوە.. ئەم گوندە، " شڵماش " زێدی ئاوارەی مەرد و ڕەندە.

لەم گوندە دا بوو کۆرپەلەیەک چاوی بە دونیای پڕ لە گێرە و کێشە و نابەرامبەری هەڵهێنان کە لە ڕەگەزنامەکەیدا " احمد " ی لێ نووسرابوو و لە پاشان ناوی " ئاوارە" ی بۆ خۆی دیاری کرد. ئەو "کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا ".






باوکی ئەحمەد لە هۆزی هەمەوەند بوو و بە فەقییەتی رێگای کەوتبو ئەم گوندە دڵی لێی گیر ببوو هەر لەوێ ژنی هێنا بوو و بنەماڵەی پێکەوە نابوو.


مەلا حەمەدەمینی باوکی ئاوارە مرۆڤیکی لە خواترس و زانا و عالم بوو لە شەرعی ئیسلامیدا و لە سەرف و نەحوی عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبوو زۆر مەسائیلی شەرعی لە لا دەکرانەوە. بێجگە لەوەش خۆشەویستی نیشتیمانی وەلا نەنا بوو ئۆگری نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو.

لە یەکێک لە رۆژەکانی ساڵی ١٣١٣ هەتاوی ( ١٩٣٤ ی ز ) بنەماڵەی مەلا" محمدامین" بوون بە خاوەنی کورێکی چاوشین و خنجیلانە.

کاتێک مەلۆتکەیان پێچایەوە و بە رەسمی ئەو کاتی کوردەواری لە سەر بێژینگ و لە پەنای دایکی مێهرەبان و دڵسۆزیان رۆنا لە هۆدە ساکارەکەیان دا چاوی دەگێران و لە بن میچەرەش و قرماوی یەکە ڕا مابوو چوو بۆ نێو دەریای خەیاڵات و خەمان. وا دیار بوو هەر ئەو دەم بیری لە بەش مەینەتی و چارە رەشی گەلە چەوساوەکەی دەکردەوە و دەیزانی بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ملهوری و نا بەرامبەری دا و بۆ وەدەست هێنانی ئازادی گەلەکەی و دەستە بەر کردنی داد پەروەری کۆمەڵایەتی هەر زۆر زوو کاڵە و پێتاوان هەڵکێشێ و گۆچان تاو داتێ و رێگای چیا و بەندەنان بگرێتە بەرو ببێتە رێبوارێکی رێگای ئازادی گەل و وڵاتەکەی.

### ٭ بە سەرهات

بە رەسمی ئەو کات و زمانی کوردەواری کە حەوت شەو و رۆژ بە سەر لە دایکبوونی ئەو کۆرپەیە دا تێپەر بوو، میوانی‌یەک بۆ ناو لێنانی رێکخرا و گشت ریش سپی و پیاوە ماقوڵانی دێ لە سەر خوانی مەلا محمد امین دانیشتن و چوکیان وە چۆکی یەک دان. کە نان خواردن تەواو بوو. مەلا محمد امین هەستا کۆرپە ساواکەی بە ئەسپایی هەڵگرت و لە سەر کۆشی خۆی داینا و حەوت بانگی "محمد"ی بە گوێی دا لێدان و ناوی لێنا (( احمد )) سبەی بەیانی بێشکە ئامادە بوو ئەحمەدیان لێ شەتەکدا بە دەسرازە و گوڵینگەی بەنی رەنگاو رەنگی کوردەواری لە بێشکەی تاینیان پێچا.



ئەحمەد بەرەبەرە دەستی بە ( گاڵ و گغە) کرد و لە گاگۆڵە و دارە دارە تێپەری و پێروچکە بوو هەر زۆر زوو بە دەیان کووژەکە و نوشتە و مت مووروی چاوەزارێی بە پشت و لا شانی کەوا شۆرە بچکۆلانەکەیەوە شۆر بوونەوە.و دەستەسرێکی سپی گوڵینکە داری گوڵداری بە دەرزیلە بە لا شانیدا شۆر بووە بۆ ئەوی ئەحمەدی خاوین و قەشەنگ لووتی پێ بسرێ.

ئەحمەدی خۆشەویستی دایە و بابان دەورەی منداڵی تێپەراند و پێی نایە تافی لاویتیەوە و گۆشەی گویسوانانی گرت. کاتێک ئەو لەم تەمەنە دا بوو هیچ مەدرەسەیەک نەبوو لێی بخوینی بەڵام دەستە وەستان نەوەستاو لە مەکتەبی باوکی زانای دا لە حوجرەی فەقێیان دەستی کرد بە خویندن و زۆر زوو فێری خویندن و نووسین بوو و پلەی سەرەتایی بڕی تا وای لێ هات بۆ فیر بوونی شتی زیاتر رێگەی گوند و شاری کوردستانی گرتە بەر و لە هەر شوێنێک حوجرەیەکی فەقیانی لێ بۆایە ئەو تێدەکۆشا بەرکوڵێکی لە زانست و فێر بوونی لێ بکات .

### ٭ ئاوارە و سیاسەت

لە جەریانی ئەو سەفەرانە دا مەلا ئەحمەد نەداری و بێ بەشی گەلەکەی دیبوو دەست تەنگی چێشتبوو هاتبۆ سەر ئەو بروایەی چاکی مەردایەتی لێ بەلادا بکا و بۆ گەیشتن بە رزگاری گەلەکەی و دەرباز بوون لە کەمدەستی و نەداری شەو و رۆژ هەوڵ بدات و بۆ ئەم مەبەستە شەرەفی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی وەرگرت. هەر زۆر زوو شاقەلی کە وای دەپانتۆڵی هاویشتن و خۆی گورج و گۆڵ کرد.

ئاوارە لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ ی ز) بە هۆی حیزبایەتی و ئیش وکاری سیاسی‌یەوە لە بەر چاوی سیخورەکانی پاشایەتی بۆگەن ئاشکرا بوو بەرەو کوردستانی گەرمێن رێی داگرت کە ئەو دەم تازە شۆرشێکی گەرم و گوڕی تێدا بەرپابوو بوو. ئەو چالاکانە لەو شۆرشە دا بەشداری کرد و هێندەی نەخایاند لەبەر ئەمینداری و ئۆگری لە رادە بە دەری بە خاک و وڵات بوو بە جیی متمانەی رێبەرایەتی شۆرش .

مەلا ئاوارە لە پاش ساڵەکانی (٤٤ و٤٣ ی هەتاوی) لە گەڵ چەند کادری دیکەی حیزب وەک: سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف ... لە کوردستانی گەرمێنەوە گەڕایەوە کوردستانی ئێران و گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت لە نێو جوتیاران و زەحمەتکێشاندا ئەرکی نیشتیمانی خۆی بە جێ دەگەیاند.

ئاوارە لە ماڵ و ژیانی خۆی دوور کەوتبۆوە بەڵام هەموو جێگەیەکی ئەم کوردستانەی بە ماڵ و زێدی خۆی دەزانی و لەو کاتەیەوە لە ماڵ دوور کەوتبووە هەستی بە غەریبی نەکرد بوو. چوونکە ئەو تەنیا خۆی بە رۆڵەی دایک و بابی نەدەزانی و خۆی بە رۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانی هەر بۆیە بوو ئەو دەم و ئێستاش ئەوانەی ناو و ناوبانگی ئاوارەیان بیستبوو رێزی تایبەتی یان بۆی هەیە.






ئاوارە هەردەم خەڵکی بە دوا ڕۆژی پڕشنگداری گەلەکەی هیوادار دەکرد و ڕێگای ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری بە خەڵک نیشان دەدا.
ئەو بۆ خۆی لە چینی زەحمەتکێش و نەداری گەل هەڵقوڵا بوو و بێجگە لەوە زولم و زۆری دەرەبەگە خوێنمژە خۆماڵیەکانیشی بۆ خەڵک ئاشکرا دەکرد و ئەوانی لە فرت و فێڵ و بەند و بەستی دژی گەلی‌یانەی میرو ئاغا و بەگلەرەکان ئاگادار دەکردەوە.
ئاوارە هەردەم بە فەقێیانی دەگوت: ئەرکی ئێمە تەنیا خواردن و خوێندن نیە نەتەوی کورد نەخوێندەوار و دواکەوتووە ئێمە دەبێ شان بە شانی روناکبیرانی شۆڕشگێر زەین و فیکری خەڵکی روون بکەینەوە و ڕێگای خەباتیان نیشان بدەین و هەموو لایەک بۆ بەختیاری گەل تێ بکۆشین.
ئاوارە بەراستی ئەم ڕێگەیەی گرتبۆە بەر نەک هەر لە دژی ڕێژیمە خوێن مژو کورد کوژەکانی کوردستان و دەرەبەگە چڵکاوخۆرەکان بەڵکوو لە نێو حیزبیش دا دژی هەموو جۆرە لادان و لارێی‌یەک خەباتی دەکرد.

## * ئاوارە چۆن خانە بگیر کرا

لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی ( ١٩٦٨ ی ز ) دا بە قەولی خەڵکی لێرەواری لای خۆمان کە بن دەوەن شین بوون تێکۆشەرانی حیزب بەرەبەرە داوەرینەوە وڵاتی و ئەوانی تا ئێستا لە پەنا و پەسیوان و ئەشکەوتی تەنگ و تاریک و تنوک و سارد و کادێن و وچخانەی تەنگەبەر دا خۆیان حەشاردا بوو خۆیان وەبەر هەتاوێ دا.
ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان و چڵکاو خۆرە بۆدەڵەکانی حەمە ڕەزا کە توانای بەر بەرەکانی روو بەروویان لە گەڵ ئەم تێکۆشەرە لە خۆ بوردوانە دانەبوو بە شێوەی کۆن و هەمیشەیی ئاغاکانیان دەستیان بە فیڵ و داو نانەوە بۆ ئەم تێکۆشەرانە کرد. پێویستە دوو وێنەی زیندوو و بەرچاو لەم چەشنە فێل و تەڵەکە و داونانەوەی ئەو دەم لە بەهاری ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی باس بکرێت.

١- کاک سمایلی شەریف زادە خوێند کاری دانیشکەدەی (پلی‌تکنیک)ی زانستگەی تاران و خەڵکی شاری مەهاباد کادرێکی بە وەج و شارەزای حیزبی بوو. بە هۆی خۆفرۆشێک بە ناوی کوێخا شەریف کە خۆی خزاند بوو نێو ڕیزی تێکۆشەران، لە ئەشکەوتی گوندی دارێنەی سەر بە شاری بانە بە خۆی و چوار تێکۆشەری دیکەوە کەوتنە داوی دوژمن و سەدان جاش و ژاندارم لە ناکاو ولە ناخافڵ بە سەریان دادان ئەو تێکۆشەرە گیان لە سەر دەستانەی حیزبی دێمۆکرات لە پاش شەرێکی چەند سەعاتی شەهید بوون و کوێخا شەریفی خۆفرۆش گەڕایەوە نێو کۆشی ئاغاکانی.
٢- ڕووداوی دڵتەزێنی دیکەی لەم بابەتە فێل وتەلەکە و داونانەوە بۆ مەلا ئەحمەد شڵماشی (ئاوارە) بوو. لە چەند گوندی ناوچەی سەردەشت ئەو شوێنانەی ئاوارە تێکۆشانی هەبوو دەرمانی بێ هۆش کەریان لە چەند ماڵان دانا بوو.



لە گوندی دیواڵان لە ماڵی حەسەن سەکر.
لەم گوندە دا بوو کە ئاوارە دەرمانداو کراو بە نیوە بێهۆشی درایەوە دەست رژیمی ملهوڕی حەمە ڕەزا .
داستانەکەی بەم چەشنەیە :
حەسەن سەکر کوێخای گوندی دیواڵان بە دنەدانی حاجی برایمی بەریاجی کێشەی زەوی و زاری لە نێو جوتیارانی گوندەکە سازکرد بوو لە لایەکی دیکە داوای لە ئاوارە کرد بوو بۆ خۆی بێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئاوارەش بە پێی واجبی خۆی و بە هەست کردن بە مسئولیەتی خۆی بەم کارە هەستا بوو و شەوێک لە شەوانی مانگی بانەمەری ١٣٤٧ ی هەتاوی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیواڵان و لە پاش ڕاگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیواڵان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵدیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات لە لایەن ژنیراڵ (اویسی) جەللادی شا پێک هاتبوو.
پێشمەرگەکان کە ئەمەیان زانیبوو هاتبوون و دەوری گوندی دیواڵان یان گرتبوو لە گەڵ جاش و ژاندارمەکان تێکهەڵچوو بوون و شەرەکە تا دوای نیورۆ درێژەی کێشا بوو و سەروان (بنی عامیری) فەرماندەری ژاندارمەکان قاچی بە گولەی پێشمەرگەکان پێکرا بوو و چەند ژاندارم وجاش جەندەکیان لە مەیدانی شەر لە نێو کووچە و کۆڵانەکانی گوند کەوتبوو. لە پاشان شەرەکە بە پاشەکشەی پێشمەرگەکان بۆ گوندی ئاغەڵان دوایی پێ هاتبوو.
لە پاشان هەندێک دەنگۆ بڵاو بۆوە لە کاتی تێکهەڵچوونی پێشمەرگە و جاش و ژاندارمەکان یەک دوو جار بە یادداشت ناردن بۆ پێشمەرگەکان پیی ڕاگەیاند بوون کە گوایە ئەو بۆخۆی، خۆی تەسلیم کردوە و بۆیە ئەوان نابێ تەقە بکەن و دەبێ بکشێنەوە؟






تەنانەت هێندی کەس کە ئێستا لە دەرەوی وڵات و لە ئەوروپان و لە پێش دا لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون و ئێستا لە دەرەوە وەک پەنابەر دەژین و بیرەوەری خۆیان نووسیوە لە یەکیان دا یادداشتێک گوایە بە ئیمزای مەلا ئاوارە هەیە کە دەبێ ئاوارە بۆ پێشمەرگەکانی نووسیبێ بە بڕوای نووسەری ئەم دێرانە ئەمە ڕاست نیە چوونکە ئاوارە پێش ئەوەی شەر دەست پێ بکا دەگەڵ دوو هاوڕێیەکەی لە تاریک و ڕونی بەیانی دا دەگویزرێتەوە بۆ پادگانی شاری سەردەشت .

شاعیری هێژا کاک خالیدی حیسامی ( هێدی ) ئەو دەم لە سەر گیرانی ئاوارە ئەم هەڵبەستەی دانا بوو و نووسەری ئەم دێرانە لە بەری کردوە .

هەڵکشا ئیتر ئەوە زەردەی خۆر
زەردەیان گرت پەمەیی و ئاڵ و مۆر

با لە پێ تووند کەمەوە بەن کاڵان
لێرەوە سەربرە بۆ "دیواڵان"[1]

ڕێ دەگەڵ وەش گەلێ کەم مەودایە
هێندە باریکە دەڵێی هەودایە

من بە چالاکی کە وەک تاوێرم [2]
کە دەڕۆم لێرە شەقاو دەژمێرم

لە هەر ئەشکەوت و خرێ ڕادەبرم
ڕادەوستم برێ هەست ڕا دەگرم

دیمەنی جوانە بەڵام وا دیارە
ڕێی مەترسی هەیە بۆ "ئاوارە"

تا بڵێی گوندێ بە داو و کەڵەکە
بەدەهۆن زۆر و بە فێڵ و تەڵەکە

حەوشەیان تۆڕن و ماڵیان بنەیە
هاندەری لێیە خەریکی دنەیە

زڕە کوردی وەکوو کەو[3] دەخوێنن
دەس و دل پیسن و دەم بە خوێنن

ناسرەون ساتێ نە ڕۆژێ نە شەوێ
بانگ دەکەن خۆیی ئەویش چەشنی کەوێ

دەیبەن و دەیخەنە داوی دوژمن
دێتە جێ مەرجی شەڕەف دۆڕاندن

کوردە بۆ یەک دەبنە نێچیروان
کورد نەبێ کێیترە نێچیری وان

پەت و سێدارە ئیتر هەڵدەخرێن
لاوی تێکۆشەری پێ دا دەکرێن

جاڕ دەدەن جا هەموو گوند و گەڕەکان
بێن و ڕێیەک بخەنە " سەرکەنەکان"[4]

بێن ببینن کە شەهید "ئاوارە"
سەری چەند بەرزە لە سەر سێدارە

چۆن (حەمەد ئەحمەد و ڕەحمان وەتمان)
بۆ وەتەن مردن و سەریان نە چەمان

هێشتە هەروا لە گەلی و دارستان
دەگەڕێ دەنگی " بژی کوردستان"

گوند نیە بنکەیە بۆ ئاژاوە
خۆ فرۆشتن لەوێ ئێستەش ماوە

نەتەویی کوردن ئەگەرچی کوردن
لە بەرامبەر گەلی کورد ڕوو زەردن

نابێ دڵ خۆش بێ بەوە بێگانە
کوردی کوشتن ئەوە کوردستانە

تا پتر خوێن برژێ لەم ناوە
شۆڕشی گەورەتری بە دواوە

## ٭ جوانمێری مەلا ئاوارە

کاتێک مەلا ئاوارەیان گرت تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد زیاتر لە چوار مانگی خایاند لەو ماوەیەدا زۆرتر لە قەسابخانەکەی جەڵدیان رادەگێرا، یەک دوو جار هێنایانەوە پادگانی سەردەشت و لە ژێر درندانەترین و سامناک ترین ئەشکەنجە و ئازار دا بوو بەڵام بە شەهامەت و ئەمینداریەکی زۆرەوە خۆی راگرت و ئەو ئەمانەتەی دایکی نیشتیمان کە بە لایەو بوو نەی درکاند و نهینیەکانی لەگەڵ خوێنی گەشی دا نەمامی ئازادی کوردستانی رەنگین و دەلالیان پاراو کرد .
ئاخرەکەی کاتێک دوژمنەکان بۆیان روون بۆوە کە مەلا ئەحمەد شلماشی خزمەت بە گەل و نەتەوکەی دەگەڵ چۆر چۆر شیری مەمکی دایکی دا بە گەرووی داکراوە و دەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشی و لە نێو دڵۆپ دڵۆپی خوێنی نێو لەشیدایە تا کاتێک گیان لە جەستەی دا بێ خەیانەت بە گەل و نەتەوە و وڵات ناکا، زۆر بێ بەزەیییانە لەبەرە بەیانی رۆژی ۱۱ ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۴۷ هەتاوی ( ۱۹۶۸ ی ز ) لەگەڵ دوو هاوڕێیەکەی بە ناوەکانی:






رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" هەردووکیان خەڵکی گوندی دیواڵازی ناوچەی سەردەشت) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ " ئیعدام کران.




بە پێچەوانەی، ئەوەی تەرمی شەهیدەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی (٤٧ – ٤٦ی هەتاوی) یان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بە شار و گوندی کوردستان دادەگێرا. بە کریگیراوانی رژیم هەر بەو بەیانیە زووە تەرتیبی ناشتنی تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان دابوو لە قبرستانی گردە سووری شاری سەردەشت و تا چەند مانگ دواتر شوینی ناشتنەکەیان ئاشکرا نەبوو بەڵام لە پاشان گلکوی پیرۆزیان بوو بە جی نەزرگەی پیر و لاوی کورد.

کاتێک جەلادەکان ویستبوویان ئاوارە ئیعدام بکەن بە سەری دا نەراند بوون و بە قەوت هاواری کردبوو (بژی کوردستان ).

## * ئاوارە و هەڵبەست

ئاوارە لە دەورانی فەقێیەتی لە حوجرەی فەقێیان و پاشانیش بە خویندنەوی شێعری شاعیرانی نیشتیمان پەروەری کورد ئۆگرییەکی زۆری بە شێعری پاراو و رەسەنی کوردی پەیدا کرد بوو و لە کاتی پێشمەرگایەتی زۆر جار بە زمانی خەڵک شێعری دەگوتن و زۆر زوو شێعرەکانی دەما و دەم لە نێو خەڵکی دا بڵاو دەبونەوە و خەڵک شێعرەکانی ئەویان بۆ یەکتری لە بەر دەگووتەوە
ئەگەر بمانەوێ بە ناخی شێعرەکانی ئاوارە دا بچینە خوارەوە و دابەش کردنێکیان لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

هەڵبەستی نیشتیمان پەروەری وەک هەڵبەستی "کوردم کوردستانم دەوێ " و " توتنەوان"، رەش بگیری و لای لایە، هەڵبەستی توتنەوان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچێتە سەر دیاردەی سیاسی. دیارە ئاوارە هۆی بەش مەینەتیەکانی گەلەکەی بە هۆی سیاسی دادەنێ . هەروەها لە هەڵبەستی لای لایە دا کە لاوانەوەیە دوبارە ئامانجی دەربرینی نیشتیمان پەروەرییە. هەڵبەستی وەسفی وەک "هەڵبەستی وەسفی ئالان " ئاوارە لە هەڵبەستی " کوردم کوردستانم دەوێ "دا کە نموونەی شێعری نیشتیمان پەروەرییە، دەڵێ :

هەدا نادەم رۆژ و شەوێ
خۆم بسرەوم دڵ ناسرەوێ
تاکوو هەلم دەست دەکەوێ
دونیا گشتی سەر یەک کەوێ
لێم ببرن خۆراک و خەوێ
کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ لەم کۆپڵەیە لە هەڵبەستی مەلا ئاوارە دا نیشتیمان پەروریەکی بە تەواوی شۆرشگێرانەی پێوە دیارە بە تایبەتی کە لە دوایین دێری ئەم کۆپلەیەدا دەڵی: ( هیوای بەرزم قەت نانەوێ)
واتە ئەو هیوایەی کە لە بەرزی و لە لوتکە دایە قەت نەوی نابێ.

ئاوارە لە کۆپڵەیەکی دیکەی هەر ئەم هەڵبەستە دا دەچێتە سەر ئەوەی کە مافی خوراو بۆ نیشتیمانەکەی وەستێنی هەر وەک دەڵێ :

دەستێنمەوە مافی خوراو
بۆ نیشتیمانی بەش کراو
هەزاران دایکی زگ سوتاو






هەزاران باوکی کوڕ کوژراو
دەژێنمەوە وەک گوڵ بە ئاو
کوردم کورستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم هەڵبەستەدا ئاوارە ئیشارە بەوە دەکا کە چۆن سەروەت و سامانی وڵاتەکەی بە تاڵان دەچێ و دەڵی :

تا کەی خەزینە و نەوتەکەم
بە بووکەڵە و فیت فیتە دەم
لە سەر گەنجی وڵاتەکەم
خاکی خۆشم ئاوارە کەم
خەڵکی شاد و من دڵ بە خەم
کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

لە ( هاواری توتنەوان ) دا ئاوارە دەچێتە سەر بنج و بناوانی چارە رەشی و بێ بەشی وەرزیرانی کوردستان و دەڵێ:

توتنەوانێکی هەژارم
بێ خانوو و بێ زەوی و زارم
بێ پوڵ و باخ و بزن و مەر
دوور لە خێرم نزیک لە شەر
منداڵم رووت و برسییە
ژینم پڕ لە مەترسییە
قەرزدارم دەردەدارم
شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
رووم نیە بچمە نێو خەڵک
بێ بەرگ و پێڵاو و بێ کەڵک
خەڵکی پێی وایە تەمبەڵم
بێ کەسپ و کار و چەپەڵم
بەڵام چ بکەم چارە رەشم
خەرمانم زۆرە و بێ بەشم

لە هەڵبەستی توتنەوانی دا ئاوارە ئیشارە بەوی دەکا کە چۆن کاتێک توتنەوان بە گیان کێشانی خۆی و ماڵ و منداڵی توتنەکە بەرهەم دێنێ، ئیدارەی دوخانیەی دەوڵەتی رەنجی ساڵی بە فیرۆ دەبا و بۆ رزگاری لەم زیللەتە روو دەکاتە دوژمن و دەڵێ:

دوژمن تاکەی بدەم باجت






دەک وەرگەری تەخت و تاجت
لە پاشان روو دەکاتە وەرزێران و دەڵی :
ئەی وەرزێران، ئەی جووتێران
ئەی تووتنەوانی ماڵ وێران
با بە یەک دڵ و بە یەک زوبان
بە خەباتی شێلگیرمان
تا دوا پشوو هەوڵ دەین
شەق دەو رژێمە هەڵ دەین
یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە
خەبات رێگەی دەسکەوتنە
ئەگەر یەک بین و یەک بگرین
دەگەڵ یەک دا بژین بمرین
زاڵ دەبین و سەر دەکەوین
بەرز دەبین و نانەوین
هەوڵ و تەقەڵلای بێ وچان
بێ ماندو بوون و پشوو دان
تاقە رێگەی رزگاریە
هێنەری رۆژی شادیە

ئاوارە وەک زۆر شاعیری کوردی نیشتیمان پەروەر هەست و سۆزی کوردانەی خۆی لە چوارچیوەی لای لایەی دایکە کوردیک بۆ کۆرپە ساواکەی دا دێنێتە سەر تابلویەک هەر وەک دەڵێ:

رۆڵە کۆرپەکەم ئارامی گیانم
خونچەی گوڵزاری باخچەی ژیانم
جگەر گۆشەکەم بەرهەمی ژینم
سەروەت و ماڵم ئاین و دینم
هێز و تەوژمم بینای چاوانم
هاودەنگی بەزمی رۆژ و شەوانم
رۆڵە گیان مەگری مەگرە بەهانە
بنوو درەنگە بەری بەیانە

لە کۆپلەیەکی دیکەی ئەم هەڵبەستە دا دەڵی :

کورم تۆ کوردی تۆ بێچوە شێری
نەتەوەی کاوەی ئازا و دلێری
باب و باپیرت خزم و کەس و کار






زۆریان کێشاوە مەینەتی و ئازار
بۆ پارێزگاری ناموس و ماڵیان
قەت نەوەستاوە دەست و گۆپاڵیان
تۆش وەک ئەوان بە نەترس و نەبەز
بازی کێوی بە نەک کەوی قەفەس
هەی لای لایە رۆڵە لای لایە
هیوای دوا رۆژم لە دەست تۆ دایە

ناوچەی ئالان لە کوردستانی ئێران لە شوێنێکی سەر سنووری نیوان کوردستانی ئێران و کوردستانی گەرمێن دایە و تێکۆشەرانی کوردی هەر دوو بەشی کوردستان بە رارەوی یان بە مانەوە رێیان تێ کەوتوە شوێنیکی شاخاوی و زەوی و زاری کەمە خەڵکەکەی دەوڵەمەند نین بەڵام دڵ ئاوڵا و خاون خوان و میوان خۆشەویستن. مەلا ئاوارە لە کاتی پێشمەرگایەتی دا زۆرتر لەو ناوچەیە دا ماوەتەوە و دەگەڵ خەڵکی گوندەکانی ئەم دەڤەرە دا زۆر تێکەڵاوی هەبووە، ئەو لە وەسفی ئالان دا دەڵی :

ئالان ئەی باغ وبیستان
ئەی ناوچەکەی کوردستان
ئەی بەهەشتی سەر زەمین
ئەی نەخشی جان ئافەرین
من بەشی خۆم گەراوم
جیهان هاتە بەرچاوم
نەمدی وێنەی تۆ چ شوین
لە کویستان ولە گەرمێن
خۆش و لە بەر دڵانی
تا دڵ حەز دەکا جوانی

لە پاشان بە گوندو موچەکانییدا دێ و دەڵێ :

لە " هەرزنێ " دێتە بەرچاو
مێوژ و خۆشاو بە لێشاو
"گاکێ"و" تێپەت " و" بەردان"
جێی مەڕ و ماڵ و وەردان
توتنەکەی " زەردەکانی "
"رۆزمەن " بێ بە قوربانی
"بێتووش " باغچەی گوڵانە
هێلانەی بولبولانە
مەلا عەولای بێتووشی
هەزار رەحمەت بێ تووشی
رۆڵەی ئەم خاک و ئاوە






لە دونیا خاوێن ئاوە
"دولکان" و "کانیلانی"
سەد دڵ دەبێ حەیرانی
گەیشتە بێژوێ نوبە
جێێ زیکر و دین و تۆبە
"شێخە ئەمینی" ئەمیندار
پیاوی خودا و خۆێندەوار
زۆر بە ناو بانگ و ناو بوو
قیبلە گای پیر و لاو بوو
هەرکەس ئەوی ناسیبوو
فێری خودا ناسی بوو
پیت و بەهرەی خودا بوو
بۆ سەر زەوی رژا بوو
سەر چاوەی نەقشبەندی
خۆزگەم بەوەی چۆ بەندی
هەزار رەحمەت لە گۆڕی
یەزدان بێ چاوە نۆری
گروێس لە بەر دڵانی
وەک گوڵی سەر چڵانی
خاوەنی زەوی و زاری
جێێ هەنجیر و هەناری

لە پاشان لەم وەسفە دا دەگاتە دوایین گوندی ناوچەی ئالان و دەڵی :

" گڵەسپی " و " مێرگان " و " زێوە"
شێخە سووری کرێوە
دەوری " ئاڵمان "ی داوە
یا خوا هەر ببێ ئاوا
زۆر جار بە بەزم و ئاهەنگ
کۆر و کچی شۆخ و شەنگ
دەگرن دەستی رەشبەڵەک
زەرد و سوور و چاو بەڵەک
با لێرە دەست هەڵگرین
بچین رەش بەڵەک بگرین

بەم حاڵەش ئاوارە خۆی بە شاعیر نە دەزانی و دەیگووت ئەم ناوە گەورە و گرانەم پێ هەڵناگیرێ .






مەلا ئاوارە دەفتەرێکی بچکۆلانەی باخەڵی هەبوو و لە نێو هەگبەکەی دابوو زۆربەی هەڵبەستەکانی تێدا نووسرا بوون ئەو دەفتەرە لە لای نووسەری ئەم دێڕانە بوو و زۆربەی هەڵبەستەکانم لە بەر کرد بوون ئێستاش هەر لە بەرمن. لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۴۷ ی هەتاوی ( ۱۹۶۸ ی ز ) ئاوارە دەفتەرەکەی لێ وەرگرتمەوە. کە شۆرشی گەلانی ئێرانی بە سەر دا هات ساڵی ۱۳۵۸ ی هەتاوی شێعرەکانی ئەوانی لەم دەفتەرەدا بوون لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی (عبدالله مینایی) یەوە چاپ و بڵاو بوونەوە. دووبارە بڵاو بوونەوی هەڵبەستەکانی وەبیر هێنانەوەی گەنجێکی لە بیر کراوە.

باسی ئەومان کرد کە مەلا ئاوارە لە نێو وەرزێران و جووتیارانی ناوچەکانی سەردەشت و بانە دا دەگەڕا و ئەرکی نیشتیمانی خۆی کە روون کردنەوەی ئەوان لە سەر مافە رەواکانی گەلە ستەمدیدەکەی بوو بەجێ دەهێنا، ئەو جووتیارانەی کە لە چوار وەرزی ساڵدا بە زەحمەت و ماندوو بوون و بەرهەمەکانیان زگی خەڵک تێر دەکەن و لە هەمان کاتدا بۆ خۆیان برسین .

دوو نموونەی زیندوو لەم کەسانە لە ناوچەی سەردەشت کە ئەو کات مەلا ئاوارە هامو و شۆی دەکردن کاک خدر (خاوەنی تووتنەوانی ئاوارە) و سەلیم پێ خواسن .

سەلیم پێخواس خەڵکی ناوچەی ئالانی سەردەشت بوو. ئەو تەواوی سەروەت و دارایەکەی بریتی بوو لە " دوو سێ فرووج و دوو داری هەرزاڵە کۆن و دیزەیەک خاڵی لە ڕۆن و گاسنێکی تێک شکاو و"…. گوێدرێژێک و دەستێک کۆنە پێخەف و کاتێک لە گوندێک ماڵی بۆ گوندێکی دی باری دەکرد و لە گوێدرێژەکەی دەنا، گوێدرێژی تایین زۆر بە هاسانی بارەکەی هەڵدەگرت و ریگەی دادەگرت.

مام سەلیم پیشەی ڕاو و شکار بوو و هێندەی باڵندە و دەعبای کێوی کوشتبوون هیچ دەعبا و پەلەوەرێک لە بەری هەڵنەدەهات ساچمە زەنێکی هەبوو هێندەی دەبن تاشە بەرد و ئەشکەوتان گێرا بوو قۆنداغەکەی سوا بوو، بەو حاڵەش ژاندارمەی شا زۆریان لەم ساچمە زەنە زەندەقیان چوو بوو و زۆریان بەرۆک پێ دەگرت بۆ ساچمە زەنی تایین .

ئەوەش ئێوە و ئەمەش هەڵبەستەکانی ئاوارە :

### کوردم کوردستانم دەوێ

کوردم کوردستانم دەوێ      هەدا نادەم ڕۆژ و شەوێ

خۆم بسرەوم دڵ ناسرەوێ      تاکوو هەلم دەست دەکەوێ

لێم ببرن خۆراک و خەوێ      دونیا گشتی سەر یەک کەوێ

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

تاکوو قۆناغی سەربەستی      ئەسپی خەباتم ناوەستی

تا دەرنەچم لە ژێر دەستی      نامەوێ سەرمایەو هەستی

مەرگ نەک ژینی ژێر دەستی

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

بۆ ئازادی و بەختەور      بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری






بە سەر بەرزی و بەختیاری بەگیان دەکەم فیداکاری

تا دەبرم دەستی زۆر داری

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

دەستی زۆردار دەقرتێنم قەڵای سەختی دەروخێنم

بەردی بناغەی دەردێنم وەک دێڵە سەگ دەیتۆپێنم

کە ئەش تۆپی دەی رەتێنم تۆڵەی کوردی لێ دەستێنم

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

دەی رەتێنم تا کێوی قاف جیهانی پێ دەکەم تەواف

بە بێ گاڵتە و لاف و گەزاف شەرتە نەکەم وەعدە بە خیلاف

یا بمرم یا بستێنم ماف

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

دەستێنمەوە مافی خوراو بۆ نیشتیمانی لەت کراو

هەزاران دایکی زگ سوتاو هەزاران باوکی کوڕکوژراو

دەژێنمەوە وەک گوڵ بە ئاو

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

ناهێڵم نەسلی بەدکار وەک هەڵۆ لێی دەکەومە کار

لە ژێر زەوی بۆی دەچمە خوار بچێتە ئاسمان نایکەم قوتار

کوردم کوردستانم دەوێ






هیوای بەرزم قەت نانەوێ

جووقە واری لێ ناهێڵم		وڵاتی پێ بە جێ دێڵم

خاکی خۆم بۆ خۆم دەکێڵم		سوودی بزن وەمەر و چێڵم

چی دی نایدەم بە فرو فێڵم

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

تاکەی خەزێنە و نەوتەکەم		بە بۆکەڵە و فیت فیتە دەم

لە سەرگەنجی وڵاتەکەم		خەڵک شاد و من دڵ بە خەم

خاکی خۆشم ئاوارە کەم

کوردم کوردستانم دەوێ

هیوای بەرزم قەت نانەوێ

١٣٤٦ ی هەتاوی

ئاوارە

ئاوارە لە مووچەیەکی گوندی بیژوێی ئالانی سەردەشت دەبێ و بە دووربین چاو لە دێیەکە دەکا و دەبینێ ئاپۆرایە، هێندەی پێ ناچی برادەرێک نان و چای بۆ دێنی. ئاوارە دەپرسێ :

. ئەو ئاپۆرایە چیە لە نێو دێ

ـ چ نیە عەجەم هاتوون بۆ سەربازگیری و دوو کەسیان بە ڕەش بگیر گرتوون یەکیان سەلیم پێخواسە کە هەر زوو خۆی لە دەستیان رزگار کردوو ئەوی دیکەیان میرزا برایمی حاجی حوسێنە ژن و منداڵ بە پەیاغان ئەویشیان لێ ئەستاند نەوە، ئێستا ژاندارمە لە کونە مشکێکی دەگەڕێین خۆی تێ راکەن.

* ئاوارەش قەڵەم تاو دەداتێ و دەنووسێ :

## ڕەش بگیری

قەڵەم ئەی نووری چاوم		کزەی جەرگ و هەناوم

ئەی مایەی ژیانم		ئەی هێزی دڵ و گیانم

هەستە لە خەو درەنگە		ئەمرۆ دڵم زۆر تەنگە

دڵم زۆر ماتەمینە		پڕ لە زام و برینە

چیت پێ دەڵیم بە کوردی		بینووسە زۆر بە ووردی






وام زانیوە دەنگ و باس — سێ جەندرمەی خوا نەناس
لە سێی پێنجی چل و سی — هاتنە بێژوێ سێ بە سێ
بەرگیان سپی وەک خێوی — ترسنۆک چەشنی ڕێوی
گەینە قەبرستانی دێ — " سەلیم" یان گرت دەستبەجێ
کە گرتیان سەلیم پێ خواس — خەڵک هەموو وەک هەیاس
لە فیتی خۆ گەیشتن — رایان کرد و ڕۆیشتن
هاتن گەینە نێو ئالان — گەران کۆڵان و داڵان
وەک سەگی هار و برسی — هەرچی دییان لێیان پرسی
لە ناکاو بێ خەبەر — یەکێک لە ژوور هاتە دەر
نەیزانی ئەو فەقیرە — کە حەوزەیە و ڕەشبگیرە
نەیزانی بەشی کوردان — گرتن و کوشتنە و زیندانە
وەک سەگ بۆی چوون دەمودەست — گرتیان هەردووک دەستیان بەست
بە خۆشی و شادمانی — هاتن گەینە سەربانی
غەیری ئەو دوو نێچیرە — کەسیان نەبوو دەستگیرە
هەرچۆنێ بوو مام پێخواس — خۆی لە دەس کردن خەلاس
ئەوی تریان پێش خۆدا — بۆ وەتاغی مام کوێخا
(ای کدخدا بیا پیش ) — ( بیا بیرون میندیش )
بەڵام کوێخا مەردانە — دەرچوو لەو جێ و مەکانە
زوو گرەوی خۆی بردەوە — بۆی دەرچوو خۆی شاردەوە
ئەو شەو تاکوو بەیان — پیر و ئافرەت دەورەی دان
زۆریان لێ پارانەوە — دیلیان وێ نەدانەوە
بە بەرتیل و پارە — نەکرا عیلاج و چارە
تا بەیانی دەستە بەستە — خستیاننە ژوور وەک خەستە
چەند و چوونی پێ ناوێ — دەگەڵ گزنگی تاوێ
سێ جەندرمە و یەک ئەسیر — هاتنە خوارێ چەپ و چیر
هاتنە خوارێ چوار بە چوار — کەوتنە ڕێگا بەرەو شار
خەڵکی نێو دێ ژن و پیاو — کور و کچ و پیر و لاو
هەموو مات و خەفەتبار — وەک دییەکی تازیە بار
بەڵام هەرگیز خودایە — شوکری تۆم لە دەست نایە
کوردت وەها داناوە — بۆ تەنگانە ژن پیاوە
ئافرەتانی قارەمان — دایان نابوو یەک پیلان
نەخشە و پیلانێکی جوان — وەک داستانی ئەرسەلان
گەینە دەرکی مام باپیر — پێش خۆیان دابوو ئەسیر
پوور فاتمیان ناردە — کردی بە مرخێش مرخێش !
کوری منە و بەری دەن — سەگباب ئەزیەتی مەدەن






تێک هاڵان و تێک نووسان — وەک جۆخین کەن پێ خوسان
زۆریان یەکتر هێنا و برد — زەفەریان لە یەک نەبرد
پوورم نەعرەتەی کێشا — هێزی ئافرەت خرۆشا
بگرەوبەردە و گیر ودار — پەیدا بوو لە چوار کەنار
یەک دەیگووت تێییان هەڵدەن — زوو براکەمیان پێ بەردەن
یەک دەیگووت من هەر دەیکەم — تا رزگار دەبێ کوڕەکەم
یەک دەیگووت ئاموزا گیان — ئەتوو سەربازی ئێران
یەک دەیگووت کوری خوشکە — بۆیە لێوم وا ویشکە
یەک دەیگووت ئەی ئاموزا — جەرگم لە بۆت هەڵپرووزا
کە هات خورشیدی کچی — دەیدا لە سەر و پرچی
هاواری کرد دایە گیان — بێ مرادت کردم لە ژیان
شەرتە لە پاش تۆ دایە — تەرک کەم ئەو دونیایە
تا خەوم نەیە نەنووم — تا بنێشتم نەبێ نەجووم
تا برسیم نەبێ نەخۆم — تا نەکەومە رێ نەڕۆم
مەگەر هەر نەبێ ماستاو — دەنا ناخۆم بەفر و ئاو
مەگەر لە بەر هەژاری — کۆشت کەم بە ژەهری ماری
چا ناخوم تا تێ نەکرێ — نان ناخوم تا دانەنرێ
لەم هەموو باس وخواسە — ژاندارم بوون گێژ و کاسە
لە پاش شین و گریان وزار — خورشید دەستی دایە دار
وەک شێرە ژنی زەمانە — گرتی جەرگەی مەیدانە
ژاندارم لەو ترس و لەرزە — لە بیریان چووە حەوزە
بە سەد فێڵ و دەردی سەر — خۆیان لە دەست بردە دەر
چوونە ژووری دانیشتن — وەک مریشک لێ هەڵنیشتن
ئەمجار پوور فاتمی مردوو — لەسەر خۆی لادا پەتوو
رزگاری بوو لە مردن — بۆ توتن پێوە کردن
داستانم تەواو نەبوو — داخەکەم رۆژ ئاوا بوو
جێم چۆل و بیابانە — نیمە چرا و دیوەخانە
گەلی خوشک و برایان — تەمەننا دەکەم لێتان
ئەوەی نزیک و دوورن — لە تەقسیرم ببوورن

١٣٤٢ ی هەتاوی

ئاوارە

شەوی چاردەی گەلاوێژی ساڵی ١٣٤٦ لە مووچەیەکی سەرەوەی دێی بێتووشی ئالانی سەردەشت بە ناوی "دۆلان" بۆ دیدەنی چوومە لای ئاوارە ئەم شوینە زۆر خۆش و ئاوی سارد و زوڵاڵی هەیە ئەگەر فارسیکی کەویری یان عارەبێکی دەشتەکی لەو ئاوە وەخوا وا دەزانێ سەهۆڵی تێدایە دۆڵان شوێنێکی بەرزە و لە داوێن چیای زەرتکەیە و بەسەر ئالانی ئەم بەر و ئەو بەران دا دەروانێ .






شەو درنگانێک لە پاش قسە و باسێکی زۆر بە دەردی فارس دەڵێن: (از هر دری سخنی)
من لێی خەوتم ئاوارە لە بەر شەوقی مانگە شەو تا کازیوەی بەیانی بە خەبەر بوو .
بەیانی کە لە خەو هەستام دەفتەرەکەی لە پشت سەرم دانا بوو و بۆ خۆی لێ ی دابوو رویشتبوو خواحافیزێەکی لێ نوسیبوو. پیویستە بڵێم لەم سەفەرەدا کاک "محمد محمدی"یشم لەگەڵ بوو کە لە جەرەیانی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژی رژێمی پاشایەتی شەهید بوو. ئەمەش شێعرەکە :

## وەسفی ئالان

| | |
|---|---|
| ئالان ئەی باغ و بێستان | ئەی ناوچەکەی کوردستان |
| ئەی بەهەشتی سەر زەمین | ئەی نەخشی جان ئافەرین |
| من بەشی خۆم گەراوم | جیهان هاتە پێش چاوم |
| نەمدی وێنەی تۆ چ شوێن | لە کوێستان و لە گەرمێن |
| خۆشی لەبەر دڵانی | تا دڵ حەز دەکا جوانی |
| لە هەرزنی دێتە بەرچاو | مێوژ و دۆشاو بە لێشاو |
| "گاکێ" و "تێپەت" و "بەردان" | جێی مەڕ و ماڵ و وەردان |
| توتنەکەی "زەردەکانی" | رۆزمەن بێ بە قوربانی |
| "پیر بابا" پیری مەشهوور | خەڵک لە نزیک و دوور |
| لە کویستان و لە گەرمێن | بەرەو پیلی دەچن و دێن |
| بادار و سەر بە هەوێ | جێێ وایان دەس ناکەوێ |
| ئاوەدان بێ "مەزناوە" | مەڵبەندی بەڵەک چاوە |
| لە کیو لە مازوو چنین | بە هەڵپەرکە و پێکەنین |
| بە دابی هەرزەکاری | دوور لە دونیای غەمباری |
| شەو و رۆژ رادەبوێرن | دەست و دڵ چاو تێرن |
| خوارەوی "خوارە مێر"ە | کۆنە جێێ مەزن و میرە |
| "ئەشکان" و "مەزرێ" و "گەرماو" | خاوەن دەغڵ و توتن و ئاو |

## (بێتووش)

| | |
|---|---|
| بێتووش باغچەی گوڵانە | هێلانەی بولبولانە |
| کوڕ و کچ و لاو و پیر | هەموو دڵخۆش و دلگیر |
| باغ و باغاتی جوانی | مزگەوت و حەوز و کانی |
| دار و درەخت و سەوزە | ئاوی ساردی بێ قەوزە |
| هەتا دونیا دونیا بێ | وێنەیان پەیدا نابێ |
| مێوەجاتی جۆر بە جۆر | زەرد وشین و ئاڵ و مۆر |
| شیرین و مزر و مەزە خۆش | پیاو دەکەن مەست و سەرخۆش |
| خو خورەی ئاوی کوێستان | دێتە خوار بۆ نێو بێستان |
| چریکەی بولبول قاسپەی کەو | هەر لە بەیان تاکوو شەو |
| بە ئاواز و سازی خۆش | دڵ دێننە جۆش و خرۆش |






شاخی بە بەفر و بەرزی ... دەروانێتە سەر ئەرزی
"مەلا عەوڵای بێتووشی" (١) ... هەزار ڕەحمەت بێ تووشی
ڕۆڵەی ئەم خاک و ئاوە ... لە دونیا خاوەن ناوە
نە بە زمان نە بە قەڵەم ... ناتوانم وەسفی بکەم
تورک و فارس و ئەرمەنی ... کورد و ڕوم و یەمەنی
کەس نیە ناوی نەزانی ... چم داوە لە بەیانی
بێتووش بەراستی خۆشی ... مەڵبەندی عەیش و نۆشی
چۆن مەتحت بەمن دەکرێ ... هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ
قەت دەرناچی لە یادم ... هەر بەوەندەش دڵشادم
"مێرگاسی "جوان و ڕەنگین ... سازگارو جێگەی هاوین
جێی ئاهەنگ و سەیرانە ... دڵگیری پیر و جوانە
"دولکان "و"کانیلان "ی ... سەد دڵ دەبێ حەیرانی
لە"مێشکەپە" و"ڕەجاکە" ... مام حاجی پیاوی چاکە
"بێشکە " و" دێگە"و"بالێتان" ... " شیرانیان " و "دیناران"
سەرووی "دنیاران" " بناوە" ... دێیەکی خاوەن ناوە

## بێژوێ

گەیشتە " بێژوێ " نۆبە ... جێ ی زیکر و دین و تۆبە
"شێخ ئەمین "ی(٢) ئەمیندار ... پیاوی خودا و خوێندەوار
زۆر بە ناو بانگ و ناو بوو ... قیبلەگای پیر و لاو بوو
هەر کەس ئەوی ناسیبوو ... فێری خودا ناسی بوو
پیت و بەهرەی خودا بوو ... بۆ سەر زەوی ڕژابوو
سەرچاوەی نەقشبەندی ... خۆزگەم بەوەی چۆ بەندی
هەزار ڕەحمەت لە گۆری ... یەزدان بێ چاوە نۆری
"قوڵە" و "موونە"و" بەردە سوور" ... مەزرێ هەمووی خواروژوور
هەم " گۆجار" و" سێ کووزۆ" ... پەڵک چنار و مازوو
لە " گویزڵێ" هەنجیر و ترێ ... هێند زۆرە ناگوترێ
"گرتکی" هەر ئاوەدان بێ ... هەتا سەر خانە دان بێ
"کاوژان" لەو بەری " گرتکی " ... زورن مێوژی بە کەڵکێ
هەزار سڵاو لەو گووندە ... لەو بێژووە ڕەند و مەندە
بێژوێ بەهاری شادی ... لە ئالان بۆتە نادی
سەدو بیست ماڵ بالایە ... هەمووی ئاڵ و واڵایە
کور و کچ لاو و پیر ... هەموو زانا و ئاقڵ و ژیر
دڵخۆش و دەم بە خەندە ... شینی وێنەی گوڤەندە
پیری بە کەیف و دڵ جوان ... لە دەوڵەمەند و سەپان






هەموو شیرین کەلامن    بە عەقڵ و هۆش وفامن
کور کچی هەرزەکار    فێری گۆنگەڵ و قومار
لاوی گورج و گوڵ وتوند    دێنە بەر چاو لە نێو گوند
کوران شێرو پڵینگن    کچان قازو و قورَینگن
کانی مزگەوت و چنار    مەلا فەقی و خوێندەوار
هەر لە بێژوی جوانن    پێکەوە شانە و شانن
بێژووی هەتاکوو مابم    لا ناچی لە بەر چاوم
با لەو سەری دونیا بم    ئەگەر لە تۆ دڵنیا بم
هەر پێم وایە لە لاتم    هاو دەنگی خاک و پاتم
ئەو جار بە خوات دەسپێرم    بێژوێ بە خێر و بێرم
خوات لە گەڵ بێ بێژوێ خۆش    شەرتە نەتکەم فەرامۆش
"سنجووێ "و "دۆلی"و "رەشەکان"    بمبورن بە هەر سێکان
هەر ئەوندە دەزانم    بڵێم هەتا دەتوانم
جێی گەورە و خانە دانن    خاوەن قۆناغ و نانن
"گروێس " لە بەر دڵانی    وەک گووڵی سەرچڵانی
خاوەنی زەوی و زاری    جێ ی هەنجیر و هەناری
تەماتەی هاوینانت    مورەببای هەنارانت
مەزەی دڵ و گیانن    بەشی ئاغا و سەپانن
"گڵەسپی " و" مێرگان " و" زیوە "    شێخە سووری کرێوە "
دەوری " ئاڵمان " ی داوە    یاخوا هەر ببن ئاوا
"مەلا پیرە " و" شێخە سوور"    دوو مەرقەدی پر لە نور
جێگای راز و نیازن    دوعایان لێ دەخوازن
لە هەموو گۆشە و کەنار    لە دێهات و لە نێو شار
پۆل پۆل و دەستە دەستە    بێ ماندو و بوون و خەستە
بەرەو پیلیان دێن لە دوور    زیاتر لە بەر (شێخە سوور)
بە تایبەتی بەهاران    بە کۆڵە پشتی و باران
کولێرە و نانە چەورە    بە لێشاون لەو دەورە
زۆر جار بە بەزم و ئاهەنگ    کور و کچی شۆخ و شەنگ
دەگرن دەستی رەش بەڵەک    زەرد و سوور و چاو بەڵەک
با لێرە دەس هەڵگرین    بچین رەش بەڵەک بگرین

(١٤ ی گەلاوێژی ١٣٤٦ ) ی هەتاوی

ئاوارە

لە پێشەوە وتمان مەلا ئاوارە لە نێو زەحمەتکێشانی کوردستان دەگەرا و ئەوانی لە سەر داخوازیە رەواکانی گەلەکەی رێنمایی دەکرد گوندی نەڵاس (کە ئێستا بۆتە شاروچکە) یەکێکە لەو گوندانەی دەمچۆمی کەڵوێی سەردەشتە کە مەلا ئاوارە لەوێ زۆر دەچوو ماڵی جووتیاران و لە کاتی ئەوەی ژاندارمە و سیخورەکانی رژیمی پاشایەتی






بە شوێنی دادەگەران لەو ماڵانە لە نێو مووچە و مەزراکانیان دا دەحەوایەوە.

( خلە کەچەڵ ) یەکێک لەو توتنەوانە زەحمەتکێشانەی نەلاس بوو کە ئاوارە زۆری بە سەر دەکردەوە و تەنانەت لە ئاوەدان و نێو گوڵ کردن و توتن پێوە کردن دا یارێدەی دەدا ...

هاواری توتنەوانێکی سەردەشت یەکێک لەو هەڵبەستانەیە کە بە زمانی سادەو ساکاری گوندی‌یانە هونراوەتەوە.

توتنەوانێکی هەژارم — بێ خانوو و بێ زەوی و زارم
بێ پوڵ و باغ و بزن و مەر — دوور لە خێرم نزیک لە شەر
منداڵم رووت و برسییە — ژینم پڕ لە مەترسییە
قەرز دارم دەردەدارم — شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
روم نیە بچمە نێو خەڵک — بێ بەرگ و پێڵاو و بێ کەڵک
خەڵک پێی وایە تەمبەڵم — بێ کەسپ و کار و چەپەڵم
بەلام چ بکەم چارە رەشم — خەرمانم زۆرە و بێ بەشم
هەر کە گوتیان سەری ساڵە — وادەی جووت و کشت و کاڵە
خۆم و خێزان ، گەورە و بچووک — رادەپەڕیین وەکوو هەللووک
هەڵدەپەڕین لێرە و لەوێ — بەڵکوو کارێکمان دەس کەوێ
یا قورەکاری و خشتە برین — یا جووت و زەوی هەڵدرین
وا بەهارە دەرکەوت گوڵ — جێگە خۆش دەگرێ بۆ شتڵ
بە گاسن بە پێمەرە بە پاچ — بە چنگ و نینوک و قاچ
دەی بژێرین و خۆشی دەکەین — تێکەڵ دەبێ دەگەڵ پەین
ئەمجار تۆ شتڵی پی دەکرێ — بە چیلکەو چاڵ سەری دەگری
دوو رۆژ جارێک ئاوی دەوێ — تا شین دەبێ و دەردەکەوێ
بژاری چەند ناخۆش ووردە — پیشەی کور و کچی کوردە
شەو و رۆژ خەو ناچێتە چاو — کەنگی بەرم دەکەوێ ئاو
زەویەکەم بۆرە دێر بکەم — نەوەک سیس ببن شتڵەکەم
بە شیو برین و وەردو خەت — کێلان دەگاتە پێنج کەرت
دێراو هەڵدان خاکاو کردن — کور و کچ وەکوو کردن
ناخۆشە توتن چەقاندن — هەڵتروشکان پشت چەماندن
لە ئاو داشتن سستی نەکەی — تا دەگووری ووشکی نەکەی
نۆرەی پێشک و بژار برە — جەرگ برە بژار پڕە
وا نیو گوڵ کرا ئاو درا — لە دوورەوە بە چاو کرا
کلاو گەرگەری وەدەر کەوت — ئەژنۆم شکا نێوکم کەوت
رەبی کوێر بێ و چاوی نوسێ — بە زیادم لە سەر نەنووسێ
دەردی پێرارم نەداتێ — نە کەسریم بێ و نەچم داتێ
توتن نووس بۆ خاتری خودا — روحمی بکە بەمنی گەدا
مەی سووتێنە رەنجی ساڵم — خاوەنێ کۆشێ منداڵم






**تۆتن نووس :**

تازە هەڵی وەشێنمەوە — بشمری ئایکوژێنمەوە
من کار بە دەستی دەوڵەتم — دوژمنی خاک و میللەتم

**تۆتنەوان :**

زۆری لە بەر پاڕامەوە — بێ پووڵ جوابی نەدامەوە
نووسی بە چل پوتی تەواو — تەپلە بە سەری دوابراو
بە فیزەوە سوار بوو ڕۆیی — بۆ من جێما ڕەنجەڕۆیی
ئەو جا بارین دەرد و بەلا — بۆ تۆتنەوانی بێ سەلا
بە لەرز و تا بە دەردی چاو — سیس بووم وەک تۆتنی بەر تاو
بێ پوڵ و پارە وبێ خەرمان — بێ دوکتۆر و دەوا و دەرمان
کرم و مڵەش ، کەڵە و گەزۆ — لە تۆتنی تاپین بوون وە کۆ
ئەویش وەک خۆم سیس و داماو — چرچ و بێ شەفاف و ژاکاو
نەخۆشی و هەژاریم بران — کارم زۆرن، دەردم گران
جووچکەو وەچە،سەر سپاندن — بن پەل، تەرە داشکاندن
چار داخ وبەن پێوەکردن — وەبەر تاودان و یشک کردن
تەلیس، شریت و حەمباڵی — خەسار ئەکەی نیو مسقاڵی
ئەوا داگیرا، دانرا — پەتەی بارکردن وەرگیرا
خۆشی خۆشی دڵم شادە — خاون قەرز بەس خۆ بادە
تۆتنەکەم زۆر جوان و ڕەندە — بۆن خۆش و باش و پەسەندە
لەورۆ و لە سبەی باری دەکەم — وارید بە نێو شاری دەکەم
دووخانیە چاکم لێ دەکرێ — پووڵێکی باشم پێ دەبرێ
هەر قەرزێکی بە سەرمەوە — دەیدەمەوە بە گەرمەوە
جلک و پێڵاو دەسرە و کڵاو — برنج و ڕۆن بۆ چەڵاو پڵاو
هەرچی پێویستە بۆ ماڵم — بۆ خۆم و ژن و منداڵم
هەمووی دەکرم بە هەرزانی — لە چاو جاران بە مەرجانی
قەرز دار نیم ئەغد کرم — چی دی ناڵێم بەرگ شرم
حاجی قادر"(٣) "عەلی قەساب"(٤) — چایی بێنن دەگەڵ کەباب
شەو لە هوتیل لەسەر فەنەر — دەخۆم دەنووم بە بێ خەتەر
بەڕۆژ تا شەو بازار پێوان — بە فیزەوە قەدەم لێدان
دەگەڕێم دووکان بە دووکان — سەودا دەکەم جلکی بووکان
لە دەرزی تاکوو پەشمینە — هەر شتێ جوان و ڕەنگینە
نرخ و قیمەتی دەپرسم — تۆتنم هەیە چاو نەترسم
منداڵیش تلی لیلیانە — لە ماڵێ خۆشی خۆشیانە






باب لە شار دەگەڕێتەوە          هەموو شتێکمان بۆ دێتەوە
دە ڕۆژ بەم جۆرە رامبوارد          بە قەرز نان و چام خوارد
دڵ پڕ ئاهەنگ و خۆشم          ئەمرو توتنەکەم دەفرۆشم
ئاغای رەییس ودەرکەوت          ئۆخەی نۆرەم وەبەر کەوت
دە فەردە توتن ریز کراو          لە بەر شەوقی هەڵنایە چاو
بۆ دیتن و چاو لێکردن          هەمووی پەرت و بڵاو کردن
سەر و  بنی هەڵتەکاندن          نیویەکی لێ وەراندن
منیش لە جێی خۆ هەستاوم          بە بێ زمان راوەستاوم
لە ناکاو هاتە گویم دەنگێ          دای لە جەرگم وەک خەدەنگێ
گوتی: لێی دەن بە واگوزار          ئەمساڵ خەراپترە لە  پار
بەرویەکی ترش و تاڵەوە          گوتی: زوو بگەوە ماڵەوە
دەپووتت کەسری لە سەرە          بی هێنە بێ بێنە و بەرە
کە گویم گرت لەم دەنگ و سەدا          رەق بووم لەوێ وەک موقەببا
پاش تاوی تاسان حەبەسان          بە دەنگێکی پڕ لە ترسان
هاتمە زمان، هاوارم کرد          گوتم ئەی دادء ئەی هاوار
ئەی لە رێگەی پەروەردگار          لێم وەکۆ بوون درشت  وورد
ئاغای رەییس قەرزدارم          نەخۆشم برسیم هەژارم
هیچ نەبێ قەرزی ئەمساڵم          قوتی خێزان و منداڵم
بمدەنێ با ئەربابەکەم          حەقی چایی و کەبابەکەم
رازی بکەم ، بی دەمەوە          رێم ببێ بۆ شار بێمەوە
یان بمگرن یان بمکوژن          یان کەسەریم لە سەر هەڵگرن
بمبەخشن لە رێگەی خودا          خەرجیم نیە بۆ دادگا
هەڵدەلرزێم هەڵدە چوقام          نەراندی بە سەرما توقام

**رەییس :**

ئەی بێ شەرمی پەردە دراو          ئەی چڵنگی پیسی گڵاو
بێ دەنگ نەبی بێ ئابڕو          تێت هەڵدەدەم بە ئارەزوو
دا کوڕینە لێرە دەری کەن          نەک لێرە، شار بەدەری کەن
بەم چەشنە دەریان پەراندم          بەرهەمی ساڵیان رفاندم
بە دزی خاوەن قەرز و ئەرباب          بێ پووڵی قاوەچی و کەباب
ملم بۆ نایە لارەوە          دەرکەوتم لە نێو شارەوە
بە چاوی پڕ گریانەوە          بە دڵیکی وەک بریانەوە
هاتمەوە نێو خاو و خێزان          وەک بارانی گەڵا  رێزان
فرمێسکی رووتی و هەژاری          لە چاوی گشتمان دەباری






## توتنەوان

دوژمن تا کەی بدەم باجت — دەک وەرگەڕێ تەخت و تاجت
ئەی وەرزێران ئەی جووتێران — ئەی توتنەوانی ماڵ وێران
با بە یەک دڵ و یەک زوبان — بە خەباتی شێلگیرمان
تا دوا پشوو هەوڵ دەین — شەق دەو ڕژێمە هەڵدەین
یەگگرتن هۆی سەرکەوتنە — خەبات ڕێگەی دەستکەوتنە
ئەگەر یەکبین و یەک بگرین — لەگەڵ یەکدا بژین بمرین
زاڵ دەبین و سەر دەکەوین — بەرز دەبین و نانەوین
هەوڵ و تەقەلای بێ وچان — بێ ماندوو بوون و پشوو دان
تاقە ڕێگەی ڕزگاری یە — هێنەری ڕۆژی شادییە

١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٦٤ ز)

ئاوارە

ئاوارە گێرایەوە وتی شەوێک لە ئالۆتی بانە لە مووچەی برادەرێک خەوتبووم، هاوین بوو. نیوە شەو لە مووچەیەکی ئەولا ترەوە گویم لە دەنگی گریانی کۆرپەیەک بوو کە دایکی خۆشەویستی بە دەنگیکی خۆش لای لایەی بۆی دەکرد بۆ ئەوی جگەر گۆشەکەی بخەوێ.
گوتی لای لایەی ئەم دایکە کوردە دەروونی هەژاندم و ئیلهامی دامێ بۆ ئەوەی ئەم شێعرە بنووسم :

## لای لایەی دایکە کوردێک بۆ کۆرپە ساواکەی

ڕۆڵە کۆرپەکەم ئارامی گیانم — خونچەی گوڵزاری باغچەی ژیانم
جگەر گۆشەکەم بەرهەمی ژینم — سەروەت و ماڵم ئایین و دینم
هێز و تەوژمم بینای چاوانم — هاودەنگی بەزمی ڕۆژ و شەوانم
ڕۆڵە گیان مەگری مەگرە بەهانە — بنوو درەنگە بەری بەیانە
هەی لای لایە کۆرپەی ساوایە — کوێر بێ ئەو چاوەی بە تۆ هەڵنایە
هەرچەند تۆ دەگری جەرگم کەبابە — من بۆ تۆ چۆنم تۆش بۆ من وابە
تۆ شاگوڵی باغ من باغەوانم — نازت دەکێشم هەتا دەتوانم
دایک ئەو کاتەی دڵی دەسرەوێ — کەکۆرپەی ساوای بێخەم وەرکەوێ
یان بە بزەی لێو بە خەندەی زاری — ئاڵ وگۆڕیان کا گریان و زاری
هەی لای لایە کۆرپەی ساوایە — قەزات لە گیانم تاقانەی دایە
هەتا ئێستا کە منداڵی ووردی — خەڵف و نەمامی بێستانی کوردی
شلکی ناسکی نەت داوە بای باڵ — دەرت نەکردووە پەڕو خەت وخاڵ
بێ زمان و بیر بێ هۆش و تاقەت — غەمبارم دەکەی بە گریەو زاقەت
بەلام بە هیوای دوا ڕۆژم سادەی — نەکەی ڕۆڵە گیان ڕەنجم بە بادەی
هەی لای لایە کۆرپەی ساوایە — بنوو درەنگە بۆچ خەوت نایە
هیوام زۆر پێتە وەک باب و کاکت — ببیە سەربازی نەتەوە و خاکت
بەخێوت دەکەم بە گیان و بە دڵ — نەکەی بترسی ولەهیچ بکەی سڵ






زانا و خوێندەوار چاوو دڵتێر بی — ڕۆژی تەنگانە پڵنگ وشێر بی
لاوێکی گورج و خاوەن هۆش و بیر — نەترسی لە بەند لە کۆت و زنجیر
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە — بنوو درنگە تاقانەی دایە
کورم تۆ کوردی تۆ بێچوە شێری — نەتەوەی کاوەی ئازا و دلێری
باب و باپیرت خزم و کەس وکار — زۆریان کێشاوە مەینەتی وئازار
بۆ پارێزگاری نامووس و ماڵیان — قەت نەوەستاوەدەست وگۆپاڵیان
تۆش وەک ئەوان بە نەترس و نەبەز — بازی کێوی بە نەک کەوی قەفەس
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە — هیوای دوا ڕۆژم لە دەست تۆ دایە

پەراوێزەکان :

١- زانایەکی بە ناوبانگ و شارەزا بوو و لە گوندی بێتووش لە دایک بووە (بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ژیان و بەسەر هاتی بروانە (تاریخ مشاهیر کورد نووسینی بابا مردوخ روحانی جلد اول) لاپەرەکانی ٣٨٤-٢٧٦).

٢- مەلا حەمەدەمین ناسراو بە (شێخی بێژووی ن) کوری مەلا ئەحمەدی سەراوی لە ساڵی ١٢٧٧ی کۆچی مانگی لە بیژوێ لە دایک بوو ( بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ژیان و بەسەر هاتی بروانە: ( تاریخ مەشاهیر کورد لاپەرەی ٣٥٦) .

٣- قاوەچییەکی شاری سەردەشت بوو، قاوخانەیەکی بەرینی هەبوو و چایەکەی بە تام و خۆش و بە لەزەت بوو، پاییزان وەختی توتن( فەحس کردن) قاوەخانەکەی هەر جمەی دەهات و خەڵک بە تایبەتی خەڵکی دێهات زۆریان روو تێ دەکرد خوای لێ رازی بێ .


٤- کەبابچییەکی شاری سەردەشتە کەبابەکەی زۆر خالیس و بێ غەشە پێی دەڵێن ( عەلی مینەی شێخەی) پاییزان وەختی توتن فرۆشتن لە دوکانەکەی دا رێ وە بەر رێدار ناکەوێ بە تایبەتی کە کەبابخانەکەی لە نزیک قاوەخانەکەی حاجی قادر بوو. هەر کەس نان و کەبابی خواردبا بۆ چا خواردنەوەکەی دەچووە قاوەخانەی حاجی قادری.

سوپاس:

١- بۆ خوشکە چنور مهرپرور کە مونتاژی وە ئەستۆ گرت.
٢- بۆ شاهۆی جگەرگۆشەم کە پێی داچۆتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

## وتووێژی لە گەڵ بەرێز کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی، یەکێک لە پێشمەرگەکان و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە



ئامادە کردنی شلێر حەسەن‌پوور

وتووێژی لە گەڵ بەرێز کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەروەها هاوڕێی نێزیک و سەردەمی پێشمەرگایەتی لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە

پرسیار : بەرێز کاک مەلا ڕەحمان، سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوە کە کاتی خۆتت پێدایین کە یادێک لە یەکێک لە تێکۆشەرە دێرین و ناودارەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی واتە شەهید مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە بکەینەوە.

وەڵام : بە راستی سوپاسی جەنابت و ماڵپەری گیارەنگ دەکەم بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەو ئەرکە پیرۆز و گرینگە و بۆ ئەو یادە مەزنە، و هەروەها بۆ ئەو زەحمەتە کە جەنابت






پاش دەورانێکی دوورودرێژ بە سەر شەهید کرانی ئەو نەمرە دا خستووتە ئەستۆی خۆت، ئەگەر ئیزن بدەی بە کورتەیەک لە سەر خەبات و تێکۆشان دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان دەست بە باسەکەم بکەم.

بەڵێ: دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و پەرش‌وبڵاو بوونی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەیەکی زۆر جموجۆڵی تەشکیلاتی ئەو حیزبە لە تێکۆشان وەستا، بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی حیزب پەرەوازەی کوردستانی عێراق بوون، بەشێک لە لایەن ڕێژیمی شاوە گیران و هێندێکیشیان ژیانی نیوە نەهێنی‌یان بۆ خۆیان هەڵبژارد کە ئەوانیش یەک یەک و دەستە دەستە دەکەوتنە بەر هێرشی ڕێژیم و ڕەوانە گرتووخانەکان دەکران.

پاش ماوەیەکی زۆر لە تاسان و سەر لێشێواوی ڕیزەکانی حیزب، بە هیممەتی کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی ئەو حیزبە، کە هەموو کات‌وساتێک لە دەرفەتی لەبار دەگەران بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی حیزب و بە تایبەت ئەو کات کە لە کوردستانی عێراق تا ڕادەیەک بواری ئەوە ڕەخسا بوو و دەکرا ئازادانە هەوڵەکان بکرێنە یەک و لە سەر بنەمایەکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب جۆش بدرێنەوە و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دەست پێ بکرێتەوە، ئەو دڵسۆزانە هەوڵی خۆیان بۆ بوژانەوەی حیزب دەست پێکردەوە.

ئاکامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو بە هۆی ئەوە کە کۆنگەرەی دووهەمی حیزب بە مەبەستی دارشتنەوەی قەوارەی حیزب و دانانی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی نوێ پێک بێ. ئاکام و بەروبوومی کۆنگەرەی دووهەم چ بوو، باسێکی دوور و درێژە کە لێرەدا بواری ئەوە نیە بچینە ناو ئەو باسەوە، لە رابردووش دا زۆری باس لێوە کراوە. ئەوەی مەبەستە لێرەدا بۆ باس کردن ئەوەیە کە هێندێ لە کادرەکانی ئەو کاتی حیزب بەناهەق ڕێگەیان پێ نەدرا لە کۆنگەرە دا بەشداری بکەن و بە هەڕەشە و زۆری چەک ڕاونران و لە ئاوارەیی دا جارێکی دیکە ئاوارە بوونەوە و ڕوویان کردە چیا و بەندەنەکانی کوردستان، کە ئەو حەرەکەتە بوو بە هۆی پێک هاتنی " جووڵانەوەی ۴۶ و ۴۷ی هەتاوی کوردستانی ئێران ". یەکێک لەو کادرە بەوەج و دڵسۆزانەی جووڵانەوەی ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷ی هەتاویی، مامۆستا مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە ( مەلا ئاوارە) بوو.

**پرسیار : بەڕێز کاک مەلا ڕەحمان شەهید مەلا "ئاوارە"ت چۆن ناسی؟**

وەڵام : تەمەنم لە نێوان ۱۶ تا ۱۷ ساڵی دا بوو و لە گوندی نەڵاس دەمخوێند، کەسێک کە ئێستا لە ناوخۆی وڵاتە و نامهەوێ ناوی بەرم، هەڵسووڕانی لە ناوچەی سەردەشت دا زۆر بوو، زیاتر دەوری ئەو کەسانەی دەدا کە تا ڕادەیەک لێیان دڵنیا بوو، کە باس و لێدوانەکان بە نەهێنی ڕادەگرن، هاتە لام.

ڕۆژێکیان داوای لێکردم کە بچین بۆ قەدەم لێدان، ڕوومان کردە دۆڵەکەی پشت ماڵان، لە ڕێگا دا باسەکەی کردەوە: تۆ ئاوارە دەناسی؟ وتم نەمدیوە، بەڵام ناوم بیستووە. وتی با لێشت نەشارمەوە من ڕاسپاردەی ئەوم و دەمهەوێ شانە بەندی بکەین و کار بۆ حیزب بکەین ... دیارە زۆر سەرم لێ دەر نەدەچوو و ئەویش بەو شێوە زانیاری‌یەکی ئەوتووی نەبوو کە باش بتوانێ مەبەستەکەی دەر ببڕێ و حاڵیم بکا کە دەبێ چ بکەین. دوای هێندێ پرسیار و وەڵام، وتی ئاوارە لەم ناوەیە و لە گەڵ چەند کەسێکی دیکە وا دەکەم چاوتان پێ بکەوێ، وابوو بۆ یەکەم جار لە مووچەی چەکۆ، نێزیک گوندی بێشاسب چاوم بە ئاوارە کەوت.

لەو کۆبوونەوەیە دا، ئەوەندەی لە بیرم بێ دە یا دوازدە کەس دەبووین، ئاوارە قسەی بۆ کردین و ئێمەش تەنیا گوێمان بۆ گرت و کەسمان نەزەرێکی ئەوتۆی نەبوو، بێجگە لەوەی هەموومان بەڵێنی‌مان پێ دا کە بە دڵەوە کار دەکەین و چیمان پێ بسپێرێ ئەنجامی دەدەین، ئەوە یەکەم چاو پێکەوتنی من ئاوارەی هەرگیز نەمر بوو.

**پرسیار : هەلسوکەوتی شەهید مەلا ئاورە و کاریگەری مەلا ئاوارە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا لە ڕوانگەی جەنابتەوە چۆن بوو؟**

وەڵام : پێشتر ناوی ئاوارەم بیستبوو، هەر کەس کە ناوی کەسێک دەبیسێ، بەڵام هێشتا نەیدیتووە، لە زێهنی خۆی دا جۆرە بۆچوونێکی لە سەر هەیە، بەڵام کاتێک ئاوارەم بینی، بە تەواوی جیاواز بوو لەوە کە من بیرم لێدەکردەوە، پیاوێکی ڕووخۆش، رووح سووک، خۆ بە کەم گر و تا بڵێی لە بەر دڵان بوو، کاتێک قسەی دەکرد و باس و دەرد و مەینەتەکانی گەلەکەمانی دەکرد، کەس نەیدەتوانی بۆ چرکەیەکیش هەودای خەیاڵی ئەم‌لاوئەولا بکا و خافڵ بێ لە بیستنی وتە بەنرخەکانی، کەس نەبوو بچێتە لای و شەیدای باس و لێدوانەکانی نەبووایە و بە دڵەوە ئەرک و مەئمورییەتەکانی کە لە لایەن مەلا ئاوارە و باسی لێدەکران قەبووڵ نەکرد بایە.

ئاوارە کۆمەڵی کوردەواری زۆر بە باشی دەناسی، لە گەڵ هەر کەس بە زمانی خۆی دەدوا، ئینسانەکانی دەرک دەکردن و ڕێزی لە کۆمەڵانی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانی‌یەوە دەگرت. هەر بۆیە چوو بوو ناو قوڵایی دڵی کۆمەڵانی گەلەکەمان و بە گشتی خۆشیان دەویست و وەک چاوی خۆیان دەیان پاراست.

ئاوارە توانی لە ماوەیەکی زۆر کورت دا، سرنجی کۆمەڵانی خەڵک بەرەو کاری تەشکیلاتی ڕابکێشێ و شانە و کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا پێک بێنێ، کە تا ئێستاش شوێنەواری چالاکی‌یەکانی ئاوارە لەو ناوچانەی کاری تێدا کرد بوون، بەدی دەکرێ.

ئەو کات پەیوەندی بێ‌سیمی نەبوو، کارەکان و ڕاگەیاندراوەکان، لە ڕێگای ئەندامانی چالاک و دڵسۆزەوە بەڕێوە دەچوون، بەو حاڵەش ئاگاداری‌یەکان ئەوەندە زوو دەگەیشتن، هەر وەک لە تەکنێکی نوێی ئەو کات کەڵک وەرگیرا بێ، وابوو. لە راستی دا ئاڵقەی پەیوەندی‌یەکان بە گشتی کۆمەڵانی خەڵک بوون، کە ئەوەش بە ماندوو بوونی مەلا ئاوارە پێک هات بوو، بە دەیان جار لە شەر و تێکهەڵچوون لە گەڵ جاش و ژاندارمەکان، کە هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی پێ و شوێنی مەلا ئاوارە و پێشمەرگەکان دا بوون، لە لایەن خەڵکەوە ئاگادار دەکران و دەیان پارستن.






ئاوارە بێجگە لە کاری تەشکیلاتی و سازماندانی دڵسۆزانی گەلەکەمان، ئەرکی کاری کۆمەڵایەتی و یەک لایی کردنەوەی گیروگرفتەکانی خەڵکی ناوچەشی لە ئەستۆ بوو، کەم کێشەو ناکۆکی هەبوون کە بە قسە لێکردنێکی ئاوارە چارەسەر نەکرابان. خەڵک باوەری پتەو بەتینیان بە ئاوارە هەبوو و دەیانزانی بە دڵەوە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دوارۆژی گەلەکەی دایە.

**پرسیار : بەڕێز کاک مەلا ڕەحمان لە ماوەی پێکەوە بوونتان لە گەڵ مەلا ئاوارە دا بێ شک بیرەوەریتان پێکەوە هەبوون، دەکرێ یەکێک لە بیرەوەرییەکانتان لە گەڵ ئەو نەمرە دا بۆ خوێنەران باس بکەی؟**

**وەڵام :** ئاوارە زۆر زوو لە ناوچە دا گوڵی کرد و ناوبانگی دەرکرد و بوو بە خۆشەویستی گشت لایەک، بەڵام بە داخەوە زۆر لە گەڵمان دا نەژیا و کەوتە داوی دوژمنەوە و گیرا، لە گەڵ ئەوەشدا بیرەوەری زۆرم لە گەڵ ئەو نەمرە هەیە کە ناکرێ لێرەدا باس لە سەر هەموویان بکرێ. نموونەیەک لەو بیرەوەرییانە باس دەکەم کە تا ئێستاش بۆم ناچێتەوە سەریەک کە بۆچی وامان کرد؟!

وەک پێشتر باسم کرد ئاوارە خەمخۆری گەل و وەڵاتەکەی بوو و دەیهەویست کۆمەڵانی خەڵک بەوە ڕابێنێ کە بە کردەوە سامانی وەڵاتەکی خۆیان بپارێزن و ڕوونکردنەوەی خەڵکی لە هەموو بوارەکان دا زۆر لا مەبەست بوو. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر جار باسی دەکرد، پارێزگاری کردن لە جەنگەڵ و لێرەوارەکانی ناوچە بوو و پێی وابوو کە دارستانەکان یەکێک لە سامانە سرووشتییەکانی گرینگی وەڵاتەکەمانە و دەبێ بە هەموو لایەک بیپارێزن، لە ڕێگای شانە و کۆمیتەکانی حیزبییەوە وەک ئەرکێکی گرینگ لە نێو خەڵکدا تەبلیغ دەکرا.

ڕۆژێک لە نێزیک گوندی باساوێ بووین، نازانم کێ هەواڵی بۆ ئاوارە هێنا بوو کە کۆمەڵێک وەڵاخدار لە سەردەشت را هاتوون و لە نێزیک باساوێ داری تەڕ دەبڕن. بە پەلە بانگی کردین، هەر چەند ئێمە زۆر نەبووین، بەڵام شەش نەفەری لێ دەست نیشان کردین کە بچین پێشیان پێ بگرین و نەهێڵین داری تەڕ ببڕن.

وەدوایان کەوتین، بەڵام ئەوان پێشتر باریان لێ نابوو و ڕۆیشت بوون، ئیتر ئێمە نەگەراینەوە لای ئاوارە و کەوتینە دوایان، کاتێک گەیشتینە پشتی گوندی شێوەبرایمە، دیتمان ئەوان نێزیکی جادە ببوون، دیسان نەگەراینەوە و بووینە سێ دەستەی دوو نەفەری، ئەوەی باشم لە بیر بێ من و میرزا عەوڵای بێژوێ کە ئەو کات زۆر چالاک و دڵسۆز بوو، فریا کەوتین لە نێزیک خانووی حاجی ڕەسووڵی کە ئەو وەخت خانوویەک بوو بە تاقەوە و هێندێ لە شار دوور بوو، سێ کەس لە وەڵاخدارەکان بە بارەوە بگێرینەوە بەرەو گوندی شێوەبرایمە. دیارە لە راستی دا ئاوارە بە ئێمە نەگووت وەدویان کەون و لە نێو شاریش بێ بیان گێرنەوە، پێی وابوو لەو نێزیکانەن و مەبەستی ئەوە بوو کە نەفەرەکان ببینێ و لەو بارەوە قسەیان بۆ بکات.

ئێمە کە زۆرمان پێ چوو، ئاوارە و چەند کەسێکی دیکە کە لە لای مابوون، بە نیگەرانییەوە بە هانای ئێمە هاتبوون و لە پشتی ئاوایی شێوەبرایمە یەکمان گرتەوە. ئاوارە لەو کارەی ئێمە زۆر تووڕە بوو، وەڵاخدارەکانی لە بیرچوونەوە، یەکێک لە پێشمەرگەکانی لە نێو دەوەنەکان را ناردە خوارێ پێی گووتین زوو بۆ خۆیان وەرن و وەڵاخدارەکان ئیزن بدەن با برۆن!



کاتێک چووینە لای ئاوارە، دیتمان ناوچاوانی تێک ناوە و زۆر تووڕەیە، یەکەم قسەی ئەوە بوو: " هەواڵی نێو شاری چییە؟!" ماوەیەک کەس قسەی نەکرد. من بەش بە حاڵی خۆم بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمە ئەو کارەمان بۆ کرد؟ ئەگەر لە سەر جادە تووشی شەڕ ببایەن، بێجگە لە خۆکوژی چیترمان لە دەست دەهات؟ بێجگە لەوانە هەمیشە ئاوارە ئامۆژگارییەکانی ئەوە بوو کە کاری ئێمە کاری تەشکیلاتی و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە لە زوڵم و زۆری ڕێژیم و دەرەبەگەکان....

زۆری پێ نەچوو، فرۆکەیەک لە جۆری پلاتۆز کە زیاتر دەوری کەشف و زانیاری کۆ کردنەوەی هەیە، پەیدا بوو و دەستی کرد بە گەڕان لە ناوچەکە دا، ئێمە بڵاو بووین و لە نێو دەوەنەکان دا خۆمان شاردەوە. شەهید ئاوارە دیار بوو هێندێ لە تووڕەییەکەی تەواو ببوو، لە بەر خۆیەوە دەیگووت: " ئێستا دایکم ڕەنگە زۆری شایی پێم بێ، کوڕەکەی پێ ئەمیر ئەرسلانی ڕوومە، نازانێ ئەوە لە نێو ئەو دەوەنە دا جۆرێک خۆم مەڵاس داوە، ئەگەر پەلەدار کەلەکەشم کون بکەن، ناوێرم خۆم بجووڵێنم"، ئەوە یەکێک لەو دەیان بیرەوەرییە کە لە گەڵ ئەو شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان هەم بوو.

**پرسیار : لە سەر گیرانی شەهید مەلا ئاوارە زۆر بۆچوون و نەزەری جۆراوجۆر هەبوون و باسیان لێوە کراوە، ئایا لە کاتی گیرانی شەهید ئاوارە دا جەنابت لە ناوچە دا بووی و تا چەند لە گیرانەکەی ئاگاداری و گیرانەکەی لە گوندی دیوالان بە چ شێوەیەک بوو؟**






وەڵام : ئاشکرایە داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەکانی رزگاریخوازی گەلەکەمان، هەمیشە هەوڵیان داوە، سەرانی جووڵانەوە بە هەر شێوەیەک بێت لە ناو بەرن. بۆ ئەو مەبەستەش زۆرجار کەڵکیان لە خۆفرۆشان و ناحەزانی جووڵانەوەکان وەر گرتووە، دزەیان کردۆتە ناو ڕیزەکانی خەباتگێران بۆ لە داو خستنی سەران و بەرپرسانی ڕاپەرین و جووڵانەوەکان.

یەکێک لە سەرکردەکانی ڕاپەرینی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی، کوردستانی ئێران کە ئامانجی سەرەکی بوو بۆ ڕێژیمی شا و هەر دەم هەوڵیان دەدا بە شێوەیەک لە داوی بخەن، شەهید مەلا ئاوارە بوو، کە بە داخەوە زۆر سادە و ساکار بە دەستیانەوە هات و دەست بەگیریان کرد. لە سەر گیرانی ئاوارە تا ئێستاش حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، نە لە کاتی خۆی دا کە لە ناوچە دا دەسەڵاتدار بوو و نە ئێستاش کە ئێستایە، ئەو زەحمەتەی بە خۆی نەدا لەو بارەوە لێکۆڵینەوە بکا و ڕوونی بکاتەوە کە تاوانباری ئەسڵی کێیە؟ هەر چەندە زۆریش ئاسان بوو دیتنەوەی تاوانباران، چونکە یەکێک کە ئەو کات چەکداری ڕێژیم بوو و دوایەش گەڕایەوە ناو حیزب، بەشداری ڕووداوەکە بوو، دەکرا بە وردی لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دا کرا با، کە بێ شک بەڵگەی ڕاستییەکان بە دەست دەهات، بەڵام بۆ نەکرا و پاش گوێ خرا، جێگای باسە؟!

شەوێک لە شەوانی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویی، ئێمە لە دۆڵی بەردەسووری خوار گوندی ئاغەڵان بووین، قەول وابوو بەرەو گوندەکانی دەم چۆم بچین. زۆر باشم لە بیر نەماوە ژمارەمان چەند کەس بوو، بەڵام بێ شک لە ٢٥ کەس زیاتر نەبووین، سێ، چوار کەسیش لە کادر و پێشمەرگەکانی ناوچەی پیرانشار وەک شەهید ساڵح لاجانی، مەلا سمایل زەرگەتەنی و دوو نەفەری دیکە هاتبوونە لای مەلا ئاوارە، بۆ باس و ڕاوێژ کردن لە سەر پتەو کردنی پەیوەندییەکانی ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار و چەند ڕۆژێک بوو ئەوانیش لە گەڵمان بوون.

ئاوارە بانگی من و شەهید لەتیف نەقشبەندی کرد و پیی گووتین کە بە نیازە بچێتە گوندی دیواڵان، بۆ بەڕێوەبردنی کارێکی تایبەتی، گووتی ئێوە پێویست ناکا بێن و بچنە گوندی سەرشیو و ئێمەش دوای تەواو بوونی کارەکەمان دەگەڕێینەوە لای ئێوە، ناوی شەومان دانا و لێک جیا بووینەوە.

جێگای ئاماژە پێ کردنە کە ئێوارەی ئەو ڕۆژە " ڕەحمان شەخسی" کە ئەویش خەڵکی گوندی دیواڵانە و زۆر جێگای متمانەی ئاوارە بوو، هاتە لامان و لە گەڵ ئاوارە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان کرد و بڕیاریان دا بوو کە بێجگە لە مەلا کەچە و ڕەحمان کە هەر دووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان بوون و لەهەمان کاتیش دا لە پێشمەرگە هەڵسوورەکان بوون، کەسیتر لە گەڵ خۆیان نەبەن.



دیارە لەو شێوە سەفەری ئاوارە و لەوە کە نەیهێشت ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە لە گەڵی بچین، هێندێ نیگەران بووین، بەڵام لە بەر ئەوە کە لە "ڕەحمان شەخسی" دڵنیا بووین و زۆرجاری دیکەش لەو جۆرە سەفەرانەی لە گەڵ کرد بوو، بە نابەدڵی و دڵەڕاوەکێوە، ناوی شەوی داینێ و ئەوان بەرەو گوندی دیواڵان و ئێمەش بەرەو گوندی سەرشیو، وەرێ کەوتین.

کاتێک گەیشتینە گوندی سەرشیو، بە چەند گروپ دابەش بووین. دوای نان خواردن و حەسانەوە و قسە و باس لە گەڵ خەڵکی گوندەکە، دەوری کاتژمێر ١٠ی شەو بوو، کە یەکێک لە پێشمەرگەکان، کە نۆرە کێشکی بوو، خۆی بە ژوورێ دا کرد و گووتی: لە لای دیواڵان دەنگی تەقی دوو تەفەنگان هات، ئێمەش بە پەلە خۆمان پێچاوە و بەرەو دیواڵان وەرێ کەوتین.

نێزیک کاتژمێر ١١ی شەو بوو کە بە تەواوی لە چەند لاوە، گەمارۆی گوندەکەمان دا، زۆرمان هەول دا کە کەسێک وەدەست بێنین و لە وەزعەکە ئاگادارمان بکا، بەڵام لە تەواوی ئەو گوندە بێجگە لە دەنگی سەگان چیتر نەدەبیست. پاش ماوەیەک بێ دەنگی، شەهید قەرەنی ناسراو بە (عەلی یە ڕەش) کە لە گەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە لە لای خوارەوەی ماڵەکان، حەوزێکی لێ بوو و لەوێ سەنگەری گرت بوو و تیربارێکی زۆر باشی پێ بوو، لە کۆڵانێکی نێزیک حەوزەکە چەکداری دیتبوون، دەنگی دان و هەر دوای چەند چرکەیەک تەقەی لێ کردن، بەڵام چ تەقەیەک، بێ دەنگی شەوی شکاند هیچ، پەلە سوانەی خانووەکەش ئاوری گرت و ئیتر هەر ئەوە بوو کە لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستی پێ کرد، وێڕای تەقە کردن، بانگ کردنی ئاوارە و هاوڕێکانیشی بەردەوام بوو، هیچ کەس لە خەڵکی گوندەکە دەنگی لێوە نەدەهات و نەمان دەزانی ئاوارە لە چ ماڵێکە. ئەو وەزعە نێوە نێوە بەردەوام بوو، تا ڕۆژ ڕووناک بوو. پاشان هێندێک لە ماڵەکان دوور کەوتینەوە و لە چەند بەرزایی دەوری گوندەکە سەنگەرمان گرت و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە چەند و چۆنی وەزعەکەمان لێ ڕوون بێتەوە و هەواڵێکی دروستمان دەستکەوێ، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕووی نەختێ زانیاری یەوە، هێرش بەرینە ناو گوندەکە.

پێشمەرگەکان وڕەیان زۆر بەرز بوو. شەهید ساڵح لاجانی کە تەنیا کەسێکی بە تەجرووبە و پێکراو بوو لە نێوماندا و پێشمەرگەیەکی تا ڕادەیەک کۆن و کارامە و بە ئەزموون بوو و لە شۆڕشی کوردستانی عێراق دا چالاکانە بەشداری کرد بوو، زیاتر ئەرکی فەرماندەیی بە دەستەوە گرت بوو و شوێنەکانی جێگر بوونی پێشمەرگەکان و هەروەها دیاری کردنی چەند کەناڵێک بۆ هێرش کردن و دابەش کردنی دوو، سێ گروپی چووکە بۆ بەرگری و هێرش بەرانی خستە ئەستۆی خۆی.

زۆر چاوەڕوان بووین هیچ هەواڵێکمان گیر نەکەوت، لە تەواوی ئەو گوندە کەسێکمان نەدی لە ماڵ بێتە دەر و جووڵە بکات، پەلەوەر و حەیواناتیش بە کەمی دەدیتران، هەر وەک ئەوە ئەو گوندە خاپوور بوو بێ.






دەوری کاتژمێر ٩ی بەیانی بوو، هەلیکۆپتەرێک لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوو، دیار بوو نەفەر هەڵگر بوو و خەریکی ئەوە بوو بچێتە ناو گوندەکە و لەوێ بنیشێ، بەڵام پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد و ناچار بوو بگەڕێتەوە بەرەو سەردەشت.

دوای گەڕانەوەی هەلیکۆپتەرەکە و نیو سەعاتێک دواتر، پیرێژنێک لە نێو ماڵان را بەرەو شوێنی ئێمە وێ‌هەڵگەرا و وردە وردە تا گەیشتە لای ئێمە، زۆرمان پێ خۆش بوو، پێمان وابوو هەواڵێکی لە چەند و چۆنی جاش و ژاندارمەکان و هەروەها وەزعی ئاوارە و هاوڕێکانی بۆ ئێمە پێ یە. بەڵام کاتێک گەیشتە لای ئێمە، تەنیا نامەیەکی پێچراوەی چووکەی پێ بوو کە ئاوارە نووسیبووی، تەنانەت ئەو نەیدەزانی ئەوەی نامەکەی داوەتێ کێ بووە، دەیگووت: بە منیان گوتووە ئەو نامەیە بەرە بۆ ئەوبەری بۆ ئەوەی گوندەکە وێران نەبێ. کاتێک نامەکەمان کردەوە، تەنیا سێ، چوار خەتێک بوو، بە ناوی ڕەمزی من و لەتیف نەقشبەندی یەوە نووسرا بوو، داوای کرد بوو، " ئەگەر دەتان هەوێ من ڕزگارم بێ، دەوری گوندەکە چۆل بکەن، دڵنیا بن من ڕزگارم دەبێ."

پیرێژن گەڕایەوە و پێشمەرگەکان زیاتر لە گوندەکە نێزیک بوونەوە، لە کۆڵانێک را یەک دوو جاش و ژاندارم خەریکی ئەوە بوون بە لا شیوێک را بەرەو بەرزایێکی گوندەکە وەسەر کەون، پێشمەرگەکان زۆر بە توونەی جاشەکانیان وەبەر ڕێژنەی گوللەی چەکەکانیان دا، دیار بوو پێکرا بوون و کوژراو بریندا‌ریان هەبوون، چوونکە ئەگەر تەقە تاوێک بێ دەنگ دەبوو، یەکێک بە ڕاکردن دەهات و کەسێکی بە خێشکە خێشک بۆ لای شوێنی ئەمن و بەرەو خوارەوە ڕاکێش دەکرد.

ئەو وەزعە هەروا درێژەی کێشا تا دەمی نیوەڕۆیە. دیسان پیرێژن وێ هەڵگەڕایەوە و نامەیەکی دیکەشی هێنا. ئەو جارەیان نامەکە فەرقی هەبوو لە گەڵ هی پێشوو. لە نامەی پێشوو دا وێدەچوو بە زۆر و تەهدید پێیان نووسیبێ. بەڵام جاری دووهەم ناوی ڕەمزی و ڕوونکردنەوە و باسی ئەو کاتە کە لە دۆڵی بەردەسوور لێک جیا بووینەوە و لە هەمووی گرینگتر ناو و ڕەمزی شەوی نووسیبوو کە بە زۆر ناکرێ ئەو کارە بکرێ، چوونکە تەنیا ناوی شەو من دەمزانی لە گەڵ خۆی کە دەکرا شتێکی دیکە بنووسێ بێ ئەوەی ژاندارمەکان هەست پێ بکەن.

دوای ئەوە، چەند کەسێک کۆبووینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ناوەڕۆکی نامەکە و هەروەها بۆ ئەوەی کە دەبێ چ بکەین؟ دیارە ئێمە ناکۆکی‌مان کەوتە ناو، بەشی هەرە زۆر نەزەریان ئەوە بوو کە ئاوارە خۆی تەحویل داوە و ئەو شێوە چوونەشی بۆ دیوالان، تەنیا بۆ سەر لێشواندنی ئێمە بووە. بەتایبەتی شەهید ساڵح لاجانی و مەلا سمایل زەرگەتەنی و هێندێ لە هاوڕێیانی دیکەش زۆر تووڕە بوون و لە ڕاستیش دا فەرماندەیی لە دەست ساڵح لاجانی دا بوو.

لە لایەک نارازی بوونی زۆربەی پێشمەرگەکان لە نامەکانی ئاوارە، لە لایەکی‌تر بێ هەواڵی لە چەند وچۆنی جاش و ژاندارمەکان و وەزعی ئاوارە و هاوڕێیانی، وای کرد کە تووشی سەر لێشێواوی و دوردۆنگی بین و نەتوانین بڕیاری هێرش بۆ ناو ئاوایی بدەین، یا لانی کەم درێژە بە گەمارۆ دانی زیاتری ئاوایی بدەین تا زیاتر وەزعەکەمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

لە کۆتایی دا گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە دەوری گوندەکە چۆل بکەین، بە وشەی پاشەکشە شوێنەکەمان بە جێ هێشت ئەوە: " بزانین فەرمایشەکانی ئاوارە بە قازانجی گشتی یە یا هەر ئی خۆی"؟ دوای ڕۆیشتنی ئێمە دەرکەوت کە جاش و ژاندارمەکان لە مزگەوت کۆبوونەوە و لە بیری ئەوە دا بوون کە خۆ بە دەستەوە بدەن، بە شەرتێک کەسێک دڵنیایان بکا کە ناکوژرێن و ئازاد دەکرێن، خۆ تەسلیم دەکەن، بەو حاڵەشەوە لە تەواوی ئەو گوندە دا پیاوی تێدا نەبوو لەو حاڵەتەی جاشەکان ئاگادارمان بکاتەوە.

**پرسیار : دوای گیرانی مەلا ئاوارە، و دڵنیا بوونتان لەوە کە دوژمن پیلانەکەی سەر کەوتووە و ڕەنگ بێ پیلانی دیکەشی بۆ ئێوە هەبێت، ئێوە ئەو دەستە پێشمەرگەیە بەرنامەتان چی بوو ؟**

وەڵام : چەند ڕۆژ دوای گیرانی مەلا ئاوارە، بۆ ماوەیەکی کورت سەر لێشێواوی و دڵەڕاوکێ و ناهومێدی بە دوارۆژ، قەوارەی ئێمەی داگرت بوو، بەڵام دەبوو بە کردەوە نیشان بدەین کە ئێمە درێژەدەری تا سەری ڕێگای ئازادی کوردستانین، هەر بۆیە کۆبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک گرینگمان پێکهینا، جێگای ئاماژە پێ کردنە کە لە جەریانی گیرانی مەلا ئاوارە دا، کاوە مارەغانی کە بە ڕاستی کوڕێکی زۆر ئازا و نەترس بوو، لە گەڵمان نەبوو، مەلا ئاوارە، شەهید کاوە و چەند پێشمەرگەیەکی نارد بوونە ناوچەی ئالان. بێ شک ئەگەر کاوە لە گەڵ ئێمە بایە، وەزعەکە فەرقی دەکرد و وێدەچوو گوێی نەدابایە نامەکانی ئاوارە و هەر جۆرێ بوایە کارەکەی یەک لا دەکردەوە، و بە پێی شارەزایی کە هەیبوو دەستووری هێرش و پەلاماری بۆ نێو گوندی دیوالان دەدا و ئەگەر بە تەنیاش بایە و بە مەرگی خۆشی تەواو بوایە خۆی لە نێو گوندەکە داویشت و نەی دەهێشت ئاوارە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام داخی گرانم کاوەی قارەمان و شۆڕشگێر لەوێ نەبوو.

دوای گەڕانەوەی کاوە مارەغانی هەرگیز نەمر، لە کۆبوونەوەیەک دا کە شەش، حەوت کەسێک بووین، زۆری سەرکۆنە کردین کە چۆن بوو ئێمە ئاوا ساویلکە و نەزانانە فریومان خواردووە و پاشەکشەمان کردووە؟! بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر بە ورە بوو و وتی ئێمە درێژە بە خەبات دەدین و هەر جۆر بێ ئاوارە خۆی تەحویل دابێ یا گیرا بێ، ئاکامەکەی هەر یەکە و ئێمە ئاوارەمان لە دەست داوە، کە وابوو دەبێ حیساب لە سەر خۆمان و پشتیوانی خەڵک بکەین ... لەو کۆبوونەوەیە دا بڕیاری ئەوە درا کە زۆر لە جاران زیاتر نەهێنی کاری بکەین و هەڵسوکەوتمان جۆرێ بێ کە دوژمن هەست بە بوونی ئێمە لە ناوچەکە دا نەکات و زەربەی قورستر لە پەیکەری ئەو جووڵانەوەیە نەدات، تا پەیدا بوونی شەهید قادر شەریف بە تەواوی ئەو کارەمان کرد و لەوپەری نەهێنی کاری دا ئەرکەکانمان بەڕێوە دەبردن.






دیارە یەک، دوو مانگ دوای گیرانی مەلا ئاوارە، قادر شەریف خۆی و هەشت نۆ کەسێک هاتنە ناوچەی سەردەشت و پەیوەندی گرت و یەکترمان دۆزیەوە. کاک قادر شەریف کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە گەڵ بوون، کە لە ئێمە کارامەتر بوون و چەک و چۆڵی باشتریان پێ بوو، ئەوەش بە کردەوە هەستی بەرەو ڕوو بوونەوە و بەربەرەکانی لە گەڵ جاش و ژاندارمەکان لە ئێمە دا بە هێزتر کرد بوو، بۆیە زۆری پێ نەچوو کە کۆمەڵێکی زۆر لە جاش و ژاندارمەکانمان لە دەوری گوندی سەرشیو گەمارۆ دان و گورزێکی باشمان بە تۆڵەی ئاوارە لێوەشاندن، کە ئەوەی لە بیرم بێ تەنیا یەک ژاندارمیان بە ساخی لێ دەرچوو و ئەوانی دیکە هەر هەموویان کوژران، بێجگە لە فەرماندەکەیان کە بە بریندار خۆی شاردبۆوە. دیارە تێک هەڵچوونی دیکەش هەر لەو ماوەیە دا ڕووی دان کە گرینگترینیان شەڕی ناوچەی شڵماش بوو.

بە داخەوە کاک قادر شەریفیش، هەر چەند پیاوێکی تا بڵێی تێکۆشەر بوو، بەڵام کەسێک وا نەبوو کە بتوانێ ڕێبەرایەتی ئەو جووڵانەوەیە بکات، بۆیە هومێد بە دوا ڕۆژ و درێژەدانی خەبات، زۆر بە قووەت نەبوو، دیارە لەو جووڵانەوەیە دا و بە هیممەتی چەند کادرێکی ناسراو و تێکۆشەری وەک مەلا ئاوارە، لە هێندێک ناوچە توانرا بوو زنجیرە تەشکیلاتێکی زۆر بە هێز و پتەو پێک بێ، کۆمەڵانی خەڵک بە تەواوی تواناوە، پشتی ئەو جووڵانەوەیان دەگرت، ناحەز لە هێندێک ناوچە دا زۆر کەم بوون و یەک پارچەیی خەڵک بەرچاو بوو، بەڵام بە داخەوە بە بێ ڕێبەری نەدەکرا لە کوردستانی ئێران درێژە بە تێکۆشان بدەین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری جووڵانەوە، کە لە سەرەتای دەست پێ کردنی جووڵانەوەکە دا پێک هاتبوو، تا ڕادەیەک لێک هەڵوەشا بوو و سیستەمی بەڕێوەبەری و سیستەمی تەشکیلاتی مەسئول نەبوو کە ناسراو بێ و بتوانێ جووڵانەوەکە بەڕێوەبەرێ، دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەوەی مابووین، هەمووماں کەم ئەزموون و پێ نەکراو بووین، تەنیا ورەی شۆڕشگێریمان لە سەرێ بوو، بەڵام نەمان دەزانی کە چۆن لەو ورە شۆڕشگێرییە کەڵک وەر بگرین، لە جیاتی گرینگی دان بە کاری تەشکیلاتی و خۆ بواردن لە تێک هەڵچوون و شەڕی چەکداری لە گەڵ ڕێژیم، " کە لە ڕاستیش دا توانای ئەو چەند کەسە ئەوە نەبوو کە حیسابی زۆری لە سەر بکرێ و بۆ خۆشمان هەستمان پێ نەدەکرد"، لە هەوڵی تێک هەڵپڕژان لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم دا بووین کە بە بڕوای من زۆر نادرووست بوو و هیچ پشتیوانێکیشمان بێجگە لە خەڵکی دڵسۆز نەبێ، نەبوو، بۆیە بە داخەوە دوای گیرانی ئاوارە زۆری نەخایاند کە پەراوازەی باشووری کوردستان بووین و جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ یش بە داخەوە کۆتایی پێ هات و چۆ نێو لاپەرە زێرینەکانی مێژووی خەباتی قارەمانانەی گەلەکەمانەوە.


**پرسیار : لە کۆتایی دا زۆر سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم و هیوادارم کە لە ژیانتان دا سەرکەوتوو بی، ئەگەر شتێکی زیاترت لە سەر مەلا ئاوارە هەیە دەتوانی لەو کۆتایە دا باسی بکەی؟**

**وەڵام :** من تەنیا لە کۆتایی دا ئەوەندە دەڵێم کە مەلا ئاوارە بۆ گەلی کورد زەحمەتی زۆری کێشا و گیانی خۆی لەو پێناوە دا بەخشی هەر بۆیە پێویستە کە گەلی کوردیش ڕێز لە خزمەت و تێکۆشانی مەلا ئاوارە و باقی شەهیدانی دیکەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی بگرن و بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی کە ئازادی و ڕزگاری کوردستانە، لە ڕۆژە سەختەکانی ئەو سەردەمە و لە تێکۆشانی ئەو نەمرانە ئەزموون وەر بگرن، جارێکی دیکە سوپاس بۆ جەنابت و سەرکەوتوو بی.

منیش سوپاست دەکەم.
ئامادەکردنی شلێر حەسەن‌پوور

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز حاجی حوسێن حەدداد، یەکێک لەتێکۆشەرانی دێرینی حدک و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە



وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ بەرێز حاجی حوسێن حەدداد، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە تێکۆشان و ڕۆڵی شەهید مەلا ئاوارە

* بەرێز کاک حاجی حوسێن حەدداد، سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوە کە بە دەنگمانەوە هاتی کە یادێک لە یەکێک لە تێکۆشەرە دێرین و ناودارەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی واتە شەهید مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە بکەینەوە.


**وەڵام :** منیش زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرکە گرینگ و پڕ بایەخەی کە جەنابت پاش ٣٨ ساڵ بە سەر شەهید کرانی ئەو نەمرە دا خستووتە ئەستۆی خۆت، هیوادارم کە منیش بە نۆرەی خۆم بتوانم تیشک بخەمە سەر بەشێک لە تێکۆشانی ئەو تێکۆشەر و شۆڕەسوارە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان.






**پرسیار : بەڕێز کاک حاجی حوسێن حەدداد مەلا ئاوارە یەکێک لە هەڵسوڕێنەرانی جووڵانەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی بوو، جەنابت مەلا ئاوارەت چۆن ناسی و پەیوەندیت لە گەڵ ئەو نەمرە چۆن بوو؟**

**وەڵام:** بە هۆی ئەوەی ئیدارەی فەرهەنگ سەرپەرستی ئیدارەی ئەوقاف بوو، لە کاروباری مزگەوتەکان و مەدرەسەی دینی واتە (حوجرەی فەقێ) یان دا نەخشی‌هاوکاری هەبوو، لە ساڵانی١٣٣٠ تا ١٣٣٨ چەند مامۆستای«موستەعید» لە لای عەللامەی بە ناوبانگی سەردەشت مەرحومی مامۆستا مەلا«عەلی‌قازی» ناسراو بە« قازی‌عەلی سەردەشتی» ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرت.



لەو ساڵانە دا کەمن لە قوتابخانە دەرسم دەخوێند لە کاتی ئیجازەدانی مەلایەکان دا لە لایەن ئیدارەی فەرهەنگ بە هەموو قوتابییەکانی پۆلی ٤ و ٥ و ٦ ڕادەگەیاندرا کە دەبێ بەشداری ئەو ڕێورەسمە بکەن ئێمەش لەخوامان دەویست.

بە هۆی دۆستایەتی بنەماڵەیی‌مان شادرەوان جەنابی قازی زۆر سەردانی باوکی ڕەحمەتیمی دەکرد و زۆریشی کاکم (کەریم حەدداد) خۆش دەویست، کاکم هاتووچۆی فەقێیەکانی دەکرد.

وام لە بیرە دوەمکەس کەئیجازەی مەلایەتی لەلای جەنابی قازی وەرگرت بەڕێز مامۆستا مەلا«محەممەد هەمەوند» ناسراو بە مەلا (محەممەد شڵماشی) بوو، من لەحوجرەی مزگەوتی سووری سەردەشت (مزگەوتی جامیعە) و لە داوەتی ئیجازە وەر گرتنی مامۆستا مەلا(محەممەد) دا مەلا (ئەحمەد شڵماسی)م ناسی، دیارە ئەویش هەر لە لای قازی‌دەیخوێند.

ساڵانی‌دوایی مەلا (ئەحمەد) دەستی لەخوێندن هەڵگرت و لە گوندەکانی دەوروبەری شار معامەلەی دەکرد.

هاتووچۆی مەلا ئەحمەد بۆ گوندەکان و هەڵسوکەوتی لە گەڵ خەڵک بوو بە هۆی ئەوە ئاڵوگۆڕێکی قوڵ لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەوە لەو مرۆڤە هەڵسووڕ و گەل دۆستەدا پێک بێت، ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی منیان برد بۆ سەربازی، ساڵی ١٣٣٩ گەڕامەوە هەرکاتێ مەلا ئەحمەد بهاتبایە سەردەشت سەری ماڵ یا دوکانی ئێمەی دەدا و لە گەڵ کاکم سرتو خورتیان دەکرد.

**پرسیار : شەهید مەلا ئاوارە ماوەیەک لە ناوچەی سەردەشت دا خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆی دەبێت و لە پڕ بۆ ماوەیەکیش کەس نازانێ کە مەلا ئاوارە چۆتە کوێ و چی لێ بە سەر هاتووە، ئەگەر جەنابت لەو پەیوەندیەیە دا زانیاریمان پێ بدەی، گەلێک سوپاست دەکەم؟**

**وەڵام :** دوای گەشە کردنی کومیتەی حیزبی لە سەردەشت و دەوروبەر لە ساڵی ١٣٤١ من بە ئەندامی کومیتەی حیزب هەڵبژێردرام، شەهید ئاوارە هاتووچۆی گەرمێنی دەکرد ماوێکی زۆر بوو ئاوارەم نەدیتبوو، لە هاوینی ئەو ساڵە دا ڕۆژێکیان لە دوکانی ئاسنگەری ئێمە پەیدا بوو دوای چاکوچۆنی لە گەڵ کاکم چونە عەمباری دوکانەکەمان، دوای ماوەیەک مەلا ئەحمەد ڕۆیشت، لە کاکمم پرسی دەمێکە مەلا ئەحمەد دیار نییە نەیگوت لەکوێ بووە، کاکم گوتی ئەو ماوە باسی ئەوەمان دەکرد، ناوبراو لە گەرمێن بووە، چۆتە لای هاوڕێیانی حیزبی بۆ ئەوەی بمێنیتەوە، لە بەر ئەوەی نەیان ناسیوە وەریان نەگرتووە و داوای ناساندنیان لێکردووە، هەر ئێستا بڕۆوە ماڵێ و نامەیەکی بۆ بنووسە و وەکوو مرۆڤێکی دڵسۆز بە هاوڕێیانی بناسێنە، ناوی نەهێنیو ژمارەی ڕەمزی منو خۆتی لێدە و مۆری بکە و لە ناو کلکی تەورداسێکی بهاوێژە و کە مەلا ئەحمەد هاتەوە تەسلیمی بکە، من دەمودەست چومەوە ماڵ و نامەیەکم لەمبارەوە نووسی و ناوی نەهێنیو ژمارەی ڕەمزی کاکم و خۆمم لێدا و بە مۆری کومیتە مۆرم کرد و گەڕامەوە دوکان و خستمە ناو کلکە تەورداس، دوای ماوەیەک مەلا ئەحمەد هاتەوە تەورداسەکەم دایە دەستی و ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت.

لە نێوان ساڵانی ١٣٤٢تا ١٣٤٦ زۆرجار کاکم بۆ ملاقاتی مەلا ئاوارە دەچوو بۆ گوندەکان جێگا مانەوەی شەهید«ئاوارە» زۆرتر لەو ماڵانە بوو لە گوندی «دیواڵان» لەماڵێ ڕحمانی حەمەی وەتمان‌چاوشینی کە لە گەڵ ئاوارە ئیعدام کرا لە نەلاسێ لە ماڵێ(خلە کەچەڵ) لە واوان ماڵێ عەولای ساڵحی، لە زێوەی ماڵێ برایمی حەسەنی، لە بوبانێ ماڵی حوسێن شەشەی ناسراو بەحوسێن‌شەیار، لە هەرزنێ ماڵی‌حاجی برایمی حاجی، لە بێتوش ماڵی میرزا حاجی، لە گوندی بێژوێ ماڵی‌عومەری خەیات و سەلیم پێخواس و عەولای مینایی و لە ئەشکان ماڵی حەمەی خاڵە باسی لە زووڕان ماڵێ ئەحمەدی حەمەی ئەمەری لە دەشتێ دیواڵان ماڵێ حاجی ڕەسوڵ برای حاجی‌عەلی هەوار سێمانی، ئەو دەم دەیانگوت برایم ئاغای بەریاجی و حاجی‌عەلی هەوار سێمانی دەرمانیان ناردۆتە ماڵێ حاجی ڕەسول و بۆ مەلا ئاوارەیان کردۆتە ناو «کەلانان» دوای کەلانە خواردن بە نیوە بێهۆشی گەیشتونە گوندی دیواڵان و لەوێ گیراون و بە هەلیکۆپتەر نارد‌راونە سەردەشت.

**پرسیار : شێوەی کاری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی مەلا ئاوارە لەو سەردەمە دا لە لایەن جەنابتەوە چۆن دەبیندرێ؟**






وەڵام : دوای گەڕانەوەی شەهید ئاوارە بۆ دیوی گەرمێن، هەر زۆر زوو دەستی کرد بە کاری تەشکیلاتی لە ناوچەی سەردەشت.

مەلا ئاوارە یەکێک لە کادر و مرۆڤە دەگمەنەکانی ناو حیزب بوو، لە ناو جەماوەری خەڵک دا بە هۆی خەڵکی بوون و زمانپاراوی و کولتورناسی قەدر و قوتبێکی زۆری لە ناو هەژاران و گوندنشینان دا هەبوو، شەهید مەلا ئاوارە جگە لە کاری حیزبی خۆی بە کاری خەڵکەوە ماندوو دەکرد، لە هەر گوندێک شەڕوکێشە و نێوانناخۆشی هەبوایە، خێرا مەلا ئاوارەیان ئاگادار دەکرد و ئەو کێشانەی بە مەلا و ڕیشسپی و ئاغا و کوێخاکان چارەسەر نەدەکرا، ئاوارە بە چاوپێکەوتن و ئامۆژگاری لایەنەکان زۆر بە ئاسانی چارەسەری دەکردن چونکە بۆ خۆی دەردەکانی دەناسین و هەستی بە ئازارەکان دەکرد و چارەی بۆ دەدۆزینەوە.

هۆیەکیتر ئەوە بوو کە مەلا ئاوارە وەکوو خەڵکانی بەڕیوانیکەری گوندەکان هیچ چاوەڕوانی ماددی لە خەڵک نەبوو، تەنیا برایەتی و تەبایی و یەکرێزی ناو خەڵکی مەبەست بوو لەو لاشەوە ئەوەندە شارەزایی لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی(بافت اجتماعی) ناو خەڵک هەبوو گورج دەردەکەی دەدۆزیەوە و ڕێگا چارەی بۆ دیاری دەکرد.

شەهید ئاوارە نەک هەر کاری ڕێکخستن و کۆمەڵایەتی و بەڕیوانی خەڵکی دەکرد، بەڵکوو زۆر جار لە مەزراو دێبەر و باخەکاندا یاریدەی خەڵکیدەدا و بژاری توتن و دەست کەنەی نۆکانی لە گەڵ دەکردن و لە هەمان کاتدا دەرسی وەڵات پەرستی و برایەتیو تەبایی وکورد پەروەری فێردەکردن.

پرسیار : بەڕێز کاک حاجی حوسێن مەلا ئاوارە کۆمەڵێک شێعری ئەدەبی و شۆڕشگێری هەن، کە لەو کات و سەردەمە دا وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵک بوون، شێعرەکانی مەلا ئاوارە لە لای جەنابت چۆن هەڵدەسەنگێندرێن؟

وەڵام : چەکەرەی هەڵبەستی شەهید ئاوارە لەحوجرەی فەقێیاندا وەکوو هەموو شاعیرە بەرزەکانیکورد سەری هەڵداوە، دواتر کە چۆتە ڕیزی شۆڕشگێڕانی (حدکا)وە لە کوردستانی باشوور و دەست ڕاگەیشتنی بە دیوانی شاعیرانی نیشتیمانپەروەر، زیادتر هەستی شیعر بێژیو ڕەوانبێژی لەلا پەروەردە بووە، بە هۆی ئەوەی کوردی پەتی و زمانی گوندی زۆر باش زانیوە، لە دەورانی پێشمەرگایەتیدا بە زمانی ئازار دیتوانیکوردەوە شیعری دادەنا.

هەڵبەستەکانی مامۆستا ئاوارە سەرەتایان بە ڕەنج و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان دەست پێدەکەن و بە زمانی سادە بە ناخی دیاردە سیاسیەکاندا ڕۆدەچن و هەستی نەتەوایەتی و ئاگری نیشتیمانپەروەری لەدڵی بیسەر و خوێنەردا«نێڵ» دەدەن.

لە کوردم کوردستانم دەوێ دا دەفەرموێ:

تاکوو قۆناخی سەربەستی　　ئەسپی خەباتم ناوەستی
تا دەر نەچم لە ژێر دەستی　　نامەوێ سەرمایەو هەستی
مەرگ نەک ژینی ژێردەستی
کوردم کوردستانم دەوێ　　هیوایبەرزم قەت نانەوێ

لەکۆپڵەیەکی تردا دەفەرموێ

دەستی زۆردار دەقرتێنم　　قەڵای سەختی دەڕووخێنم
بەردی بناغەی دەردێنم　　وەک دێڵە سەگ دەیتۆپێنم
کە نەش تۆپێ دەیڕەتێنم　　تۆڵەی کوردی لێدەستێنم
کوردم کوردستانم دەوێ　　هیوای بەرزم قەت نانەوێ

لە»ڕەشبگیری» دا کە ژاندارمە چوونە گوندی بێژوێ بۆ گرتنی لاوان بۆ سەربازی لە بارەی ئازایەتی ژنانەوە لە کۆپڵەیکدا دەفەرموێ،

سێ جەندرمە و یەک ئەسیر　　هاتنەخوارێ چەپ و چیڕ
هاتنە خوارێ چواربەچوار　　کەوتنەڕێگا بەرەو شار
خەڵکی نێو دێ ژن و پیاو　　کوڕ و کچ و پیر و لاو






هەموو ماتو خەفەت بـار     وەک دێیەکی تـازیە بـــار
بەڵام هەرگیز خودایـە     شوکری تۆم لە دەست نایە
کـوردت وەهـــا دانـــاوە     بـۆ تـەنگــانە ژن پیـــاوە
ئـافرەتـانی قـــارەمــان     دایـان نـــابوو یەک پیـلان
نەخشەو پیلانێکی جوان     وەک داستـانـی ئــەرسـەلان
گەینە دەرکی مـام بـاپیـر     پێش خویـان دابـوو ئەسیر
پوور فـاتمیان نـاردە پێش     کـردی بە مرخێش مرخێش
کـــوڕی منــە بــەری دەن     سەگبـاب ئەزیەتی مەدەن
زۆریان یەکتر هێنـا و برد     زەفەریـان لـە یەک نـەبرد
پوورم نەعرەتەی کێشــا     هێزیئافرەت خــرۆشـــا

لە دواییدا دەڵێ...

لە پاش شین، گریان و زار     خورشید دەستی دایە دار
وەک شێرەژنی زەمـانە     گـرتـی جەرگەی مـەیدانـە
ژاندارم لەو ترس و لـەرزە     لە بیریـان چـۆوە حـەوزە

لە هەڵبەستی توتنەواندا وەک شارەزایەکی وەرزێر لەباسی ڕەنجی هەژاراندا دەفەرموێ:

تـوتنـەوانێکـی هــەژارم     بێ خـانــووو بێ زەوی و زارم
بێ پووڵو بـاغ و بزن و مەڕ     دوور لە خێرم نزیک لە شـەر
منداڵم ڕووت و بـرسیـە     ژیـنــم پـڕ،لـە مـەترسیـە
قــــەرز دارم دەردە دارم     شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
ڕووم نیـیە بچمە نـاو خەڵک     بێ بـەرگ و پێـڵاو بـێ کـەڵک
خەڵکی پێی وایـە تـەمبەڵـم     بێ کـەسپ و کـار و چەپـەڵـم
بەڵام چبکـەم چـارەڕەشم     خـەرمـانم زۆرە و بـێ بـەشـم

لـەم دێـڕی کۆتـاییـدا ئـامـاژە بـەوە دەکـات کـە دێهـاتـی داهـاتـی زۆرە بـەڵام هێنـدەی بـەشوتـووش لێدەبنەوە،کـە لـە چـەنگی دوخـانیـە و ماڵیـات و ئـاغـا و کوێخـا و سـووت و سـەلەم خۆری شاری بەشی ئەو هەر شەونخونی و ڕۆژ بار کێشی و ماندوو بوون و مایە پووشی بۆ دەمێنێتەوە.

بـە بـڕوای مـن جگـە لـە مامۆستـا هـێمن کـەس وەکـوو ئـاوارە زمـان و ئـازار و ڕەنجـی گوندیـیەکانی نـەزانیوە، بـە داخـەوە تەمـەنی کـورت مـاوەی نـەدا ئـاوارە بگاتـە چڵەپۆپـەی شاعیری.

لـە بەستـەی «لایلایـەی دایکـەکوردێک بۆکۆرپـە سـاواکەی» دا بـەزمانی دایکـەوە وانـەی گـەل دۆستـی و نیشـتیمان پـەروەری و خـۆڕاگری بـە بـەرەی داهـاتووی کـورد دەڵـێ و فێـری خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانی و ماف ئەستاندیان دەکات، کە دەفەرموێ:

هیوام زۆر پێتە وەک باب و کاکت     ببیە سەربازی نەتەوە و خاکت
بە خێوت دەکەم بە گیان و بە دڵ     نەکەی بترسی و لە هیچ بکەی سڵ
زانا و خوێندەوار، چاو و دڵ تێر بی     ڕۆژی تەنگـانە پڵنگ و شێر بی






**لاوێکی گورج و خاوەن هۆش و بیر          نەترسی لە بەند لە کۆت و زنجیر**

پرسیار : لە کۆتایی دا زۆر سوپاست دەکەم بۆ بەشداری کردنت لەو دیمانەیە دا، هیوادارم کە لە داهاتوو دا کەسانی شارەزا زیاتری لە سەر بنووسن بۆ ئەوەی رەنج و زەحمەتەکانی شەهید مەلا ئاوارە ون نەبن و گەلەکەمان هەر دەم خەباتی ئەو شۆڕە سوارانە بۆ گەیشتن بە ئازادی لە بەرچاو بگرن.

وەڵام : باس لە سەر شەهید (ئاوارە) زۆر لەوە زیادتری گەرەکە، بە هیوای ئەوە کە بە هەموو لایەکمان بتوانین کە کەڵک لە ئەزموونی ئەو خەباتگێرانە وەر بگرین بۆ رزگاری کوردستان و هەروەها بەش بە حاڵی خۆم سوپاست دەکەم بۆ ئەو یاد کردنەوە پیرۆزە و هیوادارم کە ئامانجەکانی شەهیدان و بە تایبەت شەهید مەلا ئاوارە کە رزگاری کوردستان بوو وەدی بێت.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

## بەڕێوە بردنی ڕاسپەردەییێکی گرینگ لە گەرمین و گەرانەوە بۆ لای ئاوارە



نووسینی: نەبەز عەلی دوست

ئێوارەیەکی مانگی گەلاوێژ سەروبەندی رۆژئاوا بوونێ بە دەم گۆرانی گووتنەوە خۆی بە مووچەی چەکۆی گوندی بێشاسپێ دا کرد.

بە نێو رەزی ماڵێ برایمی ئەحمەدی دا تێپەری و لە سەر کانیە سۆفی قادری لایدا. پاش دەست و دمووچاو شتن و خواردنەوەی ئاوێکی سارد لە سەر تاتە بەردەکەی راکشاو چاوی لە ئاسمانێوە برێن، لە چاو ترووکانێکدا ئەسپی خەیاڵ قەدولا پاڵ و کەژوکێوی نێوان چەکۆ و شاری سەردەشتی برین و لە بەردەم ماڵێ لە عەرزیدا. هەزار و یەک پرسیار بۆ وەڵام وەر گرتنەوە لە مێشکی دا کێبەرکێیان بوو، ئاخر کاتێک ئەو بۆ گەیاندنی راسپاردەیەکی گرینگ بەرەو گەرمێن ببۆوە خێزانی رۆژ و مانگی خۆی بوو، چاوەروانی منداڵی سێهەمیان بوون بیری خیزانی و دوو کچەکانی چرکەیەکیش دەست بەرداری نەبوون، منداڵەکان دەبێ چۆن بن، خێزانم چی بە سەر هاتبێ، بڵێی کورِ بێ یان کچ. لەو بیر و فکرانە دا بوو بەردووچکەیەک کەلەکەی ئەنگاوت، سەری هەڵبری و بە نیوە راکشاوی سەیرێکی پنچکە دەوەنەکانی پاش رێگاکەی کرد چ دیار نەبوو، بوولێڵە کەوتبوو، ناسینەوەی دۆست و دوژمن چاوی تیژ و بە حووکمی دەویست. سەری تۆزێکی دیکەش هەڵبری، دەنگێک بە لە سەرەخۆیی بانگی کرد عەلی، عەلی کە زیاتر هاتە پێش وەک جارانی پێشوو مەند و لە سەرەخۆ بوو بزەیەکی نەرمی لە سەر لێوان بوو، رانکەوچۆغەی لە بەردا بوون و کلێتەیەکی مەرەزی لە سەر بوو، سێچوار پێشمەرگەی لە گەڵ بوون. دەست و مشتاقی یەکتری بوون و یەکتریان لە ئامێز گرت، عەلی رووی وەرگێراو و بە پەلە شتێکی لە پزووی پانتۆڵەکەی دەرهینا و بۆی راداشت، ها ئەمن شەرتم پەری دەبێ برۆم، بە دەم لێ وەر گرتنی راسپاردەکەیەوە گوتی مزگێنی کورِ و بووە، عەلی لە خۆشیان واقی ورما، بیرت لەوەی کردۆتەوە نێوی چ بێ، ناوەڵلا.

دەێ باشە ئەمە نێوی لێ دەنێین، بە ئەسپای کلێتەکەی لە سەری لابرد و قەڵەم و دەفتەرێکی لە گیرفانی باخەڵی دەرهێنان و دەستی بە نووسینێ کرد. پاشان دراندنی و هەمووی گرمووڵە گرمووڵە کردن و بۆ خۆی یەکی لێ هەڵبژاردن و کردیەوە و گوتی ئەوە ئەمن نێوم نا نەبەز. پاش تاوێکی عەلی ئیزنی خواست و بەرەوماڵ بۆوە.

دەسەڵاتی پڕ لە زەبر و زەنگ و نگریسی پاشایەتی کە باوکی عەلی یەک دوو ساڵ بەر لە کۆماری کوردستان لە شاری سەردەشت لە سێدارە دا بوو لە درێژەی سیاسەتی کورد تواندنەوە دا قەت رازی نەدەبوو بۆ منداڵانی کوردستان ناسنامە "شناسنامە" بە نێوی کوردی دروست بکرێ، عەلی سجیلی بە نێوێکی دیکە بۆ نەبەزی وەر گرت، بەڵام هەتا لە ژیان دا بوو قەت بۆ جارێکیش نە بۆ خۆی و نە ئەندامانی بنەماڵەکەی و نە کەسیش لە خەلکی شاری سەردەشت ئەو کورەیان جیا لە نەبەز بە ناوێکی دیکە بانگ نەکرد عەلی باوک لە دەستداوی مەینەت چێشتووی دەستی ئیستبدادی پاشایەتی، ئەو کورەی بە بیری کوردایەتی گۆش کرد، دایمە لە گەڵ باس کردن لە قارەمانەتی پێشمەرگە، وەبیر نەبەزی دەخستەوە کە ماموستا ئاوارەی نەمر نێوی لێناوە و دەبێ رێبواری رێگای ئەو نەمرە بێ.

لە ساڵۆگەری شەهید بوونی ماموستا ئاوارەی مەزن دا سەری رێز لە ئاست گەورەی تێکوشەری ماندوویی نەناس، خۆشەیستی کۆمەلانی خەڵک، شەهید ماموستا ئاوارەی بلیمەت دادەنوێنم و لە گەڵ رووحی بەرزی پەیمان نوێ دەکەمەوە، هەر وەک شانازی نێو دێریم لەو بلیمەتە پێبراوە رێبواری و درێژەدان بە رێبازی بەرێزیان تاجی فەخر و شانازیم بێ.

رووحی هەموو شەهیدان شاد و رێگایان پر رێبوار

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ١٢ی ئاگۆستی ٢٠٠٧






## وتووێژ لە گەڵ بەرێز کاک سەعید کوێستانی (کاوە) سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی



وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ بەرێز کاک سەعید کوێستانی (کاوە)، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها هاوڕێی سەردەمی پێشمەرگایەتی لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە

بەرێز کاک سەعید کوێستانی ئەو کاتەت باش و ماندوو نەبی.

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوە دڵسۆزانە بە دەنگمانەوە هاتی کە ئاوڕێک لە یەکێک لە تێکۆشەرە هەرە نەبەزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی واتە شەهید مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە بدەینەوە.

زۆر سوپاس منیش ماندوو نەبوونی لە جەنابت دەکەم.

پرسیار : بەرێز کاک سەعید ڕاپەرین و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و جێگای تایبەت بە خۆی لە مێژووی حیزب و گەل دا هەیە، لەو خەباتە نابەرامبەرە دا بە داخەوە 38 کەس لە تێکۆشەرانی ئەو کاتی حیزب و یەک لەوان مەلا ئاوارە شەهید بوون، دەکرێ لەو پەیوەندیە دا و بە تایبەت لە سەر مەلا ئاوارە زانیاریمان پێ بدەی؟

وەڵام : بەڵێ، وێرای دەربڕینی خۆشحاڵی لە بە سەر کردنەوەی تێکۆشەرانی شەهید، سوپاست دەکەم بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی وەستۆی خۆت گرتووە. بەڕاستی بەرێزتان وەک ڕۆژنامەوانێکی وریا بە هۆی سایتە جوانەکەتان " گیارەنگی" خۆشەویست بێلایەنانە ئەرکی ڕۆژنامەگەری خۆتان بەرێوە دەبەن و داوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەکەم .

ڕاستە کە ڕاپەرینی سالانی ٤٦ و ٤٧ لاپەرەیەکی مێژوویی زێرینە لە تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەڵام لانیکەم دەبێ بۆ شارەزا بوون لە مێژوو ئاگاداریمان لە سەر جووڵانەوەی نەتەوەکەمان هەبێت. جووڵانەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ کۆمیتە ناوەندی حیزب پێی هەڵنەستا، بە داخەوە ئەو کات ڕێبەرایەتی حیزب دەستی بەسەر داگیرا بوو کادرە دڵسۆزەکانی حیزب لە نێو چوارچێوەیەکی تەنگی تاکە کەسیدا گیریان کرد بوو. بەشێک لە کادرە وریاکانی حیزب لە ژێر دروشمی " نەسرەوتن تا سەرکەوتن" و پرۆگرامی کۆمیتەیەک بە نێوی " کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان" دا کە" تەرمیم" کراوەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو، لە دژی بیچمی دیکتاتۆری ئاریامێهر بۆ مافی پێشێلکراوی نەتەوەی کورد ڕاپەڕینو بە داخەوە تووشی شکست هاتین. بەشێک لە کادرەکان شەهید بوون و بەشێکیش وەک تۆوی زەوی هەر کام کەوتە قوژبنێک. کاک ئەحمەد شڵماشی " مەلائاوارە" کاک سولێمانی موعینی" فایق" کاک ئیسماعیلی شەریفزادە" مەلاعەزیز و... چەندین تێکۆشەریتر لە گەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمان بوون بە دەستە چیلەی ئەو ڕاپەرینە خوێناویە ساڵانی ٤٦ و ٤٧ و بە مێژوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەواو بوو، هەروەها بوو بە لاپەرەیەکی درەوشاوەی لە مێژوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا.

پرسیار : بەرێز کاک سەعید دەکرێ بۆمان باس بکەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بینی؟

وەڵام : ئەمن لە گەڵ شەهید کاک هاشم ئەقەللطلاب " قادرشەریف" رێکەوتی ١٣٤٣ی هەتاوی لە سەفەریکدا کە لەناوچەی باڵەکایەتی بۆ قەڵادزێ بوومان، بە ڕێکەوت تووشی شەهید ئاوارە بووین. من نەم دیبوو، لە گەڵ کاک قادر شەریف ئاشنا بوون. پێشتر نێوی مەلا ئاوارەم بیستبوو، وەک مەلایەک لە مێشک و زەینمدا پێناسەم دەکرد. کاتێک پێکەوە دانیشتین و شەهید ئاوارەم دواند، ئاوارە مرۆڤێکی ڕووناکبیری تەواو سیاسی بوو، لە گەڵ زەینیاتی پێشووم جیاواز بوو. شەهید قادر شەریف قەراری لە گەڵ دانا لە کاتێکیتردا پێکەوە دانیشین لە بارەی تێکۆشانی داهاتوو وتووویژ بکەین، بەڵام بە هۆی گوشار هێنانی ئەحمەد تۆفیق بەجێ هێشتنی قەڵادزێ، لەو کاتدا نە شەهید ئاوارەمان دیتەوە، نە پێکەوە دانیشتنمان بوو. هەتا نیزیک هەشت نۆ دە مانگ نەماندیتەوە.

پرسیار : ئایا شەهید مەلائاوارە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوەبوو؟ ئەگەرئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوو لەو ماوەیە دا هەوڵ و تێکۆشانی بۆ یەک ریزی تێکۆشەرانی حیزب چۆن بوو؟

وەڵام : ئێمە کاتێک لە قەڵادزێ قەرارمان دانا پێکەوە دانیشین و دوایی نەکراو ئێمە لەوێ ڕۆیینو بۆمان نەکرا پێک هاتنی کۆمیتەی ساخکەرەوەی لە گەڵ باس بکەین.






ئێمە چووینە مەکتەبی سیاسی پارتی دێمۆکرات کە ئەوکات مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دێمۆکراتی کوردستان بوو. تا ئەو کات کۆمیتەی ساخکەرەوە ٢ کەس بووین، واتە: من و کاک قادر شەریف و کاک حوسێن مەدەنی. دەبوایە کۆمیتەی ساخکەرەوە بەرین کەینەوە. زۆرمان هەوڵدا شەهید ئاوارە ئاگادار کەین بێت ئەگەر پێی خۆش بێت لەو کۆمیتەیە دا بێت، بەڵام دەستمان نەکەوت، دوایی کاک حەسەن ڕستگارو مەلا ئەبوبەکرمان پێوە زیاد کرد و بووین بە پێنج کەس. دوای دابەشکردنی کار چووینەوە ڕۆژهەڵات و شەهید ئاوارەمان لە گوندی بێژوێ دیتەوە. چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمیتەی ساخکەرەو تەرمیم کردنەوەمان لە سەرەتاوە بۆ مەلا ئاوارە باسکرد و پێشنیاری هاوکاریمان پێکرد. زۆری پێ خۆش بوو و پێشوازی لە پێشنیاری ئێمە کرد. کۆمیتەی ساخکەرەوە بە ئینتصابی پێکهاتبوو، هەر بەو پێیەش شەهید ئاوارە بوو بە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە و دەست بەکار بوو. مەلا ئاوارەش وەکوو ئێمە ئامادە نەبوو لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق کار بکات، بەڵام دوای کۆنگرەی ٢ ی حیزب، هەموومان هەوڵمان دەدا یەک بگرینەوەو پێکەوە کار بکەین. مەلا ئاوارە بۆ یەکگرتنەوە نەخشی سەرەکی هەبوو. من و شەهید قادر شەریف بە هۆی جڵغەگێڕانی ئەحمەد تۆفیق نەمان دەتوانی بچینەوە نێو شۆرش، بە شاخانەو لە ڕۆژهەڵات لە نێو خەڵکدا بووین و ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و دژوارو پڕ مەترسیمان بەسەر برد، لە ماوەی ئەو سێزدە مانگەی کە بە نهێنی لە کوردستانی رۆژ هەڵات بووین شەهید مەلا ئاوارە دوو سێ جاری سەفەری قەڵادزێی کرد و زۆری هەوڵدا یەکگرتنەوەیەک بڕەخسێنێ. ئەو کات شەهید کاک سەدیقی هەنجیری ئازەر دوای کۆنگرەی دووهەم بە سکرتێری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان هەڵبژێردرا بوو. کە بەداخەوە پاش ماوەیەک بە فیتی ئەحمەد تۆفیق و بە دەستی حەسەنی برازای شەهید کرا. مەلا ئاوارە بە هاوکاری هێندێک لە هاوڕێیان چوو بووە لای شەهید هەنجیری و یەکگرتنەوەی پێک هێناو ئێمە گەڕاینەوە کوردستانی باشوور.



بە دوای شەهید کرانی کاک سەدیق هەنجیری کۆمیتە ناوەندی کەوتە حاڵەتی بێسەرەو بەرەیی. ئێمەش بۆ ئەوەی کادرەکان بڵاو نەبن جارێکی دیکەش بە نهێنی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانمان پێکهێنا، کە شەهید ئاوارەو شەهید شەریفزادەش ئەندامی دامەزرێنەری ئەو تەشکیلاتە بوون‌و هەر دووکیان لە بەڕێوە بردنی بەرنامەی ئەو کۆمیتەیەدا سەریان لە سەر داناو شەهید کران .

پرسیار : بەڕێز کاک سەعید ئەگەر بکرێ لە سەر شێوەی گیرانی مەلا ئاوارە لە بانەمەری ١٣٤٧ دا و هەروەها لە سەر ئێعدام کرانەکەی باسێکمان بۆ بکەی؟

وەڵام : شێوەی گیرانی مەلا ئاوارە ئێستاش زۆر ڕوون نییە، دیارە ئەو کات من دوور بووم و لە ناوچەی باڵەکایەتی نیشتەجێ بووم. هەڵلاو بگرە و بەردەی رژێمی سەرەرۆی تاران ئەوەندەی تووندوتیژ بوو، ئەوەندەش ئێمە ئەوانەی لە ژێر سێبەری شۆرش بووین لە ژێر گوشار و هەڕەشەی کار بە دەستانی شۆرشدا بووین. هەواڵەکان زۆر بە زەحمەت وەر دەگیران. ئاوارەو کوڕێک بە نێوی ڕەحمان، لە گوندی دیواڵان گیران. گۆیا جاسوسی نێو خۆیان لە سەر بووەو شەوێ، یان بەیانی لە دیواڵان لە ماڵێکدا دەورەیان داون‌و گیراون. مەلاڕەحیم لۆمانی و کوێخا پیرۆتی کونە مشکێ کە ئەو کات لە گەڵ ژاندارمەری هاوکاریان کردووە ئەوانیش جۆرێکی دیکەی دەگێڕنەوە، بەڵام گوتەی ئەوان بە هێند ناگیرێ، چوونکە هاوکاری رژێم بوون. هێندێک کەسیش دەڵێن دەرمان خوارد کرا بوون مێشکیان لە کارخرا بوو بۆیە لەو ماڵەی لێی بوون وا بە هاسانی خۆیان تەسلیم کرد. لە ڕاستیدا مرۆڤ لەو دوو، سێ شێوە گێڕانەوە شتێکی وای بۆ ساغ نابێتەوە. دیارە لەو گیرو دارەیدا کە شەهید ئاوارەی تێدا دەستگیر کرا، ئێعدام کردنی مسوەگەر بوو. ئەو کوڕەی لە گەڵی گیرا بەرپرسایەتیشی نەبوو ئێعدام کرا، شەهید ئاوارە یەکێک لەو کادرە ئاکتیوو خۆشەویستانە بوو کە رژێم بە دوایەوە بوو بیگرێ و لەکاتەدا ئێعدامی بکاتو چاوی خەڵکی پێ بترسێنێ .

پرسیار : کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا چۆن بوو؟

وەڵام : وەک باسم کرد زەبروزەنگی ئەوکاتی رژێمی ئێران ئەوەندە تووندوتیژ بوو لە ناوچەدا کەس نەیدەتوانی بە ئاشکرا پەکوو پەکوو بۆ مەلا ئاوارە بکات وەرەزی خۆی نیشان بدا، زانیبایان هەرکەسێک بۆ ئاوارەی بە خەمە دەگیرا. وەحشەتێکی وایان پێک هێنا بوو هیچ کەس نەیدەوێرا داخ و کەسەری خۆی دەر ببڕێ. گۆیا ئەندام و هەوادارانی حیزب لە ماڵی یەکتر دانیشتوون‌و بۆی گریاون.

پرسیار : ڕادەی زانایی و هەڵسوکەوتی مەلا ئاوارە لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟






وەڵام : ڕاستی و دروستی و دڵسۆزی لە ئەندازە بەدەری مەلا ئاوارە بۆ نەتەوەکەی، بۆ دۆستو هاوڕێیانی وێنەی زۆر کەمە. سەرڕای ئەوەش ئیجتماعی بوونی مەلا ئاوارە، کە مەرجی سەرەکی کادرێکی لێهاتووی سیاسییە، زۆر بەرچاو بوو. لە باری زانیاریەوە، خوێندنی مەلایەتی هەبوو، مرۆڤێکی مەندو ئاقل بوو، لە باری سیاسیەوە بە ئیستدلالەوە باسی سیاسی دەکرد و کادرێکی هەرە باشی سەردەمی خۆی بوو. لە داوێن پاکیدا نموونە بوو. لەو ماوەیدا کە پێکەوە بووینە کەمو کووڕیم لە خوو و خدەی ئاوارەدا نەدیوە .

پرسیار : بەرێز کاک سەعید، شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆڕشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون، ئەگەر لەو بارەو تیشک بخەیە سەر بەشێک لە شێعرەکانی ئەو شەهیدە نەمرە سوپاست دەکەم؟

وەڵام : بەداخەوە هیچ یەک لە شێعرەکانی شەهید ئاوارەم لە بیر نییەو نیمە. من شەیدای یەکێک لە هەڵبەستەکانی ناوبراو بووم تا ئێستا لە هیچ شوێنێک نە بە دەست نووس، نەبە چاپکراوی نەمدیوە. هەڵبەستەکە پرۆگرامی حزبێکی سیاسی بوو. نیزیک بە هەشتاو چەند شێعر بوو کە ستراتێژیەکەی سەربەخۆیی کوردستان بوو. لە دوازدە بەش پێکهاتبوو، لە ئەندامگیری، تەربیەتی ئەندام، کلاسی کادر، هەوڵدان بۆ دارشتنی فەرهەنگیکی یەک گرتوو، نێوی زۆربەی هەرە زۆری قەومو تایفەو عەشیرەتەکانی کوردستانی ناو بردبوو، لە پۆلی سەرتایی ڕا یانەی فێرکردنی نیشتمانپەروەری، ڕاهێنانی منداڵ بە شێوەی شۆڕشگێڕی، دامەزراندنی زانستو سەنعەت لە کوردستانی سەربەخۆدا، داوێن پاکی، بە ڕاستگۆ ڕاهێنانی کۆمەڵگا، لابردنی یاسای کوشتنو ئێعدامو ... زۆر شتی تری کە بەڕاستی لە بیرم نەماون.

پرسیار : من لێرە دا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم، بەرێزتان ئەگەر شتێکتان لەو پەیوەندیە دا ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

وەڵام : دیارە باسکردن لە سەر کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بە شێوەی پرسیار، بە ئاماژە پێکردنێکی کورت دەبڕێتەوە، دەنا باسکردن لە سەر شەهید مەلا ئەحمەدی شەڵماشی "مەلا ئاوارە" مرۆڤ دەتوانێ بڵێ هەر بارە کۆمەڵایەتییەکەی دە ئەوەندەی گوترا، زیاتر هەڵدەگرێ. خۆشەویستی ئاوارە لە ناوچەدا بۆخۆی باسێکی دوورو درێژە. هەر دەبێ بڵێین: بیرەوەری شەهید ئاوارە پیرۆز بێتو ڕوحی هەر شاد بێت .

زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز مامۆستا خالەق حەفیدی هاورێی نێزیکی شەهید مەلا ئاوارە



وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ بەرێز کاک مەلا خالەق حەفیدی (سیروان)، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەروەها هاوڕێی نێزیک و جێی مەتمانەی شەهید مەلا ئاوارە

* ماڵپەری گیارەنگ: بەرێز مامۆستا سیروان سەرەتا سوپاست دەکەم بۆ ئامادە بوونیت.

پرسیارەکەم بەوە دەست پێدەکەم، مەلا ئاوارە خەڵکی کوێ بوو و لەو یاد کردنەوەیە دا مەلا ئاوارە چۆن زیاتر لە ئێستا بە گەلەکەمان دەناسێنی؟

وەڵام : باس کردن لە سەر ژیان و ئاکار و کردەوەی شەهید مەلا ئاوارە پاش تێپەربوونی دەیان ساڵ بە بێ لە دەست دابوونی یاداشت هێندێک دژوارە. بەڵام هەول دەدەم ئەوەی خۆم دیتوومە یان بیستوومە لە ڕۆژگاری ئەو دەم دا شتێک باس بکەم، ڕەنگە دەقاودەقی ڕووداوەکەش نەبێ، بەڵام ناچارم بچمەوە ئەو سەردەمە و مێشکی خۆم هەڵکرێنم، بەڵکوو بتوانم وەڵامی بەرێزتم دا بێتەوە، هەر بۆیە بە گەرمی سوپاست دەکەم بۆ وەئەستوو گرتنی ئەو ئەرکە گرینگ و مێژوویە و یاد کردنەوە لە تێکۆشەرێکی وەک مەلا ئاوارەی خەباتگێر و شەهید.

مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەممەد ئەمین هەمەوەندی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە لە دایک بووی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی خەڵکی گوندی شڵماش سەر بە شاری سەردەشتی سەرسەوزە.






مەلا ئەحمەد (ئاوارە) وەک هەموو کوڕە مەلایەک سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن و نووسین کردووە، پاشان چۆتە نێو فەقێیان. مەلا ئەحمەد (ئاوارە) ناسنامەی مەلایەتی لە لای زانای گەورە قازی عەلی " لە مزگەوتی سووری" سەردەشت وەدەست هێناوە. شەهید مەلا ئاوارە هەر لە حوجرەی فەقێیان هەست بە ئێش و ئازار و بەشخوراوی نەتەوەکەی دەکات. ئەو لێکدانەوەیەی دەبێتە هۆی هاندانی بۆ دەست پێکردنی شۆڕشێکی نوێی سیاسی و تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی لە نێو فەقێ و مەلا و زەحمەتکێشان و جووتیاران و بە گشتی لە نێو هەموو قشر و چین و توێژەکانی گەلەکەمان دا. مەلا ئاوارە لە جیاتی وەدوای ژیانی ئاسای خۆی کەوێ ڕێگای کوردایەتی و حیزبایەتی دەگرێتە بەر و ڕێگای تێکۆشان و خەبات بە دژی زوڵم و زۆری بە سەر ژیانی ئاسایی خۆی دا هەڵدەبژێرێ.

مەلا ئاوارە بە بێ ئەوەی لە هیچ کلاسێکی سیاسی دا بەشداری کرد بێ بە لێهاتوویی خۆی توانیویەتی ببێتە بە یەکیک لە هەرە کادرە باشەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لە هەمان کاتدا بە ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێرانەی خۆی توانیویەتی لە نێو گەلانی ناوچە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانیش دا وەک تێکۆشەر و شۆڕشگێر سیمای ڕاستەقینەی خۆی و گەلەکەی بە ئەوان بناسێنێ.

شەهید مەلا ئاوارە لە ماوەیەکی کەم دا توانی زۆر کادر و ئەندامی دڵسۆز لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە پێ بگەیێنێ و تەحویلی گەل و حیزبەکەی بدات، بەشێکی بەرچاو لەو ئەندامانە مەلا و فەقێ بە هەست و دڵسۆزەکانی گوندەکان بوون، کە بە داخەوە بەشێک لەو تێکۆشەرانە لە لایەن ساواکەوە گیران و بەشێکیش وەک شەهید مەلا ئاوارە چەکی مەردایەتییان بە لا دا کرد، یان ئاوارە و پەریوەی هەندەران بوون، یان لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دژی ڕژیمی ملهوڕی پاشایەتی شەهید بوون، بە خۆشیەوە هەر ئێستاش چەندین کەس لەو شۆڕشگێرانەی کە شەهید مەلا ئاوارە کرد بوونیە ئەندامی حیزب هەروا بە بەردەوامی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دان و بەو پەری دڵسۆزییەوە بە تەمەنێکی زۆر و ئەزموونێکی زۆرەوە مەیدانی کوردایەتی و سەنگەری خەباتیان بەر نەداوە.

شەهید مەلا ئاوارە کەسێکی ڕاستگۆ، ڕوو خۆش، دەم بە پێکەنین و هێدی و لە سەرەخۆ بوو، زمانی لێ حاڵی بوونی بە هێز بوو، هەڵسوور و زانا و شاعیر بوو، بە ئەخلاق و بە دیسپلین و لە هەمان کاتیشدا نەهێنی کارێکی وەستا کار بوو. خەمی خەڵکی لەبەر بوو. شەهید مەلا ئاوارە بەر لە هەموو شتێک پێی وابوو بۆ بەربەرەکانی دژی داگیرکەران دەبێ خەڵک ڕوون و وریا و هوشیار بکرێنەوە و لە تەشکیلاتێکی ڕێکوپێک دا ڕێکبخرێن و کۆ بکرێنەوە و ئەو لە سەر ئەو باوەرە بوو کە بە بێ ئەم شێوە کارە حەرەکەت و جووڵانەوە بە دژی داگیرکەران، سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ.

بە حەق ئەوەی شەهید مەلا ئاوارە لەو سەردەمە دا کردی نە ئەوانەی پێش خۆی و نە ئەوانەی دوای خۆشی نەیان توانیوە ئەو حەرەکەتە و جووڵانەوە سیاسی و تەشکیلاتییە بە هێزە و شاراوەیە پێک بێنن و بیکەن. بە کوردی و بە کورتی، شەهید مەلا ئاوارە چەمکی دێمۆکرات و پێشکەوتن خوازی و کۆمەڵایەتی بوو، حیزبی دێمۆکرات شەهید مەلا ئاوارەی پێ نەگەیاند، بەڵکوو ئەوە ئاوارەی شەهید بوو کە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی بووژاندنەوە و ڕێکیخستنەوە و تەشکیلاتێکی بە هێزی بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە و ناوچەی مەنگورایەتی پێک هێنا.

**پرسیار : شەهید مەلا ئاوارە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو، ئەو کۆمیتەیە چۆن ساز کرا و ئەندامەکانی دیکەی کێ بوون و ئەرکی ئەو کۆمیتەیە چی بوو؟**

**وەڵام :** ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی دا بە مەبەستی پێشگیری لە هەڵوەشانی حیزبی دێمۆکرات و بوونی بەر بەستێک لە بەردەم دیکتاتۆری و سەرەڕۆی و خۆ بە دەستەوە دانی ئەحمەد توفیق دا لە کوردستانی گەرمێنێ پێک هات. ئەو کۆمیتەیە لە سەرەتا دا بریتیبوون لە بەڕێزان کاک حەسەن ڕەستگار، سەعید کوێستانی، حوسێن مەدەنی و شەهیدی هەرگیز نەمر کاک قادر شەریف، بۆ بە هێز کردنی ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٣٤٣ دا چەند کەسێکی لە ژێر ناوی "ڕاوێژکار" بە خۆوە زیاد کرد ئەوەی لە بیرم بێ شەهید مەلا ئاوارە، مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی و مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز بوون.

بە داخەوە بە هۆی نێزیکایەتی و دوو زمانی ئەحمەد توفیق لە لای بارزانی نەمر و زەخت و فشاری حەسۆ میرخان لە سەر تێکۆشەران ئەم کۆمیتەیە نەیتوانی بە ئامانجی دارێژراو و سەرەکی خۆی بگات، بارزانی ئەحمەد تۆفیقی پی باشتر بوو لە حیزبی دێمۆکرات و ئەوان ئەو کۆمیتەیان لە بەرژەوەندی خۆیان دا نەدەدیت، هەر بۆیە زۆری پێ نەچوو کە بە بەرنامەی دارێژراوی ئەوان ئەو کۆمیتەیە لە ناوچوو. " دیارە ئەو کۆمیتەیە جێگای هیوا و ئومێدی تێکۆشەرانی دێمۆکرات بوو لەو سەردەمە پڕ لە زەبر و زەنگە دا."

شەهید ئاوارە لە بارودۆخێکی ئاوا و بە تایبەتی لە ژێر زەخت و فشاری حەسۆ میرخان دا بە ناچاری کوردستانی گەرمێنی بە جێ هێشت و زۆر بوێرانە و ئازایانە لە گەڵ دوو کەس لە هاوبیر و تێکۆشەرانی دێمۆکرات شەهید قادر شەریف و کاک سەعید کوێستانی گەرانەوە ناوچەی سەردەشتی مەکۆی شۆڕشگێران و بانەی لانەی شێران.

شەهید مەلا ئاوارە شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ کار کردن، هەر بۆیە بە گەیشتنەوەی بۆ ناوچەی بانە و سەردەشت دەستی کرد بە کاری ڕێکخستن و سازماندەهی کۆمەڵانی خەڵک و دانیشتوانی ئەو ناوچانە، شەهید ئاوارە بۆچوونی وابوو کە، بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکرات چالاک و زیندوو ڕابگرێت، پێویستی بە تەشکیلاتێکی پتەو هەیە و دەبێ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت شوێنی کار و تێکۆشانی خۆی بە تەواوی ڕێک بخات و دوای ئەوە کە تەشکیلات دامەزرا ئەو تەشکیلاتە چالاک و ئاکتیو بکرێ و دوایەش شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانی قۆناغ بە قۆناغ بۆ سەرکەوتنی گەل بەرەو پێش بەرێ.

بەڵام بە داخەوە ئەو ئاواتەی کە خواستی بوو وەدی نەهات، دوژمنان و نۆکەران شەڕی چەکداریان بە سەردا سەپاندن و لە گەرمێن و لە کوێستانێ ڕا پیلانیان بۆ دارشت.






بە بۆچوونی خۆم لێکترازان و هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی ساخکەرەوە و راونانی تێکۆشەران و شەهید کرانی دەیان کادر و پێسمەرگەی ئازا و بە توانا و هەموو ئەو کارەساتانە و بە تایبەت هەرەس هێنانی جووڵانەوە پان و بەرینەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی دەخرێنە سەر کارنامەی تەکڕەوی و خۆبەستنەوەی بە ناو سکرتێر ئەحمەد تۆفیق بە بارزانی...

**پرسیار : چۆنیەتی لە داوخستن و گیران و شەهید کردنی مەلا ئاوارە تا ئێستاش بە وردی باسی لێ نەکراوە، جەنابت تا چەند ئاگاداری گیرانی مەلا ئاوارەی و لەو پەیوەندیە دا چۆنمان بۆ دەدوێی؟**

**وەڵام :** بە لێکدانەوەی خۆم دوژمن سێ پیلانی دارشت بوو بۆ بەربەرەکانی دژی تێکۆشەرانی دێمۆکرات و بە تایبەت تێک شکاندنی جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی:

١- کێشانی گەلی کورد بەرەو مەیدانی شەڕ.
٢- فریودانی رێبەران لە ژێر ناوی وتووێژ.
٣- لە رێگای ساواک و نۆکەر و چڵکاو خۆرەکانی بە هەموو ئیمکاناتی ماددی، تێکۆشەرانی حیزب و گەلەکەمان لە داو بخات.

دوژمن بۆ لە داو خستنی شەهید مەلا ئاوارە کەڵکی لە خاڵی سێهەم وەر گرت و تێیدا سەرکەوتوو بوو، بۆ ئەم کارەش ماوەیەکی زۆر بوو بۆ لە داو خستنی مەلا ئاوارە کاری دەکرد و هەوڵی ئەوەی دەدا کە شەهید مەلا ئاوارە بە زیندوویی بگرن بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان گەلی پێ چاوترسێن بکەن، سەرئەنجام پیلانەکەی دوژمن بە هۆی دوو چڵپاو خۆر و کاسە لێسی بەر دەرگای تاغووتی بە ناوەکانی حاجی برایم ئاغای بەریاجی و حەسەن سەکر خەڵکی گوندی دیواڵان سەری گرت و شەهید مەلا ئاوارە بە زیندوویی لە گەڵ دوو هاورێی پێشمەرگەی کەوتنە داوی دوژمن و گیران.

لە شەوی ٦ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاویی شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ ٢ کەس لە پێشمەرگەکان بە ناوی رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" هەردووکیان خەڵکی گوندی (دیواڵان ناوچەی سەردەشت) بوون، دەچێتە گوندی دیواڵان.

شەهید مەلا ئاوارە بە مەبەست جێ بەجێ کردنی کارێکی تایبەتی بۆ نەهێشتنی گیروگرفتەکان دەچێتە گوندی دیواڵان. گۆیا دەبێ لەوێ کێشەیەکی زەوی و زاری کە لە نێوان چەند کەس لە دانیشتوانی گوندەکە دا بووە حەل بکات و چیدی کیشەکە تەشەنە نەکاتە نێوان بنەماڵەکانی دیکەی گوندی دیواڵان.

دوای ئەوە دەگەنە گوندی دیواڵان، کوێخای ئاوەدانی حەسەن سەکر دەچێتە پێشوازیان و شەهید مەلا ئاوارە و ٢ پێشمەرگەکە دەباتەوە ماڵی خۆیان. دوای پشوویەکی کەم بەرنامە لە پێش دا دارێژراوەکەی دوژمن لە ماڵی ئەو نۆکەرەی دوژمن سەر دەگرێ و لەوێ دەرمانی بێهوشی‌یان بۆ لە خواردن دەکەن و بە داخەوە لە هۆش خۆیان دەبەن.

هەر ئەو شەوە مەحموودیان و بنی عامری دوو کەس لە فەرماندەکانی ئەرتەش لە گەڵ چەند جاشێکی خۆفرۆش و ژاندارمەکانی بەر دەستی بنی عامری خۆ دەگەیێنە پێش ماڵی دیواڵان و لە مێرگەکانی خوار ئاوایی خۆ مەڵوس دەدەن. و دوایە دەچنە ناو گوندی دیواڵان و بە بێ هیچ دژ کردەوەیەک ئەو ٣ تێکۆشەرە بە بێهۆشی بە دیل دەگرن.

هەر ئەوە شەوە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان خۆ دەگەیێنە دەوری ئاوایی و سەنگەر دەگرن و ناهێڵن کە هیچ کەس لە ئاوایی بچێتە دەر و تا ڕۆژ دەبێتەوە هەر لەوێ دەمێننەوە ودوایەش بەرزاییەکانی دەوری ئاوایی دەگرن و لەوێ را تەقە لە ژاندەرمەکان دەکەن و ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە دەمێننەوە.

لەو ماوەیەدا دوژمن نامەیەک بە مەلا ئاوارە دەنووسێت کە بەشێک لە نێوەرۆکەکەی داواکاری لە پێشمەرگەکان بووە کە دەوری ئاوایی بە جێ بێڵن و تەقە نەکەن، مەلا ئاوارەش لە بەر ئەوە بە دەرمانەکە هۆشی تێکچووە نامەکەی بە دڵی ئەوان نووسیوە و ڕەوانەی لای پێشمەرگەکانی کردووە و پێشمەرگەکانیش بێ ئەوەی هیچ بکەن دەوری ئاوایی بە جێ دێڵن. ماوەیەک دواتر هەلیکۆپتێر دێتە نێزیک ئاوایی دیواڵان و مەلا ئاوارە و دوو پێشمەرگەکەی دیکە هەڵدەگرێت و دەیان باتە پادگانی شاری سەردەشت و دوای ٣ ڕۆژ مانەوە بۆ زیندانی جلدیان بەرێ دەکرێن، بە داخەوە دوای ١٣١ ڕۆژ ئازار و ئەشکەنجە دەیان هێننەوە بۆ شاری سەردەشت و لە بەرەبەیانی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاویی لە خوار شاری سەردەشت لە شوێنێک بە ناوی سەرکەنەکان بە دەستی ڕەشی رێژیمی پەهلەویی ئێعدام دەکرێن و کۆتایی بە ژیانی ئەو تێکۆشەرە و دوو هاورێکەی دیکەی دێنن. ڕووحیان شاد.

شەهید قادر شەریفی هەرگیز نەمر بۆ گێرامەوە کە ئەمن دوای ئەو ڕووداوە تاڵە هەوڵم دا حەسەن سەکر بگرم و بە سزای تاوانەکەی خۆی بگەیێنم، بەڵام بە داخەوە خۆی حەشار دا و دوایەش ئاوایی بە جێ هێشت، لە درێژەی قسەکانی دا شەهید قادر شەریف باسی ئەوەی کرد کە دوای لێکۆلینەوە و بە دوا داچوون، ئەو مەسەلەیەمان ئاوا بۆ ڕوون بۆوە کە، ئەم پیلانە زۆر پێشتر دارێژراوە و بۆ ئەم کارەش حەسەن سەکر دیاری کراوە کە ئەوان دەرمان خواردوو بکات، هەر بۆیە حەسەن سەکر دەرمانەکە دەداتە دەستی خێزانی کە بۆیان لە چا بکات و ژنەکەش ئەم کارەی کردووە، دوای خواردنەوەی چا بەرەبەرە هەر سێ پێشمەرگەکە بە داخەوە هۆشی خۆیان لە دەست دەدەن و ئەوەی لەو ساتە دا بیری لێ ناکەنەوە دوژمن و سیخورەکانی سەر بە ڕێژیم بووە و بێ مەترسی لە ماڵی حەسەن سەکر دەمێننەوە.






**پرسیار : شەهید مەلا ئاورەت چۆن ناسی و لە کوێ و چ ساڵێک؟**

**وەڵام** : وێرای بوونی خزمایەتی دەگەڵ بنەماڵەی ئێمە ئەمن دوو جار چاوم بە مەلا ئاوارە کەوتووە لە چوارچێوەی ڕێنوێنی و کاری حیزبی دا.

یەکەم جار لە گوندی قەلەڕەشێ لە (شاخی مرادی) بەرامبەر بە گوندی قەلەڕەشێ، دەگەڵ مەولوودی حاجی مەلای قەلەڕەشێ، ڕەسووڵ شێخەپووری، ئەحمەدی مەولانی و عەولای محەممەدپەنا کوڕی ئەمەر پاشای قەلەڕەشێ، لە هاوینی ساڵی١٣٤٤ی هەتاویی دا.

دووهەم جار لە گوندی بێژوێی ناوچەی ئالانی سەردەشت، ئەو کات لە گەڵ مەلا سابیری گوڵینەی، مەلا ساڵحی مارەغانی، مەلا محەممەد دولکەیی، لەوێ دەرسم دەخوێند و لە گەڵ ئەوەشدا لە ئالان خزمی زۆرمان هەن و زۆرجار سەردانی خزمانمان دەکرد و بە تایبەت بۆ لای ماڵی مەلا ئەبووبەکری شەریعەت پەنا، هەر لە ماڵی ئەو بەرێزە کە بۆ خۆی ئەندامی حیزب بوو، چاوم بە شەهید مەلا ئاوارە کەوت، مامۆستا ئاوارە کادری بەوەج و لێوەشاوەی حیزب لە سەر زوڵم و زۆری ڕێژیم و دەربەگەکان بە وردی قسەی بۆ کردین، مامۆستا ئاوارە لە کاتی قسە کردن دا زۆر هێدی و لە سەرخۆ بوو، بە وشەی جوان و پاراوی کوردی سەری قسەکانی دەکردەوە و تا کۆتایی باسەکەی بە سەدان وشەی ڕەسەنی کوردی لێ فێر دەبووی، بەشێک لە قسەکانی باس لە سەر ئەرکی مەلا و فەقێکان و مامۆستای قوتابخانەکان بوو، ڕۆڵی ئەوانی لە وشیار کردنەوەی دانیشتوانی کوردستان بە گرینگ دەزانی و بە تایبەت لە گەڵ فەقێکان زۆر نێزیک بوو، بە دائیم دەیگووت کە دەبێ بە حوکمی ئەوە کە لە گەڵ گوندنشینەکان زۆر تێکەڵن و لە هەمان کاتدا دانیشتوانی گوندەکان بڕوایان بە ئێوە هەیە، دەبێ ئەرکی ڕوون کردنەوەی ئەوان وەئەستۆ بگرن و لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ لە هەموو کاتێک دا گیانی گوندنشینەکان بپارێزن تەنانەت ئەگەر بە فەوتانی خۆشتان تەواو بێت.

لە سەریەک ئەو شەوە مەسەلەی نهێنیکاری ئەساسی تەبلیغی شەهید مەلا ئاوارە بوو، لە کۆتایی دا بە ڕێزەوە ناوی هەمووانی هێنا و گووتی دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن، مەلا ساڵحی پێ ناساندین و داوای لێکردین کە ئەگەر مەلا ساڵح ڕاسپەردەیەکی پێدان بە ئەمانەتەوە جێبەجێی بکەین، وا دیار بوو پێشتر مەلا ساڵحی دیت بوو، جا لە کوێ نازانم؟




لە ساڵی ١٣٥٨ دا مەلا ئەبووبەکر گووتی کە مەلا ئاوارە دەزگایەکی"تایپ" نووسینی لە لای من دا نابوو، ئەم تایپە مام جەلال بۆ مەلا ئاوارەی نارد بوو، ناوبراو گووتی پاش ساڵێک مەلا ئاوارە هات و تایپەکەی لە گەڵ خۆی برد و ڕۆیشت ... بەڵام زۆر دوای ئەو مەسەلەیە مەلا ئەبووبەکر لە لایەن ساواکەوە گیرا، ماوەی چەند ساڵێک لە زیندان دا بوو. (ڕووحی ئەو ئەمرەش شاد)

**پرسیار : گیرانی شەهید مەلا ئاوارە، چۆن ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی لە سەر خەڵک و تێکۆشەران هەبوو؟**

**وەڵام** : شتێکی ئاساییە، سەرکردەیەک ئەگەر شەهید دەبێ ویا خود دەگیرێ کاریگەری تایبەت بو خۆی لە دوا بە جێ دەمێنن، بە بۆچوونی خۆم ئەوە دوو بەشە:

یەکەم، بە نەمانی هەر سەرکردەیێک، بۆ ماوەیەک تێکۆشەرانی لە مەیدانی تێکۆشان دا بێ مامۆستا دەمێننەوە، ناوەندی ڕێنوێنی و سەرکردایەتی لاواز دەبێ و خەڵکیش بێ هیوا دەبن و دوژمن مەعنەوییاتی دەچێتە سەر و هارتر و دڕتر دەبێ، بۆ نموونە لە کاتی گیرانی "مەلا ئاوارە" دا.

دووهەم، ڕق و بێزاری تێکۆشەران و بڕوای تۆڵە ئەستاندنەوە بە هێزتر دەبێ و هەوڵ دەدەن کە بە زووترین کات جێگا و بۆشایی ئەو سەر کردەیە پڕ بکەنەوە و بە دوژمن بڵێن کە ئەگەر سەرکردەیەکی وەک مەلا ئاوارە شەهید دەبێ دەیان و سەدان ئاوارەی دیکە هەن کە جێگای پڕ بکەنەوە، بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش مێژوو نیشانی داوە بۆ نموونە دوای گیرانی مەلا ئاوارە، چەندین عەمەلیات و چالاکی بە ناوبانگ لە ناوچەکانی سەردەشت و مەهاباد بەڕێوە چوون کە بەرچاوترینیان شەڕەکانی گوندی سەرشیو و شەری قالوێ و شەری هۆمل بوون. دەستەیەک پێشمەرگەی ٢٥ کەسی لە هۆملی ناوچەی ئالانی سەردەشت لە بەرامبەر ٥٠٠ کەس لە هێزەکانی پێک هاتوو لە ئەرتەش و جاش و سیخوری حکوومەتی زاڵمی پەهلەوی بە فەرماندەهی خۆفرۆشانی وەک چیچۆ و سەروان مەحموودی شەریان کرد و ١٦ کاتژمێر گیان فیداییان لە خۆیان نیشان دا و کەلاکی ٤٩ کەس لە بەکرێگیراوانیان خستە سەر عەرز، لەم شەرە قورسە دا تەنیا پێشمەرگەیەک بە ناوی عەولای حەمە گۆزەڵەی ناسراو بە "سەلیم" خەڵکی گوندی وەڵیو بە پرینچکی تاشە بەردێک چاوێکی بریندار بوو و دوایەش بە داخەوە چاوی لە دەست دا، ناوبراو ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە ناو شاری سەردەشت چوو ناو ڕیزی شەهیدانی گەل، کە وابوو ڕاستە مەلا ئاوارە گیرا و شەهید کرا، داخی گەورەی لە سەر دڵی هەموو لایەک دانا بەڵام شۆڕش و ئامانجەکانی مەلا ئاوارە نەمردن و پاش شەهید مەلا ئاوارەش بە






دەیان و سەدان کەس لەو ناوچەیە بوونە پێشمەرگە و یا لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی دا کاری شۆرشیان بەڕێوە دەبرد و بە خوێنی خۆیان مان و کەرامەتی کوردیان پارستووە.

پرسیار : سەبارەت بە شێعر و نووسینەکانی مەلا ئاوارە

وەڵام : سەرەتا بەشێک لە شێعرەکانی ئاوارەم لە حوجرەی فەقێ یان گوێ لێ ببوو، و دوایەش بەشێکی دیکەی شێعرەکانی کە لە کاتی مانەوەی دا لە ژێر دار و لێرەوارەکانی کوردستان دا نووسیبوونی بە گوێمان گەیشتن، بە داخەوە ئێستا هیچ شێعرێکی مەلا ئاوارەم لە بەر دەست دانییە، بەڵام شێعرەکانی مەلا ئاوارە ڕووحیان وەبەر مرۆڤی نیوەگیان دێنایەوە، شێعرەکانی نیشتمان پەروەرانەن و ئەو کات ماڵە و ماڵ دەگەڕان و وێردی سەر زمانی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ بوون، دوای شەهید بوونی مەلا ئاوارە، زۆربەی شێعرەکانی لە لایەن پێشمەرگەیەکی ئەو کات بە ناوی عەبدوڵڵای مینای خەڵکی بێژوێ بوو.


پرسیار : پێت خۆشە لە دوایین وتەت دا چ بڵێی؟

وەڵام : لە کۆتایی دا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی شەهید مەلا ئاوارە و دوو پێشمەرگەی هاوڕێی و هەروەها هەموو شەهیدانی ساڵانی ٤٦ ، ٤٧ی هەتاویی و تێکرای تێکۆشەران و ماندوو نەناسانی ئەو کات و ئێستای گەلەکەمان و سوپاسی جەنابت دەکەم و هیوادارم کە لە کارەکانت دا سەرکەوتوو بی.

منیش سوپاست دەکەم.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

## وتووێژێک لە گەڵ مامۆستا مەلا عەزیز سەبارەت بە مامۆستای نەمر شەهید ئاوارە



بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی مامۆستای نەمر شەهید ئاوارە، وتووێژێک لە گەڵ مامۆستا مەلا عەزیز ئەندامی لە مێژینەی حیزب دێموکرات کوردستانی ئێران پێک دێنم کە سرنجی ئێوەی بەڕێزی بۆ ڕادەکێشم.
ئامادە کردنی: زاهید شاعیری شڵماشی

پرسیار: بەڕێز مامۆستا عەزیز ئەو کاتەت باش و ماندوو نەبی، سەرەتا بە کورتی خۆت بە خوێنەرانمان بناسێنە.

وەڵام : زۆر سپاس بۆ تۆ و بەرپرسی ماڵپەری گیارەنگیش کە ئەو شانازیەتان بەمن بەخشی کە لە سەر شەهیدی مەزنی میللەتەکامان مامۆستا ئاوارە قسەبکەم، من ناوم عەزیزە ناسراو بەمەلا عەزیز خەڵکی گوندی کونەمشکێی سەر بەشاری سەردەشت، هەر لە ساڵی ١٣٤٣ وە بەشانازیەوە دەڵێم ئەندامی حیزب دێمۆکرات کوردستان و شاگردێکی ناشیاوی مامۆستای شەهید ئاوارە بووم.

پرسیار : بەڕێز مامۆستا دەکرێ پێمان بڵێی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بۆ یەکەم جار چاو پێکەوت؟

وەڵام : بۆ یەکەم جار ئاوارەم لە گوندیکی ناوچەی سەردەشت بە ناوی دارمەکۆن دیی کە لە گەڵ مەجموعەیەک فەقێیان بوو و قسەی بۆ دەکردن لە ڕاستیی دا ئەو کات من ڕادەی زانیاریم زۆر کەم بوو، بەڵام کوردێکی حیزب دۆست بووم و ئەم شتانەم یەکجار پێ خۆشبوو کە مامۆستا ئاوارە باسیی دەکرد، باسەکانیی مامۆستا لە ڕاستیی دا ئەوەندە دڵ نشین و بەدڵیی فەقێکان بوو کە فەقیکان بەجۆرێک لە دەوریی کۆببونەوەو بەتامەزرۆیەوە گویان بۆ وتەکانیی شل دەکرد هەر وەکوو ئەوەی گوێ بدەنە دەرسەکانیان لە لایان مامۆستاکەی خۆیانەوە.

پرسیار: مامۆستا گیان جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و جێگای تایبەت بە خۆی هەیە، لەو خەباتە نابەرامبەرە دا بە داخەوە پۆلە پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری ئەو کاتی حیزب و یەک لەوان مەلا ئاوارە شەهید بوون، دەکرێ لەو پەیوەندیە دا و بە تایبەت لە سەر مەلا ئاوارە زانیاریمان پێ بدەی؟

وەڵام : جولانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ لە ناوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک شارەکانی مهاباد، سەردەشت، شنۆ، پیرانشار، بۆکان و بانە سەریی هەڵدابوو، بەداخەوە ئەو








خەباتە ڕەوا و بەر حەقە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی جوغرافی دابوو، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە، پێشمەرگەکان وەزعیەتێکی تایبەتیان بۆ هاتبوە پێشێ و ناچار بوون کە بگەڕێنەوە ناو باوەشی خەڵک و ئەو وەزعیەتەی تایبەتیەی بەسەریان داسەپا بوو ناچاریشی کردبوون کە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و پاشان چەکداری خۆیان دەست پێ بکەن، هەروەها لە کاتیی جوڵانەوەکانی ٤٦ ، ٤٧ دا بەشێکی زۆر کەم پێشمەرگە هەبوو کە بەداخەوە ئەوانیش نە چەک و تەقەمەنیان بە ئەندازی پێویست هەبوو کە بتوانین بەربەرەکانی پێبکەین و نە ئیمکاناتێکی بەو شێوەیەی مادیش و نە پشتیوانی سەرەکی هێزی پێشمەرگەش واتە کۆمەڵانی بەشەرەفی گەڵ بەتایبەت چینی هەژار و گوند نشینانی کوردستان باریی ژیانیان ئەوەندە باش بوو، ڕێژیمی سەرکوتگەری پاشایەتیش بەحەدێکی یەکجار زۆر بەهەموو توانایەوە فشاریی هینابوو بۆ سەر حەشارگەو بنکەکانی هێزیی پێشمەرگە، بە داخەوە ئەوە بوو بەهۆیی ئەوەی لە زۆر شویندا وەک سەردەشت، مهاباد، بانە و پیرانشار و زۆرشوێنی کە تێکۆشەرانی حیزب دمکرات گیانیان فیدای ڕزگاری گەلەکەیان کرد کە شەهید ئاوارە یەکێک لەوانبوو.

**پرسیار : بەڕێز مامۆستا ئەگەر بکرێ لە سەر شێوەی ئێعدام کرانەکەی باسێکمان بۆ بکەی و لە هەمان کاتدا کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەراندا؟**

**وەڵام :** لە ڕاستی دا گیرانی مامۆستا ئاوارە بوو بە تازیە لە سەرانسەری ئەو ناوچەیەی کە خەباتی تازەی هێزی پیشمەرگە گرتبوویەوە بەتایبەت خەڵکی سەردەشت و دەوروو بەری، خۆشەویستی ئاوارە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک دا گەیشتبوە ئەو ڕادەیە کە جارێک دۆستێک بەمنی گوت: پێموایە دوژمنیش مامۆستا ئاوارەی خۆش دەوەیست، کە دوژمن مەبەستی لە چلپاوخوران یا بەکرێگیراوانی ڕێژیم بوو، مامۆستا ئاوارە بێجگە لەوەی ئینسانێکی کورد و حیزبی بوو، مرۆڤێکی بە تەواو مانای مرۆڤ دۆستی مرۆڤ دۆست بوو، مامۆستا ئاوارە مرۆڤێک بوو، نەیدەویست هیچ کام لە ئینسانەکان تۆشی نارەحەتی و کویرەوەریی ببن، مامۆستا ئاوارە دژیی هیچ نەتەوەیەک نەبوو بە تورک و فارس و عەرەبیشەوە، مامۆستا ئاوارە ئارەزووی بوو و هەوڵیشی بۆدەدا، هەموو نەتەوەکان تەنانەت داگیرکەرانی کوردستانیش بە ئاشتی و برایانەوە دوور لە شەڕو دەمارگرژیی بژین، ئاوارە ئەو تایبەتمەندیانەو چەندین تایبەتمەندی کەشی تێدا بەدیی دەکرا بۆیە لەدەستدانی خەمیی تێکڕای کۆمەڵانی خەڵک بوو بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، لەسەروی هەموویانەوە ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب دێموکرات، جێگای داخە ئەوەی دەڵێم: بۆ ماوەیەکی زۆر دوای لەدەست دانی ئاوارە پێشمەرگەکان وەک مەڕی بێ شوانیان لێهاتبوو، لەدەست دانی ئاوارە بوو بەهۆیی ئەوەی بۆماوەیەک کاریی تشکیلاتی ڕاوەستێ، داخی لەدەست چوونی ئاوارە ئەوەندە لەسەر دڵی گەلیی کورد گران بوو دوایی تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە دا ئەوانەی ئاوارەیان لەداو خست ئێستاش لە لایان خەڵکەوە نەفرین دەکرین و ئەو کردەوە چەپەڵەیان بۆتە مۆرکێکی ڕووڕەشی و بە تەویڵیانەوە دیارە، بەداخەوە دەبێ بڵێم: بریا کورد بەهەزارانی وەک ئاوارەی هەبا، تا ئێستاش ئەمن تێکۆشەرێکی وەک ئاوارەی شەهیدم نەدیوە لەناو حیزب دێموکراتی کوردستاندا کە تێکڕای خەڵک و هەموو ئەو خەڵکەی لەدەوروو بەریەتی لێی ڕازیبن،

**پرسیار : ڕادەی زانایی و هەڵسوکەوتی مەلا ئاوارە لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟**

**وەڵام :** لە بارەی زانیاری مامۆستا ئاوارە: مامۆستا ئاوارە لە حوجرەی فەقییان دەرسی خوێندبوو و مەلایەکی ئاینیی بوو، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورت دا کە لەبنکەی سونێ دەژیا بە متالعە کردن و خوێندنەوەی کتێب و بابەت گەلی سیاسی وای خۆ پێگەیاند کە لە باری زانیارییەوە وەپێش ڕێبەرانی حیزبی کەوتەوە، ئاوارەی شەهید لەو هەل و مەرجە سەختەی خەباتدا هیچ کاتێک لە موتالعە و خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و بردنەسەری ڕادەی زانیاری خافڵ نە دەبوو، هیچ کاتێکی خۆی بە فیڕۆ نەدەدا.

**پرسیار : شەهید مەلا ئاوارە مرۆڤێکی رووناکبیر و شۆڕشگێر بوو، ناوبراو کۆمەڵێک شێعری ئەدەبی و شۆڕشگێری لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون، شێعرەکانی لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێن؟**


**وەڵام :** شێعرەکانی مامۆستا ئاوارە هەڵقوڵاوی سەرچاوەی بیر و باوەڕی مامۆستای شەهید بوون، مامۆستا ئاوارە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی باش دەناسی لە ژیان و ئازارو مەینەتیەکانییان شارەزابوو تەنانەت دەیزانی کە دەبی ژنانی کورد چۆن مناڵەکانیان پەروەردەبکەن و چ جۆرە لایلایەیەکیان بەگویی کۆرپەکانیاندا بخوێنن، هەر وەکوو

یەکێک لە شێعرەکانی مامۆستا ئاوارە (لایەلایە) یە.

هەر وەک لە بەشێک لە شێعری لایە دا دەڵێ :

| | |
|---|---|
| هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە | بنوو درنگە تاقانەی دایە |
| کورم تۆ کوردی تۆ بێچوە شێری | نەتەوەی کاوەی ئازا و دلێری |
| باب و باپیرت خزم و کەس وکار | زۆریان کێشاوە مەینەتی وئازار |
| بۆ پارێزگاری نامووس و ماڵیان | قەت نەوەستاوەدەست وگۆپاڵیان |
| تۆش وەک ئەوان بە نەترس و نەبەز | بازی کێوی بە نەک کەوی قەفەس |
| هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە | هیوای دوا ڕۆژم لە دەست تۆ دایە |

بەڕای من گەورەی و کوردپەروەری و شارەزای ئەدەبی و دڵسۆزی بەرانبەر بە نەتەوەکەی و هەست کردن بە زوڵم و زۆریەک کە لە لە لایان ڕێژیمی دژیی بەشەری پاشایەتیەوە لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکران تێکرا لە هەڵبەستەکانیدا دەردەکەوێت، یا باشتر وایە بڵێم بە لای منەوە شێعرەکانی لایەلایە، توتنەوان و کوردم کوردستانم دەوێی گەورەترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی بۆچونەکەم، شێعرەکانی مامۆستای شەهید مەلا ئاوارە سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمێکی وادا دەنوسران و بڵاو دەکرانەوە کە بەداخەوە ڕادەی زانیاری و خوێندەواری خەڵکی کوردستان زۆر لە حاستێکی نزم دابوو، هەموو خەڵک کەڵکی لێ وەردەگرت، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، چونکە هەمویان خۆیان و دەرد و ئازارەکانی خۆیانیان تێدا دە دیەوە، هەر بۆیە زۆربەی نەخوێندەوارەکانیش تەنیا بە گوێ لێ بوون جا چ لە زاری خۆی مامۆستا و چ لە دەمی خوێندەوارێکی کە بیان بیستایە هەر زوو لە بەریان دەکردن.



پرسیار : من لێرە دا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم، بەڕێزتان ئەگەر شتێکتان لەو پەیوەندی یە دا ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

وەڵام : سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم کە ئەوە هەلەتان بۆمن ڕەخساند و ئەو شانازیەتان بەنسیب من کرد کە باسی مامۆستای هەردەم زیندوو ئاوارەی شەهید بکەم چون بەڕاستی من خۆم بەشیاوی ئەوە نازانم کە لەسەر کەسایەتی شەهید ئاوارە قسە بکەم ئەگەر ئێستا ئاوارە مابا بێگومان یەکێک لە گەورە ڕێبەرانی گەلی کورد دەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێبەرەشمان لەکیس چوو، لە سەریەک دەتوانم ئەوە بڵێم کە میللەتی کورد جارێکی کە نە پێشەوا قازی دەبێتەوە نە ئاوارە نە قاسملوو شەرەفکەندیشی دەبنەوە.

زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازین، بەو هیوایەی ئاواتەکانی شەهید ئاوارە و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و بەڕێزیشتان و تێکرای گەلی کوردستان بێتەدەی و ڕوحی شەهیدەکانمان بەتایبەت شەهید ئاوارەش شاد بێت.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

سڵاو لە شەهید ئاوارە و هاوڕێیانی






## کورتەیەک لە سەر شەهید مەلا ئاوارە




لە لایەن مامۆستا ئەبوبەکر فەلسەفی کادری هەڵسوور و چالاکی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی.

ئامادە کردنی: ڕەحمان خالید نژاد

مەلا ئاوارە تا ئەو کاتەش ئەندامی هیچ سازمان و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو هەستی کوردایەتی و سۆزی نیشتمان پەروەری دەستی پێ لە فەقێیەتی و خوێندنی ئاییینی هەڵگرتبو، لە ژێر کاریگەری شۆڕشی کوردستانی عێراق و ڕاپەرینە جەماوەریەکەی دا خۆی گەیاند بۆ (ماوەت)

**پرسیار : بەڕێز مامۆستا فەلسەفی سەرەتا چۆن لە گەڵ مەلا ئاوارە ئاشنا بووی و جەنابت تا چ ڕادەیەک ئاگاداری کارو تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی؟**

**وەڵام :** لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ماڵی ئێمە لە گوندی "ئاوکورتێ" لە ناوچەی ماوەت بوو، من لەو کاتەدا بێجگە لەوەی کە مەلا و دەرسوێژی ئاینی گوندەکە بووم، بەرپرسی کۆمیتەیەکی بەرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش بوم بە نێوی (م- ب- س) ئەو مەڵبەندە کارو باری تەشکیلاتی و ڕێکخستنی ناوچەکانی مەریوان، بانە، سەقز، سەردەشتی بە ئەستۆوە بوو.

ئەندامانی بەر چاو و بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بریتی بون لە کاک ڕەشید ئەحمەدی (ڕەشیدخانی کیوەڕۆ) عەبدوڵا نەعلبەندی، و...

مەڵبەندی(م- ب- س) بە چاوەدێری مادی و ڕاوێژی مەکتبی سیاسی پارتی بەڕێوە دەچوو.

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی هەمان ساڵ دا(١٣٤١) لە دیدەنی و سەردانێکی من بۆ بارەگای پارتی کە لە نێزیکی گوندەکەمان بوو، بۆ یەکەم جار شەهید مەلا ئاوارەم چاو پێکەوتوو یەکترمان ناسی.

شێوەی ناسینەکەمان بەم جۆرە بوو: کە من لە گەڵ زیندەیاد (نوری ئەحمەد تەها) لە میوانخانەی مەکتەب دانیشت بووین باسمان لە شێعری عەروزی و شێعری نوێ دەکرد، کە من لایەنگری شێعری عەروزی و ئەویش شێعری نوێ و بێ وەزنی پێ چاک بوو. کوڕێکی لاوی شێوە فەقێ لەو لامان دانیشتبوو، تفەنگێکی ١١ تیری لە پەنا خۆی هەڵپەسارد بوو، زۆر بەتامەزرۆییەوە گوێی بۆ وتووێژەکەمان ڕاگرتبو، لە ناکاو هاتە پێش و گوتی ئەگەر ئیجازەم بدەن منیش رای خۆم لە بارەی ئەم باسەوە دەر دەبڕم، دیار بو کاک نوری دەی ناسی و گوتی فەرمو کاک مەلا بزانم تۆ دەڵێی چی؟ کورەکە بە زمانێکی ڕەوان و شیرین بەرگری لە شێعری کێش داری عەروزی کرد و بوو بە پشتیوانی بۆچونەکانی من، لە گەرمەی باسەکەماندا کاک نوریان بانگ کرد کە بچێت بۆ مەکتەبی سیاسی، من و کوڕە گەنجەکە هەروا باسەکەمان تاووتوێ دەکرد کە لە دوایی دا لێم پرسی ناوت چیە؟ خەڵکی کوێی؟ لێرە چ دەکەی؟

گوتی ناوم ئەحمەدە فەقی بووم خەڵکی گوندی شلماشی لای سەردەشتم، کارەکەشم ئەوە دەبینی کە پێشمەرگەم. ئەویش پرسیاری ناوو نیشانی منی کرد کە خۆم ناساند، گوتی لە مێژە هەوڵدەدەم بت بینم جارێکیش هاتم بۆ ئاو کورتێ جەنابت لە ماڵ نەبووی شەو لە حوجرەی فەقێیەکانتان میوان بوم.

گوتم دەی باشە کاک مەلا ئەحمەد ئەوە ئێستا لە خزمەتدام بەڵێن بدە پێکەوە بچین بۆ ماڵی ئێمە، دیار بو زۆری پێ چاک بوو، گوتی جا دەبێ بچی مۆڵەتم بۆ وەر بگری، ئێتر من چووم بۆ لای عەلی مام ڕەزا کە فەرماندەی پێشمەرگەکانی مەکتەبی سیاسی بوو، بەرگەی دوو ڕۆژ مۆڵەتم بۆ وەرگرت و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا بەرەو گوندی ئاوکورتێ و ماڵی ئێمە وەڕێ کەوتین، ماوەی ڕێگاکەمان کەمتر لە دوو کیلۆمیتر بوو.

لە ماوەی دوو ڕۆژ مانەوەی مەلا ئەحمەد لە لای ئێمە لە بارەی وەزعی ئەو دەمانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە بارەی کاریگەری شۆڕشی کوردستانی گەرمێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە بارەی زیندە یاد کاک ئەحمەد تۆفیق و جۆری هەڵسوکەوتی ئەو ڕۆژانە و لە بارەی چۆنایەتی پێک هێنانی مەڵبەندی (م-ب-س) و زۆر باسی دیکەمان تاوو توێ کرد.

شەهید مەلا ئاوارە پێشنیاری کرد کە وەک هاورێیەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مەڵبەندی(م- ب- س) دا ببێتە هاوکارمان، من زۆرم بە لاوە چاک بوو زۆریشم پێ خۆش بوو بەڵام بە تەنیا ڕێگەی بڕیار دانم نەبوو، دەبوو لە گەڵ کاک ڕەشیدی ئەحمەدی و هەڤاڵانیتر باس و پرس بکەم .

مەلا ئاوارە تا ئەو کاتەش ئەندامی هیچ سازمان و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو هەستی کوردایەتی و سۆزی نیشتمان پەروەری دەستی پێ لە فەقێیەتی و خوێندنی ئاییینی هەڵگرتبو، لە ژێر کاریگەری شۆڕشی کوردستانی عێراق و ڕاپەرینە جەماوەریەکەی دا خۆی گەیاند بۆ (ماوەت) و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کردبوو. هێشتا دوو حەوتو لە پێشمەرگایەتیەکەی تێپەڕ نابێ کە دەبێتە خۆشەویست و باوەر پێکراوێکی پتەوی فەرماندەی هێزی خەباتی ئەو کاتە کە شەهید عەلی عەسکەری بوو.






دوای ماوەیەک بۆ پارێزگاری لە بارەگەی مەکتەبی سیاسی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، وەک پێشمەرگەیەکی باوەڕ پێکراو و متمانەدار، دەی نێرنە گوندی (عیساوێ) کە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لەو گوندە بوو.

بە هەر حاڵ بۆ بەیانی رۆژی سێهەم کە دەبوو مەلا ئاوارە بگەڕێتەوە بۆ مەکتەب منیش هاوڕێیەتیم کرد، هێشتا لە گوندەکە نەچوبوینە دەر کە لە گەڵ مامۆستای نەمر ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری ئەو دەمی پارتی و پارێزەرەکانی روبەرو بووین کە ئەوانیش دەچوونەوە بۆ مەکتەبی سیاسی .

ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هەر لە گوندەکەی ئێمە نزیکەی دوو سەد مترێک بەولای لە نێو باخێکی گوندی (ئاوکورتێ) دا خانوێکی کاتیان بۆ دروست کرد بوو، ماڵ و منداڵەکانی لەو خانوە دا بوون، مامۆستاش زۆربەی ئێواران لە مەکتەبەوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە و بەیانیش وێرای پارێزەرەکانی دەگەڕایەوە بۆ مەکتەبی سیاسی.

ئیتر لەگەڵ مامۆستا بووینە هاوڕێی ئەو ڕێگایە، بەدەم ڕێگە ڕۆیشتنەوە باسی مەلا ئاوارە و هاتنی بۆ نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوکاری لە گەڵ مەڵبەندەکەمانم بۆ مامۆستا گێڕایەوە، کە زۆر بەلایەوە پەسەند و چاک بوو، ئێستە کە گەیشتینەوە مەکتەب لە گەڵ هەڤاڵانی پەیوەندیدار باسەکە بکەن و منیش زۆرم پێ باشە.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە گەڵ هەندێک لە سەرکردایەتی پارتی باسەکەمان کردەوە، ئیتر زیندە یاد مامۆستا نوری سەدیق شاوەیس پێی گوتم با مەلا ئاوارە لە گەڵ تۆدا بێت و پرس و ڕاو و کۆبونەوەتان لە گەڵ مەڵبەندی(م- ب- س) پێک بێنن جا ئەگەریش موافەقەت نەکرا با بگەڕێتەوە لای مەکتەب.

ئیتر دووبارە لە گەڵ مەلا ئەحمەد گەڕاینەوە بۆ ماڵی ئێمە، دوای دوو ڕۆژ چووین بۆ گوندی (بێورێ) لە ناوچەی سیوەیل کە بارەگاکەی (م- ب- س) لەو گوندە بوو.

کاک ڕەشید خانی ئەحمەدی و عەبدوڵا سەدیق لە ئەندامانی مەڵبەند لە بارەگاکە ئامادە بون مەلا ئاوارەم پێ ناساندن زۆریان پێ خۆش بوو.

نزیکەی دوو ڕۆژ هەروا لە بارەگای مەڵبەند ماینەوە، لەو ماوەیەدا بڕیارماندا کە مەلا ئاوارە ببێتە بەرپرسی تەشکیلاتی ناوچەی سەردەشت ئیتر لەوە دوا مەلا ئاوارە تاوی دایە ڕێکخستن و تەشکیلاتێکی زۆر ئازایانە و بوێرانە، نەهێنی کاریەکانی تەشکیلاتی ئەو ئازیزە سەرسوڕ هێنەر بوو.

مەلا ئاوارە یازدە مانگ لە گەڵ ئێمە مایەوە، کار و باری تەنزیمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە ناوچەکانی سەردەشت دا بە ئەستۆوە بوو.

لەو دەمانە دا مەلا ئاوارە وەک کەسایەتیەکی سیاسی بە نێو بانگ نەناسرا بوو، بەڵام جۆری هەڵسوکەوت و وتووێژی لە گەڵ خەڵکیدا وەها سەرنج ڕاکێش بوو کە لە دڵان دا جێی خۆی دەکردەوە و خۆشەویستی لای هەموو دۆستان و یارانی بوو.

مەلا ئاوارە کوڕێکی هێور و هێدی و لەسەر خۆ بوو، کوڕێکی ئەدیب و نوکتەزان و شیرن زبان بوو.

روحی شادو ڕێگەی پڕ هەموار

ئامادە کردنی: ڕەحمان خالیدنژاد

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٩ی جوولای ٢٠٠٧

## بۆ مامۆستای شەهید مەلا ئاوارەی نەمر



پارچە پەخشانیک بە بۆنەی ١٠ی مای ڕۆژی لە سێدارە دانی شەهید مەلا ئاوارە و هاورێ نەمرەکانی .

نوسینی : زاهید شاعیری

* * * * *

زستان بە ڕاستی زستان بوو ،دوای چەندین ڕۆژ کرێوەو بۆران ،خۆریکی جوان لە ئاسمان بو ،بەر بەرۆچکەی کۆڵانی دێ، کۆڕی تاقمێک پیرەپیاو بو ناوئاخنی وتووێژیان هەروەک سەدان جاری پێشوو سکاڵا لەدەست ژیانو بێبەزەی ودرندەی دوژمنان و هەڵوێست گرتنی میرانەو نەبەزانەی لاوان و ڕاپەڕینوو بەرخۆدانبوو،بەروو بوی بێستانی باسیان ڕێژنەی فرمێسکی جاوانوو لە دڵەوە ئاخ هەڵکێشانبوو .

هاوکات لە گەڵ باسەکانیان . بە دەنگێکی پڕ پەرۆشی دەیانگوت :

- سەدمەخابن بۆ شەهیدان






- هەر باکیشیان نەبوو لەدار
- پەک حەیفت کرد ئاوارەگیان .

ئاوارە .! ئاوارە دمێک بوو بۆم ببوە دەریای پرسیارو کەوتبوومە ناوی،بۆ دەربازبوون لە دەست شەپۆلی نەزانی ،هانام بردە بەر باپیرم ،گوتم : تۆ باشترین گەمیەوانی لەم گێژاوە نەجاتم دە گەر دەتوانی، پێم بێژە کێیە ئاوارە ؟ دڵی گشت بۆی لە ئازارە .

جوابی دامەوە باپیرم :

گوێگرە ئەی رۆڵەی ژیرم، بزانە کێیە ئاوارە ؟ هەرچی کوردە بۆی غەمبارە ،لە کاتێکا کە شای جەلاد ،درێژی کردبوو دەستی بێداد لەسەرتاپای هەمووەڵات ،بە تایبەت لەو کوردستانە زوڵمی دەکرد بێ بەهانە ،وا بای ببون دەرەبەگ بە پشتیوانی ئەو، وەک سەگ خەرمانیان لێ بەش دەکردین ماڵیان بەتاڵان دەبردین . هاوین ، زستان ، پایزو بەهار، ڕایان دەکێشاینە بێگار، مزگەوتێکیان دەکرد بەدوان، ئیی هەژاران بۆ حیبادەت،ئیی ئەوانیش بۆ جندرمان،ئەو زاڵمانە دەیان هەویست، چونکە ئازادیمان دەوییست ، هەتا بتوانن قڕمان کەن زیندانەکانمان لێ پڕکەن،ڕاست ببین بەکۆیلەی ئەوان هەرچیان گوت : بڵێین بەچاوان، زوحاکی زەمانەبون هاودەستەکانی لەگەڵ شا،لەجارەگۆڕیینی چاتر،بە سەدان کاوە خرۆشا یەکێک لەوان ئاوارە بوو، خوێندواروو کارامەبوو، لەڕێگەی خەبات پێشەنگ و لە دڵی وەرزێردا پاڵە بوو، وەک شێر دژی زوڵم ڕابو، بە کورەی شێعرو چەکوچی چەک،کۆشکی بەخوێن مژان کرد تەنگ .
بەکەم تێم بگە بۆت نالێم زۆر، ئاوارە بۆ کورد بوو بەخۆر، خۆری هیوای هەموو وەڵات لە چەنگەی شەوەزەنگ هەڵات،شێرانە لەشا ڕاپەڕی، جەرگی نەیارانی بڕی بۆ ڕاوی مامزی ئازادی ،بوە ڕێبواری ڕێی بێ مرادی وازی هێنا لە ئاوایی بوو بە هەڵۆی تیژی چیایی بە جێی پوڵوو پارەو سامان چەکی شەڕەفی کردە شان، پشت لەشاران ڕو لەکێوی تا ڕێگەی شۆڕش بپێوی تاکوو مافی گەلەکەمان گەلە ژێر چەپۆکەکەمان ،لەشەوانی دژی ئینسان بستێنێ شورەی بەرزی زیندانەرکان بڕوخێنێ،نەورۆزێکی نوێی ئازادی دوای سەدان ساڵ بێمرادی بۆ کوردستان وەدی بێنێ .
بۆگەیشتن بەو مەبەستە، زریان تۆفان ، بە هەزاران بەڵای سامناکو بێ ئامان نەیان توانی بەربەستی کەن هیوای گەیشتن بەو مەنزڵگەی لە دڵ دەرکەن تۆزقاڵەیەک ورەی کز کەن . خەباتی کردبوە شایی لە چۆلو لە ئاوای سەرچۆپی ڕەشبەڵەکی گرت چونە دەست یەک درشتوو ورد،گۆرانیشی ئاوادەگوت : بۆیە گۆڤەندیی سەری گرت .

## کوردم کوردستانم دەوێ [١]

کوردم کوردستتانم دەوێ      هەدا نادەم ڕۆژو شەوێ
خۆ م بسرەوم دڵ ناسرەوێ      تاکو هەلم دەست دەکەوێ
دنیا گشتی سەرێک کەوێ      لێم ببڕن خۆراکوو خەوێ
کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تاکوو قۆناغی سەربەستی      ئەسپی خەباتم ناوەستی
تادەرنەچم لە ژێردەستی      نامهەوێ سەرمایەی هەستی
مەرگ نەک ژینی ژێردەستی      کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
بۆ ئازادیو خودموختاری      بۆ سەربەخۆیو ڕزگاری
بەسەر بەرزیو بەختییای      بەگیان دەکەم فیداکاری
تادەبڕم کلکی زۆرداری      کوردم کوردستانم دوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
کلکی زۆردار دەقرتێنم      قەڵای سەختی دەروخێنم
بەردی بناخەی دەردێنم      وەک دێڵە سەگ دەیتۆپێنم
کەنەشتۆپا دەی ڕەتێنم      کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
دەی ڕەتێنم تا کێوی قاف      جیهانی پێدەکەم تەواف
بەبێ گاڵتەو لاف و گەزاف      شەرتە نەکەم وعدە خیلاف






یا بمرم یا بستێنم ماف    کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
دەستێنمەوە مافی خوراو    بۆ نیشتیمانی بەش کراو
هەزاران دایکی زگ سوتاو    هەزاران لاوی سەربڕاو
دەژینمەوە وەک گوڵ بەناو    کوردم کوردستانم دەوێ
هوای بەرزم قەت نانەوێ
من ناهێڵم نەسلی بەدکار    وەکوو هەڵو دەکەومەکار
بچتە ئاسمان نایکەم قووتار    لەژێر زەوی بۆی دەچمەخوار
لێی ناهێڵم یەک جوقەوار    کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
جوقەواری لێ ناهێڵم    وەڵاتی پێ بەجێ دێلم
خاکی خۆم بۆ خۆم دەکێڵم    سودی بزنو ، مەرو چێڵم
چی دی نایدەم بەفرۆفێڵم    کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تاکەی خەزێنەو نەوتەکەم    بەبووکوکۆڵەو فیت فیتە دەم
خەڵک شادو من دڵ بەخەم    لەسەر گەنجی و وڵاتەکەم
خاکی خۆشم ئاوارەکەم    کوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

بەڵێ ڕۆڵە،

کاتێ زانیان شەوەکانی دژی ئینسان بە پێنوسوو لولەی تفەنگ کۆشکەکانیان پێ دەکات تەنگ بە نوسراوەو بەهەڵبەستی،جوان دەردەبڕێ مەبەستی خەباتی کردۆتە شای لەشارو لەئاوای، لەدۆڵوو چیای کوردستانا، لەگەرمێنو لەکوێستانا، لەدەوری سەمفۆنیایی چەک گەنجوو پیر دەگرن ڕەشبەڵەک دڵنیابون هەلپەڕکەی ڕەوای سەردەگرێ درەنگ یازوو ،گشت کوردستانی دادەگرێ، کاتێ زانیان قەڵاکانیان دەڕوخێنێ، گاڵتەیان لەگەڵدا ناکات مافی گەلیان لێ دەستێنێ، بڕیار درا لە تارانا، لە کانگای زوڵموو تاوانا خۆری بونی لە ئاسۆی ژین بەگێژەڵوکەی رقوو قین بەیەکجاری وەکوژێنن ئاواتی لەمێژینەی دەیان ملیۆن ڕوتوو برسی لەگێژاوی پیلانێکی نوێی دیکەدا بخنکینن،بە تەویابون ئاوارەکان ببرنەوە ،شوێنەواری ئەو خەباتە بسڕنەوە، لە پیلانێکی گڵاوا لەگەڵ چەند،تێکۆشەری کە ئاوارەیان کرد بەداوا، لەبەر چاوی چەند هەزارا ئەوانیان کرد بەدارا، پردی ئاواتمان ڕما لەو ڕۆژەی ئاوارە نەما .

ئێستا هەرچەند ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو ڕۆژەدا گوزەراوە ،بەهەزاران بۆگەیشتن بەئاواتی وان شەهیدان، ڕاپەڕیون خوێنیان داوە،گیانیان داوە،لەپێناو ئەو هیوایە بۆ ڕوحوو ژیانی ئاسای هەیچ نرخێکیان دانەناوە.

بەڵام ئەمن بەقەد دڵیی پێشمەرگەیەک پڕ لە هیواو بڕواوە ڕوودەکەمە ڕووحی باپیرموو گشت دنیا دەڵێم ; نا وانیە، نا وانییە،دڵنیابن دڵنیا ، ئاوارە نەمردوەو ماوە زۆر لە ڕابردوو قایمتر، لە سەر زەوی هیوای پیرۆز ڕەگوو ڕیشەی داکووتاوە،لە دەفتەری بیرەوەری دڵی گشت کوردێکی ئازادی خواز ناوی بەنەمر نوسراوە .

[1] کوردم کوردستانم دەوێ،یەکێک لە هەڵبەستە بەرزەکانی مامۆستای شەهید مەلا ئاوارەی نەمرە .

ـ ئەم پەخشانە دوای تێپەڕ بونی ٢٠ ساڵ بەسەر فەرمودەکانی باپیرمدا نوسراوە، لە کاتی پشودانی هەرەوەزێکی گەورەی گوندێ ئاغەڵان کە سەروو بنی باسەکانیان بەهەمان شێوە تەرخانکرابوو بۆ داستانی ئازایەتی شەهید ئاوارە، بەلام ئەمجارە زۆربەیان لاو و بەورەیەکی بەرزەوە و بەوپەڕی هیوا بە وەدیهاتنی ئاواتە پێرۆزە کەی دەدوان .

پایزی ١٣٧٩ ی هەتاوی   گوندی ئاغەڵان ناوچەی سەردەشت

سڵاو له شه‌هید ئاواره و هاوڕێیانی






## وەسفی سەردەشت



بەشێک لە شێعری مامۆستا غەفوور دەباغی (حافز مەهابادی) لە سەر وەسفی سەردەشت، هەر لەم شێعرە دا باسێکی لە تێکۆشەری کورد و شۆرشگێری گەلەکەمان مامۆستا شەهید مەلا ئاوارە کردووە کە منیش پێم باش بوو کە ئەم چەند دێرە لە شێعرەکە جیا بکەمەوە و لە یادی شەهید مەلا ئاوارە دا بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەرێز. [ حەمە رەسووڵ کەریمی ]

ژن و پیاوی روناکبیرن بە هەستن تا بڵێی ژیرن
گەلێ پاکتر لە شیرن تاقمی لاوانی سەردەشتێ
هەموو چالاک و جوامێرن، بە ڕاوی دوژمنان فێرن
نەترسن تۆرمەی شێرن، کوڕ و کیژانێ سەردەشتێ
گەلێ خوێن گەرم و دڵ پاکن، غەنیمی زۆڵ و ناپاکن
لە شەر بێ ترس و باکن، تیپی خوێندکارانی سەردەشتێ
بە حیلم و حەوسەلە و سەبرن، لە کاتی هێرشا بەبرن
بە تاقەت وەک هوژەبرن، کۆمەڵی گەنجانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ فێرگەکان و خوێندەوارانی درشت و ورد
سڵاو بۆ جەمعی مامۆستا و قوتابییایەکانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ هێزی پێشمەرگە، کە بۆ دوژمن نیدای مەرگە
سڵاو بۆ گیان لە سەر دەست و فیداکارانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ گەنج و لاوی کۆڵنەدەر پارێزەری خاکن
سڵاو بۆ شۆڕشی کورد و خەباتگێرانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ گیانی ئاوارە، شەهیدی بەرزی ئەو شارە
لە رێی رزگاری گەل بۆتە، یەکەم قوربانی سەردەشتێ
لە لایەن عیدەیەک بێ ئابرووی ئەو سەردەمە گیرا
درا دەست دوژمنانی گەل، لە دیوالانی سەردەشتێ
دەست و پێی کەوتە زنجیر و خرا ژێر زەجرەبەو ئازار
گەلێ عازاب و رەنجی دی، لە ناو زیندانی سەردەشتێ
لە ئەنجاما شەهیدیان کرد و ئێستا گۆڕی پیرۆزی
زیارەتگای گەلی کوردە، لە گۆڕستانی سەردەشتێ
سڵاو بۆ هەر کەسێ گیانی بەخت کرد بۆ گەل و هۆزی
لە پێدەشت و چیا و کەژ، یا لە دارستانی سەردەشتێ


ئەم شێعرە یەکجار دوور و درێژە و منیش تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کە ئەو بەشەی پەیوەندی بە خۆراگری مەلا ئاوارە و پێشمەرگەوە هەبوو بخەمە بەر دەستی خوێنەران
٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاویی

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ٢٧ی جوولای ٢٠٠٧






# هەڵبەستێک بۆ شەهید مەلا ئاوارە



نووسینی: خالید حیسامی (هێدی)

شاعیری هێژا کاک خالید حیسامی (هێدی) کاتی خۆی لە سەرگیرانی مەلا ئاوارە هەستی خۆی لە هەڵبەستێک دا دەربری بوو، دوای بڵاو بوونەوەی ئەم هەڵبەستە، خەڵکی ناوچە بە دەنگ هەڵبەستەکەیان بۆ یەکتر دەخوێندەوە و بەم شێوەیە نەفرەتی خۆیان لە دامودەزگای پەهلەوی دەر دەبری.

هەڵکشا ئیتر ئەوە زەردەی خۆر      زەردەیان گرت پەمەیی و ئاڵ و مۆر
با لە پێ توونـد کەمەوە بەن کاڵان      لێرەوە سەربڕە بۆ "دیوالان"[1]
ڕێ دەگەڵ وەش گەلێ کەم مەودایە      هێندە باریکە دەڵێی هەودایە
من بە چالاکی کە وەک تاوێرم[2]      کە دەڕۆم لێرە شەقاو دەژمێرم
لە هەر ئەشکەوت و خڕێ ڕادەبرم      ڕادەوستم بڕێ هەست ڕا دەگرم
دیمەنی جوانە بەڵام وا دیارە      ڕێی مەترسی هەیە بۆ "ئاوارە"
تا بڵێی گوندێ بە داو و کەڵەکە      بەدەهۆن زۆر و بە فێڵ و تەڵەکە
حەوشەیان تۆڕن و ماڵیان بنەیە      هاندەری لێیە خەریکی دنەیە
زڕە کوردی وەکوو کەو[3] دەخوێنن      دەس و دل پیسن و دەم بە خوێنن
ناسرەون ساتێ نە ڕۆژێ نە شەوێ      بانگ دەکەن خۆیی ئەویش چەشنی کەوێ
دەیبەن و دەیخەنە داوی دوژمن      دێتە جێ مەرجی شەڕەف دۆڕاندن
کوردە بۆ یەک دەبنە نێچیروان      کورد نەبێ کێی‌ترە نێچیری وان
پەت و سێدارە ئیتر هەڵدەخرێن      لاوی تێکۆشەری پێ دا دەکرێن
جاڕ دەدەن جا هەموو گوند و گەڕەکان      بێن و ڕێیەک بخەنە "سەرکەنەکان"[4]
بێن ببینن کە شەهید "ئاوارە"      سەری چەند بەرزە لە سەر سێدارە
چۆن (حەمەد ئەحمەد و ڕەحمان وەتمان)      بۆ وەتەن مردن و سەریان نە چەمان
هێشتە هەروا لە گەلی و دارستان      دەگەڕێ دەنگی "بژی کوردستان"
گوند نیە بنکەیە بۆ ئاژاوە      خۆ فرۆشتن لەوێ ئێستەش ماوە
نەتەویی کوردن ئەگەرچی کوردن      لە بەرامبەر گەلی کورد ڕوو زەردن
نابێ دڵ خۆش بێ بەوە بێگانە      کوردی کوشتن ئەوە کوردستانە
تا پتر خوێن بڕژێ لەم ناوە      شۆڕشی گەورەتری بە دواوە

---

١- دیوالان: ناوی گوندێکەلە ناوچەی سەردەشت کە مەلا ئاوارە لەوێ دەس گیر کرا بە هۆی هێزەکانی میری

٢- تاوێر: ئەو بەردەیە کە لە سەر شاخەوە بەری ئەدەنەوە داوێنی کێو و جاڵەی ئەکەن سەرەو ژێر


٣- خەڵکی گوندی دیوالان بە درۆ نێوانی خۆیان ناخۆش کردو مەلا ئاوارەیان بانگ کرد کە گۆیا پێکیان بێنێتەوە، لە بنەوەش حکومەتیان ئاگادار کرد کە دەوری گوند بدا و دەس گیری بکا، بەم جۆرە گرتیان و دایانە دەس حکەمەت و دەگەڵ دوو هەڤاڵی‌تری لە سێدارە دران لە شوێنێک بە ناوی "سەرکەنەکان" لە ناوچەی سەردەشت

٤- سەرکەنەکان، ئەم شوێنە لە بەر شاری سەردەشت هەڵکەوتووە و کاتی خۆی ڕژیمی پەهلەوی ئێران، شەهید مەلا ئاوارەیان لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دیکە لەو شوێنە ئێعدام کردن.

* (حەمە ئەحمەد و ڕەحمان وەتمان)، ئەو دوو پێشمەرگەیە بوون کە لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە ئێعدام کران هەر دووکیان خەڵکی گوندی دیوالان بوون و ناوی ئەسڵیان مەلا کەچە "محەممەد ئەحمەدی" و ڕەحمانی حەمەدی وەتمانی چاوشین بوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٧ی جوولای ٢٠٠٧

# تاڤگەی شەڵماش




ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

r_neqsi@yahoo.ca